رووداو
RÛDAW
ژمارە (533) دووشەممە 2018/12/10 – 19ی سەرماوەز 2718 (750) دینار

### دوای مەرجدارکردنی فرەژنی...

# 27 هەزار کەس لە کوردستان ژنی دووەمیان هێناوە

**رووداو – هەولێر**

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پلان و ئامار لە ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان لە نۆ ساڵی رابردوودا زیاتر لە 27 هەزار کەس ژنی دووەم و سێیەم و چوارەمیان لە دەرەوەی دادگاکانی هەرێمی کوردستان مارە کردووە و دواتر گرێبەستی مارەبڕینەکەیان لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان پەسەند کردووە.

بەپێی ئامارەکە لە ماوەی 2009/1/1 تاوەکو 2017/3/30، لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک 364 هەزار گرێبەستی مارەبڕین تۆمارکراون کە 843 گرێبەستیان بەشێوەی یاسایی ژنی دووەم و سێیەمیان هێناوە. هەر لەو 9 ساڵەدا، 26 هەزار و 421 کەس لە دادگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ژنی دووەم و سێیەمیان مارە بڕیوە و لە دادگاکانی کوردستان پەسەندیان کردووە.

پارێزگای هەولێر بە 12 هەزار گرێبەستی هاوسەرگیری لە ریزی پێشەوەی پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی دەرەوەی دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا بووە. دوای هەولێر، پارێزگای سلێمانی دێت 7 هەزار و 235 گرێبەستی مارەبڕینی دەرەکی پەسەندکردووە، دادگای دهۆکیش کەمترین مارەبڕینی دەرەکی تێدا تۆمارکراوە کە 7 هەزار و 180 گرێبەست بووە.

«12



رەسمەن ئینفیسالی بوو

ئاکۆ محەممەد

18

داهاتی رۆژانەی گومرگی دهۆک- مووسڵ یەک ملیار دینارە

4



زریان رۆژهەڵاتی

بایەخی جیۆمیدیایی رووداو بۆ کوردستان

14

## پێش کۆتایی ئەمساڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێ

# "9 وەزارەت بۆ پارتی، 5 بۆ یەکێتی 3 وەزارەتیش بۆ گۆڕان"

3

### ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی: لەسەر بنەمای جوگرافیا دانوستاندن لەگەڵ پارتی دەکەین نەک کورسی

**رووداو– سلێمانی**

ئەندامێکی شاندی دانوستاندنکاری پارتی بۆ پێکهێنانی حکومەت رایگەیاند ئەمڕۆ دووشەممە شاندەکەیان کۆدەبێتەوە و دواتر سەردانی لایەنەکان دەکەن.

بەپێی ئەو خشتەیەی شاندی پارتی بۆ دانوستاندن لەگەڵ لایەنەکان دایناوە، دەیەوێ پێش کۆتایی 2018 دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرێ و دوای کۆتایی پشووی سەری ساڵ، کۆبوونەوەکان بۆ قسەکردن لەسەر وردەکاریی پێکهێنانی حکومەت دەستپێدەکەن.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) رۆژی سێشەممە شاندێکی پارتی بە سەرۆکایەتی ئازاد بەرواری سەردانی سلێمانی دەکەن و لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان کۆدەبنەوە.

ئەندامەکەی شاندی دانوستاندنکاری پارتی بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەو وردەکارییەی لەنێو خەڵک باس دەکرێ، هێشتا دەنگۆ و زانیاریی ناڕاستن و لەدوای دەستپێکردنی گفتوگۆکانەوە روون دەبێتەوە حکومەتی نوێ چۆن پێکدەهێنرێ".

بەڵام هێڤیدار ئەحمەد، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ پارتی شاندی دانوستاندن لەسەر بنەمای 50 بە50 رەوانەی لای لایەنەکان ناکات و کۆبوونەوەکان کراونەتە دوو پاکێج: "سەرەتا کار بۆ ئەوە دەکرێ پێش کۆتایی ئەمساڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت یەکلا بکرێتەوە، دواتر وردەکارییەکانی پێکهێنانی حکومەت دەبێتە پاکێجی دووەمی دانوستاندنەکان کە ئەویش لە دوای پشووی سەری ساڵەوە دەستپێدەکات".

هێڤیدار ئەحمەد، پەرلەمنتاری فراکسیۆنی پارتی، بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی دەڵێ "دابەشکاریی وەزارەتەکان بەشێوەیەکە: "پارتی 9 وەزارەت و یەکێتی 5 وەزارەت و بزووتنەوەی گۆڕان 3 وەزارەت و تورکمان و کریستیانەکانیش هەریەکەیان وەزارەتێکیان بەردەکەوێ، بەڵام هێشتا ئەوە روون نییە کە کام وەزارەتانەیە".

بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت دابەشکردنی پۆستەکان لەسەر بنەمای خاڵ لای ئەوان رەتکراوەیە: "ئێمە لەرێگای جوگرافیا و واقیعی دەسەڵاتی دوو پارێزگا کە رووبەری 625 کیلۆمەترە و زیاترە لەو رووبەرەی بەدەست پارتییەوە گفتوگۆ دەکەین، نەک ئەوەی چەند کورسیمان هەیە".



راپۆرتە هەواڵ 2

## سێ بەنداوی دهۆک مەترسیی رووخانیان لەسەرە



ژنان 12

## 37 پیاوان رێکخراوی ژنان بەڕێوەدەبەن

ئەدەب 4

## سینەمای تازیەبار



ئابووری 8

## ساڵانە بایی 17 ملیۆن دۆلار سۆبە دەهێنرێتە کوردستان



# حەشدی شەعبی لە مووسڵ "نووسینگەی وەرگرتنی سەرانە" دەکاتەوە

4



**رووداو – هەولێر**

پەرلەمانتارێکی سوننە، هێزەکانی حەشدی شەعبی لە مووسڵ بەوە تۆمەتبار دەکات کە نووسینگەی وەرگرتنی "سەرانە"یان لە مووسڵ داناوە. بەرپرسێکی شیعەش ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە، بەڵام سەرکردەیەکی حەشدی شەعبی لە مووسڵ ئەوە رەتدەکاتەوە و دەڵێت هەر کەسێک سەرانە وەربگرێ سەری دەشکێنم.

مەنسوور ئەلمەرعید، پەرلەمانتاری پارێزگای نەینەوا بە (رووداو)ی راگەیاند: "کەسانێک بە ناوی سەرکردەکانی حەشدی شەعبییەوە پارەی خەیاڵی لە خەڵکی مووسڵ وەردەگرن و نووسینگەی تایبەتیان بۆ ئەو بابەتە هەیە". هەروەها دەڵێت: "وەرگرتنی تەندەر لە پارێزگاکە قۆرخ دەکەن و نووسینگەی تایبەتیشان بۆ ئەوە کردووەتەوە".

خاوەنی دەرمانخانەیەک لە مووسڵ قسەی ئەو پەرلەمانتارەی پشتڕاستکردەوە و گوتی: "پێشتر داعش مانگانە 450 دۆلاری لێدەسەندین، بەڵام ئێستا حەشدی شەعبی داوای زیاتر دەکات، بۆیە ناچار بووین دەرمانخانەکەمان دابخەین".

حاکم زاملی، سەرکردەی رەوتی سەدر و سەرۆکی پێشووی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق، لەبارەی وەرگرتنی سەرانە لە خەڵکی مووسڵ بە (رووداو)ی گوت: "بابەتی سەرانە وەرگرتن لە مووسڵ هەیە و حاشاهەڵنەگرە، هەرچی لەو شارە پارەیەکی باش پەیدا بکات، دەبێ لەگەڵ گرووپە چەکدار و دەستڕۆیشتووەکانی شارەکە بەشی بکات".

بەڵام سەید موختار مەحموودی موسەوی، پەرلەمانتاری فەتح و فەرماندەی لیوای حوسێن لە حەشدی شەعبی لە قەزای تەلەعفەر بە (رووداو)ی گوت: "من تەحەدای هەر کەسێک دەکەم بڵێ گرووپەکانی حەشد لەو شارە پارە لە خەڵکی وەردەگرن". سەید موختار هەڕەشە لەو کەسانە دەکات کە پارە لە خەڵکی وەردەگرن و دەڵێت "ئەو کەسانەی دەڵێن سەرانەمان لێوەرگیراوە، بابێنە لام. سوێند بەخوا هەر کەسێک ناونیشانی ئەوانەم بداتێ کە پارە لە خەڵکی وەردەگرن بە توندترین شێوە سزایان دەدەم و سەریان دەشکێنم".

# بڕیاری لە سێدارەدان بۆ بکوژانی پاسەوانەکەی کۆمەڵ دەرچوو

2



**رووداو – هەولێر**

دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر رووداوی کوشتنی محەممەد عەزیز، پاسەوانی مەڵبەندی هەولێری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان لە هەولێر، دادگا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ چوار کەس دەرکرد.

برزۆ سەعید، پارێزەری هاوژینەکەی محەممەد عەزیز، بە (رووداو)ی راگەیاند: "چوار کەس بە تۆمەتی کوشتنی پاسەوانەکەی کۆمەڵ دەستگیرکرابوون، دوای زیاتر لە دوو ساڵ لە رۆژی 2016/5/8 دادگای تاوانی هەولێر بڕیاری زیندانی هەتاهەتایی بەسەر یەکێکیاندا سەپاند و ئەوانەی دیکەشی ئازادکردن، بەڵام بڕیارەکەمان تەمیزکردەوە، چونکە بڕیارەکەی دادگای تاوان هەڵە بوو، دەبووایە هەر چوار کەسەکە سزابدرێن".

برزۆ سەعید دەڵێت: "هەرچوار تۆمەتبارەکە دووبارە دادگایی کران، ئەوکاتە یەکێکیان لە زیندان بوو، دواتر یەکێکی دیکەشیان دەستگیرکرا، بەڵام دوو کەسەکەی دیکە هەڵاتن، بۆیە رۆژی 2018/12/4 دادگای تاوانی هەولێری یەک، سزای لەسێدارەدانی بەسەر هەرچواریاندا سەپاند کە دوو کەسیان لە دادگا ئامادە بوون و دووانەکەی دیکەش بە غیابی حوکمدران".

ئێستا هەریەک لە (ج. ئەکرەم)ی 27 ساڵ و (ئا.ئە)ی 31 ساڵ لە زیندانن و (ق. ئەکرەم)ی 32 ساڵ و (ئی.ج)ی 36 ساڵ هەڵاتوون.

خانێ ئەکرەم، خوشکی (ج) و (ق.) رەخنەی لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگاییەکە هەیە بە (رووداو)ی گوت: "18 دانیشتنی دادگا بۆ کەیسەکە بەڕێوەچووە، هیچیان دادپەروەرانە نەبوون، کەیسەکەش کراوە بە کەیسێکی سیاسی و ئێمە کراینە قوربانی کۆمەڵی ئیسلامی".

رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (533) - دووشەممە 2018/12/10



## تەرمی پرۆفیسۆر جەمال نەبەز دەهێنرێتەوە کوردستان

**رووداو- هەولێر**

نیعمەت تۆفیق، خوشکی مامۆستا جەمال نەبەز، نووسەر و بیرمەندی نێوداری کورد لە پەیامێکدا ڕایگەیاند "سوپاسی هەموو لایەک دەکەین کە بە بۆنەی کۆچی دوایی پرۆفیسۆر دکتۆر جەمال نەبەز هاوخەمی خۆتان بۆ ئێمە دەربڕیووە". لە پەیامەکەیدا نیعمەت تۆفیق دەڵێت "تەرمی مامۆستا جەمال نەبەز دەهێنرێتەوە کوردستان و لەسەر خاکی پیرۆزی کوردستان دەنێژرێت. تەرمەکەش لە ئەڵمانیاوە دەهێنرێتەوە بۆ فرۆکەخانەی شاری سلێمانی". ڕۆژی 2018/12/8 پرۆفیسۆر د. جەمال نەبەز، نووسەر و بیرمەندی نێوداری کورد لە تەمەنی 85 ساڵیدا، بەهۆی نەخۆشی لە نەخۆشخانەیەکی بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد.

# سێ بەنداوی دهۆک مەترسیی رووخانیان لەسەرە

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

بەهـۆی ئەو بارانـە زۆرەی لـە چەند ڕۆژی رابردوودا باریوە، سـێ بەنداوی دهۆک مەترسی رووخانیـان لەسـەرە. بەڕێوەبـەری ئاودێریـی دهۆک دەڵێت بۆ پاراسـتنی بەنداوەکانی دهۆک پێویسـتیان بـە تەنیا دوو ملیـۆن دینار بووە، بەڵام نەیاندراوەتێ.

کۆتایی هەفتەی رابردوو هەرێمی کوردسـتان کەوتـە ژێـر کاریگەریـی نزمە پاڵەسـتۆیەکی کەشـوهەوا، بـەو هۆیەشـەوە لـە زۆربـەی ناوچەکانـی کوردسـتان بارانی بـە لێزمە باری و لەچەنـد ناوچەیـەک لافـاوی بـەدوادا هات، بە تایبەتی لە سـنووری پارێزگای سـلێمانی و دهۆک.

زیـاد عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری ئاودێریی دهۆک بـە (رووداو)ی گوت: "لە هەموو وڵاتان لێژنەی بـاڵا بۆ رووداوە سروشـتییەکان هەیە، بەڵام لە کوردسـتان نییە، ئێمـە چوار رۆژە لە ترسـی رووخانـی بەنـداوە بچووکـەکان نەخەوتووین، بەڵام هیچ بەرپرسێک بە هانامانەوە نەهات".

زیاد دەڵێت ئەوان پێش ئەوەی باران ببارێ، پلانی خۆیـان داناوە، بەڵام کـەس هاوکارییان ناکات بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەیان، بۆ ئەوەی مەترسـییەکانی لافـاو لەسـەر بەنـداوەکان و هاووڵاتیان کەم بکەمەوە.

جگـە لـە بەنـداوی دهـۆک، 55 بەنـداوی بچووکیـش لەو پارێزگایە هـەن. زیاد عەبدوڵڵا دەڵێت: "تەنیا پێویسـتمان بە دوو ملیۆن دینار بـوو بۆ ئەوەی مەترسـی سـەر ئـەو بەنداوانە نەهێڵین، بەڵام کەس هـاوکاری نەکردین، بۆیە ناچار بووین، بەشـێکی زۆر لە بەنداوی شێخان واڵا بکەین".

بـە گوێرەی کەشناسـی، لە چوارشـەممەی داهاتووەوە، شەپۆلێکی دیکەی باران بەڕێوەیە.

زیـاد عەبدوڵـڵا دەڵێـت: "جگـە لـە بەنداوی شـێخان، هەردوو بەنداوی مام شڤان و بەنداوی گـرێ گـەورێ مەترسـیان لەسـەرە، ئەگـەر چاودێرییان نەکەین ڕەنگە بتەقن".

بەپێـی ئـەو پلانەی کـە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بـۆ مـاوەی پێنـج سـاڵ دایناب‌وو (2013-2018) دەبووایـە لـەو ماوەیـەدا 500 کـۆگا و بەنداو لە سـنووری پارێـزگای دهۆک دروست بکرێن، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە تەنیا 55 دانەیان دروستکران.

ڕەمـەزان حەمـزە شـارەزای جیۆلۆجـی لە زانکۆی دهۆک دەڵێت: "ئەمساڵ زۆر گونجاوبوو بـۆ کۆکردنەوەی ئاو، بـەڵام بەداخەوە نەتوانرا سـوود لەو هەموو بارانە وەربگیرێ کە لە چەند ڕۆژی رابـردوو بـاری، لە جیاتـی کۆکردنەوەی ئاو، ئێستا مەترسی لافاو دروست بووە".

گوتیشـی :"حکومەتی هەرێمی کوردسـتان هیـچ سـتراتیژێکی نییـە بـۆ پاراسـتنی ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی، لە کاتێکدا شەڕی گەورە لەسەر ئاو بەڕێوەیە".



# بڕیاری لە سێدارەدان بۆ بکوژانی پاسەوانەکەی کۆمەڵ دەرچوو

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

دوای تێپەڕبوونـی چوار سـاڵ بەسـەر رووداوی کوشـتنی پاسەوانی بارەگایەکی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردسـتان لە هەولێر، دادگا بڕیاری لەسـێدارەدانی بـۆ چوار کـەس دەرکرد کە تاوانبارن بە کوشـتنی ئەو پاسەوانە.

شەوی 2014/5/30 بەهۆی تەقەکردن لە بەردەم مەڵبەندی هەولێری کۆمەڵی ئیسلامی، پاسەوانێکی بارەگاکە بەناوی (محەممەد عەزیز) کە ناسـراو بوو بە (عەباس) کوژرا، دوای رووداوەکە چوار کەس بە تۆمەتی تەقەکردنەکە دەستگیرکران.

برزۆ سـەعید، پارێـزەری هاوژینەکەی محەممەد عەزیـز، بـە (رووداو)ی ڕاگەیانـد: "چـوار کـەس بـە تۆمەتـی کوشـتنی پاسـەوانەکەی کۆمـەڵ دەسـتگیرکرابوون، دوای زیاتر لە دوو ساڵ لە رۆژی 2016/5/8 دادگای تاوانـی هەولێر بڕیاری زیندانی هەتاهەتایی بەسـەر یەکێکیاندا سـەپاند و ئەوانەی دیکەشی ئازادکردن، بەڵام بڕیارەکەمان تەمیزکردەوە، چونکە بڕیارەکەی دادگای تاوان هەڵە بوو، دەبووایە هەر چوار کەسەکە بە ماددەی 406، (بڕگەی یەک، ه) سزابدرێن، واتە کوشتنی کەسێک لەکاتی دەوامی فەرمی، چونکە محەممەد عەزیز کارمەندی وەزارەتی ناوخۆ بووە و لەکاتی دەوامی فەرمیدا بووە".

دووبـارە دادگاییکردنـی تۆمەتبـارەکان دەسـتپێدەکاتەوە، برزۆ سـەعید دەڵێت: "هەرچوار تۆمەتبارەکـە دووبارە دادگایـی کـران، ئەوکاتـە یەکێکیان لە زیندان بوو، دواتر یەکێکی دیکەشـیان بەناوی (ئا.ئە) دەسـتگیرکرا، بەڵام دوو کەسەکەی دیکـە هەڵاتـن، بۆیـە ڕۆژی 2018/12/4 دادگای تاوانی هەولێری یەک، سـزای لەسێدارەدانی بەسەر هەرچواریانـدا سـەپاند، کە دوو کەسـیان لە دادگا ئامادە بـوون و دووانەکـەی دیکـەش بـە غیابـی حوکمدران".

پارێـزەر بـرزۆ سـەعید دەڵێت بـۆ دادگا روون بـووەوە هـەر چواریان دەسـتیان لە تاوانەکەدا هەیە "بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوە هاتووەتەوە و دەڵێت بڕیارەکەی دادگای تاوان هەڵە بووە کە سزای زیندانی هەتاهەتایی بۆ یەک کەس دابوو، سەلمێندرا کە سێ کەسەکەی دیکە پاسەوانەکەیان گرتووە و ئەوەش کە سزای هەتاهەتایی بۆ دەرچووبوو کوشتوویەتی، بۆیە بڕیارەکەی دادگا لەسەر ئەوانیش جێبەجێ دەکرێت".

ئێسـتا هەریەک لە (ج. ئەکرەم)ـی 27 ساڵ و (ئا.ئە)ی 31 ساڵ لە زیندانن و (ق. ئەکرەم)ی 32 ساڵ و (ئی.ج)ـی 36 ساڵ هەڵاتوون.

ئـەو چـوار کەسـە دووانیـان بـران و کاری بەڵێندەرایەتییـان کـردووە. کەسـوکاری دوو براکە دەڵێن پاسەوانەکە بە دەستی براکانیان نەکوژراوە.

خانێ ئەکرەم، خوشـکی (ج. ئەکـرەم) و (ق. ئەکـرەم) بـە (رووداو)ی گوت: "پێـش رووداوەکە براکانم و ئەوانـەی لەگەڵیان بوون ئۆتۆمبێلەکەیان خراپ بووە، ئەگەر مەبەستیان کوشتنی پاسەوانەکە بووایـە، هـەر لەنـاو ئۆتۆمبێـل تەقەیـان لێدەکرد و دەڕۆیشـتن، بـەڵام شـەقامێکی گشـتی بـووە و هاتوچۆکردن پێیدا ئاسایی بووە کە ئەو پاسەوانەش رایگرتووە و داوای ناسنامەی لێکردوون پێیانگوتووە ئێرە شەقامێکی گشتییە و بۆچی ناسنامەت بدەینێ، بووەتە دەمەقاڵێیان و پاسەوانەکە بە بۆکس لێیداوە، میلـی کلاشـینکۆفەکەی رادەکێشـێت و دەیەوێت تەقـە لە براکەم بکات، ئەویـش لوولەی دەمانچەکە دەگرێت و گوللەکە بە تەنیشت کامێرای چاودێرییەکە دەکەوێ. ئەگەر وانەبووایە براکەم و لەوانەیە ئەوانی دیکەشی کوشتبا".

بە گوتەی خانێ، ئەو گوللەیەی بەر پاسەوانەکە کەوتـووە لەلایەن براکەیـەوە پێوەی نەنـراوە: "لە راپۆرتـی پزیشـکیدا دەرکەوتووە کـە گوللەکە بەر شانی کەوتووە و لەژێر باڵـی دەرچووە، لە دووری زیاتر لە سێ مەتریشەوە تەقێنراوە، بۆیە پێمانوایە بە گوللەی پاسـەوانەکانی سەر بارەگاکە پێکرابێت، تەنانەت دوای کاژێر و نیوێک لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە و هیچ وتەیەکی لێوەرنەگیراوە".

یەکێکـی دیکە لـە گومانەکانی خانێ ئەوەیە کە تەنیـا ڤیدیۆیەکی کورتی کامێـرای چاودێری وەکو بەڵگـە هێنراوەتـەوە، ئەو گوتـی: "بارەگاکە پێنج کامێـرای چاودێری لێیە، ئـەوان تەنیا یەک گرتەی ڤیدیۆیـی کە تەنیـا دوو خولەک و چەند چرکەیەکە هێناویانەتـە دادگا، ئەویـش مۆنتـاژ کـراوە، لـەو رێگەیـەوە هەمـوو رووداوەکەیان لە دادگا و ئێمەش شاردووەتەوە".

کەسـوکاری چـوار کەسـەکە رەخنەیـان لـە بەڕێوەچوونی پرۆسـەی دادگاییەکە هەبووە، خانێ ئەکرەم دەڵێت: "18 دانیشـتنی دادگا بۆ کەیسەکە بەڕێوەچـووە، هیچیـان دادپەروەرانـە نەبـوون، کەیسـەکەش کراوە بە کەیسـێکی سیاسی. هاوژین و دایکـی پاسـەوانەکە گوتیـان سـوڵحیان لەگەڵ دەکەین، بەڵام کۆمەڵی ئیسلامی و یەکێک لە براکانی سـوڵحکردنیان رەتکردەوە، هەر لە سەرەتاوە ئێمە کراینە قوربانی کۆمەڵی ئیسلامی".

سـەبارەت بـە بڕیـاری لەسـێدارەدانی چـوار کەسـەکەش، خانـێ دەڵـێ "هەر چواریـان فەرمانی لەسـێدارەدانیان بـۆ دەرچـووە بەبێ ئـەوەی هیچ بەڵگەیـەک هەبێت، بۆیە ئێمە بـە بڕیارەکەی دادگا رازی نین و دڵنیاین لەژێر گوشـاردا بڕیارەکە دراوە، تەنانەت هەندێک لە دادوەرەکانیش ئەوەیان بە ئێمە گوت، بۆیە تەمیزمان کردووەتەوە".









خاوەنی پرۆژەکە داوای دوو پارچە زەوی دەکات

# پرۆژەی سیتی پاسی هەولێر کێشەی تێدەکەوێ

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

جێبەجێکردنـی پرۆژەی سـیتی پـاس لە هەولێر کێشەی تێدەکەوێ، خاوەنی کۆمپانیای جێبەجێکاری پرۆژەکە دەڵێت هەموو رێکارە یاسـاییەکانی پرۆژەکە تەواوبوون، بەڵام وەزارەتی شارەوانی بووەتە بەربەست لەبـەردەم جێبەجێکردنـی، شـارەوانیش لـە توانای کۆمپانیاکە بەگومانن.

پرۆژەی (سیتی پاسی هەولێر) پێنج هێڵە و هەموو ناو شاری هەولێر دەگرێتەوە. محەممەد عەبدوڵڵا زەند، خاوەنی کۆمپانیـای (باند) بۆ وەبەرهێنان کە بڕیارە پرۆژەی (سـیتی پاسـی هەولێر) جێبەجێ بکات، بە (رووداو)ی گـوت: "پرۆژەکە لە سـاڵی 2010 بڕیاری لەسـەر دراوە، کۆمپانیایەکـی ئیتاڵی بـە یەک ملیار دینـار دیزاینی بۆ کردووە. سـوودێکی زۆری دەبێت، 50%ی هاتوچـۆی ئۆتۆمبێـل و قەرەباڵغی ناو شـار کەمدەکاتەوە، سوودێکی زۆری بۆ ژینگە هەیە، بێجگە لەوەش زیاتر لە 8000 هەلی کار دەڕەخسێنێ".

وەزارەتـی گواسـتنەوە و گەیاندن جێبەجێکردنی پرۆژەکەی داوەتە کۆمپانیای باند، خاوەنی کۆمپانیاکە دەڵێت: "بە نووسـراوی ژمارە 531 لە 2018/4/10ی وەزارەتـی گواسـتنەوە و گەیانـدن، جێبەجێکردنـی پرۆژەکە بە کۆمپانیاکەمان سپێردراوە، وەبەرهێنانیش لە 2018/4/15 پەسەندی کردووە و لە 2018/7/18 پرۆژەکـەی نـاردووە بـۆ سـەرۆکایەتی شـارەوانی هەولێر، بە بەمەبەسـتی پێدانی دوو پارچە زەوی بۆ بەکارهێنانیان وەکو گەراج بۆ پاسەکانی پرۆژەی سیتی پاسی هەولێر".

کۆمپانیاکـە گرێبەسـتی لەگـەڵ کۆمپانیایەکـی بیانـی کردووە بـۆ دابینکردنی پاسـەکان، محەممەد زەنـد دەڵێت: "لەسـەر ئەو بنەمایـە کۆمپانیاکەمان گرێبەسـتێکی لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەورووپی بەناوی ADAMSLAB کە کۆمپانیایەکی ئەڵمانی – بەریتانییە واژۆ کـرد بـۆ دابینکردنی 120 پاسـی مۆدێل تازە، گرێبەسـتەکەش بە گوژمەی 33 ملیۆن و 600 هەزار یۆرۆ کراوە".

کۆمپانیاکە وەکو خۆیان دەڵێن هەموو رێکارەکانیان تەواو کردووە، بەڵام وەزارەتی شـارەوانی و شارەوانی هەولێر بوونەتە بەربەست لەبەردەم پرۆژەکە، محەممەد زەنـد ڕایگەیاند: "ئەو نووسـراوانەم لـە 2018/7/18 بردە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر و دەستخۆشیشیان لێکـردم، پرۆژەکـە تەنیا ئەوەی مـاوە زەوییەکانمان بدەنـێ و دەسـتپێبکەین، بـەڵام ئێسـتا وەزارەتـی شـارەوانی بەشـێوەی زارەکی پێمدەڵێـن کە وەزیری شـارەوانی ڕەزامەنـد نەبووە لەسـەر جێبەجێکردنی پرۆژەکە".

بەپێی گرێبەستی کۆمپانیای باند لەگەڵ کۆمپانیا ئەورووپییەکە، دەبێت لەماوەی ساڵێکدا پارەکەیان بۆ بنێرێت، ئەگەرنا سـزا دەدرێـت، خاوەنی کۆمپانیای باند گوتی: "ئێسـتا کۆمپانیاکەمان گوشارێکی زۆری لەسـەرە، چونکە ئەگـەر پابەند نەبین، ئـەوا بە 10 ملیـۆن یـۆرۆ سـزا دەدرێین بەپێی ئەم گرێبەسـتە، بۆیە ئەگەر وەزارەتی شـارەوانی و شارەوانیی هەولێر بەردەوام بن لە دروسـتکردنی بەربەست بۆ پرۆژەکە، رێگەی یاسایی لە بەرامبەریان دەگرمەبەر".

بەڵام وەزارەتی شـارەوانی و شـارەوانیی هەولێر ڕەتیدەکەنەوە رێگرییان لە پرۆژەکە کردبێت، سامان محەممەد، سەرۆکی شارەوانیی هەولێر بە (رووداو)ی گوت: "ئێمە پشتگیری هەموو پرۆژەیەکی وەبەرهێنان دەکەین، ئێمە پرۆژەکەمان رانەگرتووە و بەرزیشمان کردووەتەوە بۆ وەزارەتی شارەوانی، کێشەمان لەگەڵ ئەو کەسـە نییە، بەڵام دەبوو وەزارەتی گواسـتنەوە و گەیاندن لەگەڵ پارێزگای هەولێر دیراسـەی بکەن، ئینجا بدرێت بە دەستەی وەبەرهێنان و ئەوان بڕیاری لەسـەر بدەن، تەنیا بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوە و گەیانـدن نووسـراوێکی بۆ دەسـتەی وەبەرهێنان کـردووە، بۆیـە ئێمە چەنـد تێبینییەکمان لەسـەر پرۆژەکە هەیە".

سـامان محەممەد ئاماژەی بـە تێبینییەکان دا و گوتی: "کۆمپانیاکە داوای دوو پارچە زەوی کردووە، بـەڵام یەکێـک لـەو زەویانـە بەپێی ماسـتەرپلان دەکەوێتە ناو سـنووری فرۆکەخانـەی هەولێر، بۆیە ناگونجێت، دەکرێت زەوییان لە شوێنی دیکە بۆ دابین بکەین، ئەوان ئەوەندەی پێداگری لەسـەر زەوییەکە دەکەن، هێندە پێداگری لەسەر پرۆژەکە ناکەن، بۆیە گومانمان هەیە، تەنانەت گومانمان هەیە کۆمپانیاکە ئەو توانا ماددیەی هەبێت ئەم پاسانە بهێنێت تاوەکو ئێمە زەوی بدەینێ".

سـەرۆکی شـارەوانی هەولێـر دەشـڵێت: "ئـەم هێڵانـەی لە پرۆژەکەدا هەن پێویسـتە پشـتگیری پارێـزگای هەولێـری لەگەڵ بێت و بـە هەماهەنگی لەگـەڵ بەڕێوەبەرایەتی هاتوچـۆی هەولێر هێڵەکان دابنرێـت، هەروەها نازانرێت هێڵەکانی ئێسـتا چیان بەسـەردێت، دەمێنن یان سیتی پاس بەدیلی ئەوانە یان بە رێککەوتن و هەماهەنگی لەگەڵ ئەوان دەبێت؟ دەبێت لەلایەن پارێزگاوە یەکلابکرێتەوە و پشتگیری بکرێت، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کێشە دروست نەبێت".

بەڵام محەممـەد زەند، ئەو تێبینیانـە بە بیانوو دەزانێت و پێیوایە تەنیا بۆ دروسـتکردنی بەربەستە لەبـەردەم پرۆژەکە و گوتی: "پرۆژەکە هی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنە نەک شارەوانی. هیچ رێگایەکی یاساییش نییە کە ئەوان داوای نووسراو و پشتگیری لـە پارێـزگا بکـەن، چونکە بـە نووسـراو هەیە کە هەموویـان بـە نوێنەری سـەرۆکایەتی شـارەوانیی هەولێریشـەوە رازین بە پرۆژەکـە و واژۆیان کردووە، بۆیە ئەمانە بیانوون و تەنیا دەیانەوێت بەربەست بۆ پرۆژەکە دروست بکەن".

> وەزارەتی شارەوانی بەربەستی بۆ پرۆژەکە دروستکردووە
>
> کۆمپانیای جێبەجێکار

> گومانمان لە کۆمپانیاکە هەیە بتوانێ پرۆژەکە جێبەجێ بکات
>
> سەرۆکی شارەوانیی هەولێر




# لە شێخان پیاوێک سێ ساڵە بزرە



واحید لە شێخان چووەتە دهۆک و لەوێ ونبووە

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

نزیکـەی سـێ سـاڵە منداڵەکانـی واحیـد چاوەڕێـی باوکیان دەکەن، بەڵام هیچ هەواڵێکی دڵخۆشـکەریان لەبـارەی چارەنووسـی باوکیان پێنەگەیشـتووە. کەسـوکارەکەی دەڵێن هەموو لایەنـە ئەمنییەکانیان لە ونبوونی واحید ئاگادار کردووەتـەوە. پۆلیـس دەڵێـت لە زۆر شـوێن بەدوایدا گەڕاوین، بەڵام هیچمان دەستنەکەوتووە.

واحیـد خودێـدا ئیلیاس، تەمەن 67 سـاڵ، باوکـی هەشـت منـداڵ، دانیشـتووی قـەزای شـێخان، ڕۆژی 2016/2/21 لـە ماڵ دەرچووە و نەگەڕاوەتەوە. کەرەم واحید، چیرۆکی ونبوونی باوکـی بۆ (رووداو) باسـکرد و گوتـی :"باوکم دووکانی فرۆشتنی کەلوپەلی ئۆتۆمبێلی هەبوو، بەیانیـان دەچـووە سـەر کارەکـەی و ئێـوارە دەگەڕایەوە. نە ئێمە و نە ئەویش کێشەی لەگەڵ کەس نەبـووە. ئەو ڕۆژە چووەتـە دووکانەکەی پاشـان چەند شوفێرێکی تاکسـی لە دەروازەی شـێخان ئەویـان بینیوە و ویسـتوویەتی بچێتە ئالـوکا لە نزیک دهۆک. بەپێی زانیاریی ئێمە تا گەیشتووەتە ئالوکا لە ڕۆژئاوای دهۆک سەلامەت بـووە، بـەڵام لەوێ بێسەروشـوێن بـووە و لەو ڕۆژەوە مۆبایلەکەی داخراوە

بـە گوتـەی کوڕەکەی، هـەر ڕۆژێـک دوای ونبوونـی باوکـی دەزگا ئەمنییەکانیـان ئاگادار کردووەتـەوە، بەڵام تا ئێسـتا بێسەروشـوێنە. ئەوان تا ئێسـتا بێئومێد نەبـوون لە گەڕانەوەی باوکیان. کـەرەم دەڵێت "بـەردەوام چاومان لە دەرگایە ڕۆژێک لە ڕۆژان باوکمان بگەڕێتەوە".

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی دهۆک بە (رووداو)ی گوت :"راسـتە کەسـوکاری ئەو پیاوە هەر لە دووەم ڕۆژی دیارنەمانییەوە، لەلای ئێمە سکاڵایان تۆمارکـرد، ئێمەش دەسـتمان بە لێکۆڵینەوە و گـەڕان بەدوای پیاوەکەدا کرد، بەڵام تا ئێسـتا هیچ سەرەداوێکمان دەستنەکەوتووە". گوتیشی "وێنە و ناو و ناونیشـانی ئەو کەسـەمان داوەتە گشـت بنکەکانـی پۆلیس و بازگـەکان و دەزگا ئەمنییەکان، بەردوامیشین لە گەڕان بەدوایدا".

## یەکێتی: ڕەنگە نەگەڕێینەوە بۆ پەنجا بە پەنجاکەی جاران

**رووداو- هەولێر**

گوتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەبارەت بە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت دەڵێ: ڕەنگە نەگەڕێینەوە بۆ پەنجا بە پەنجاکەی جاران، بەڵام دەمانەوێت هاوبەشی راستەقینەی حوکم بین لە هەرێمی کوردستان. سەعدی ئەحمەد پیرە، گوتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا لەدوای کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە رۆژی شەممەی رابردوو، ناوەرۆکی کۆبوونەوەکەی خستەڕوو و، رایگەیاند "لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی کێشەکانی حکومەتی فیدراڵیمان کرد لە بەغدا، لەهەمان کاتیشدا بەشێوەیەکی سەرەتایی باسی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گفتوگۆی لایەنەکانی دیکەمان کرد لە ئایندەیەکی نزیکدا".

## پێش کۆتایی ئەمساڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێ

# "9 وەزارەت بۆ پارتی، 5 بۆ یەکێتی و 3 وەزارەتیش بۆ گۆڕان"

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

بەپێی ئەو خشتەیەی شاندی پارتی بۆ دانوستاندن لەگەڵ لایەنەکان دایناوە، دەیەوێ پێش کۆتایی 2018 دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرێ و دوای کۆتایی پشووی سەری ساڵ، کۆبوونەوەکان بۆ قسەکردن لەسەر وردەکاری پێکهێنانی حکومەت دەستپێدەکەن. ئەندامێکی شاندی دانوستاندکاری پارتی دەڵێ: "ئەمڕۆ دووشەممە کۆدەبینەوە و دواتر سەردانی لایەنەکان دەکەین". پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی یەکێتیش پێیوایە "ئەگەر لایەنەکان لەسەر دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان پێکبێن، پێکهاتن لەسەر حکومەت ئاسان دەبێ".

رۆژی سێی ئەم مانگە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی بەربژێرانی خۆی بۆ وەرگرتنی پۆستەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستنیشان کرد. ئەوەش هیچ بیانوویەکی نەهێشتەوە بۆ دواکەوتنی گفتوگۆی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت کە ئێستا رۆژهڤێکی گەرمە لە باشووری کوردستان. بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) رۆژی سێشەممە شاندێکی پارتی بە سەرۆکایەتی ئازاد بەرواری سەردانی سلێمانی دەکەن و لەگەڵ یەکێتی کۆدەبنەوە و پاشتریش دەچنە گردی زەرگەتە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان.

ئەندامێکی شاندی دانوستاندنکاری پارتی دەڵێ ئەمڕۆ دووشەممە 2018/12/10 کۆبوونەوەیەکی نێوخۆیی دەکەن و دواتر دەست بە سەردانەکانیان دەکەن بۆ لای هێزە براوەکانی هەڵبژاردن: "ئەو وردەکارییەی لەنێو خەڵک باس دەکرێ، هێشتا دەنگۆ و زانیاریی ناڕاستن و لەدوای دەستپێکردنی گفتوگۆکانەوە روون دەبێتەوە حکومەتی نوێ چۆن پێکدەهێنرێ".

بەڵام ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ پارتی شاندی دانوستاندن لەسەر بنەمای 50 بە50 رەوانەی لای لایەنەکان ناکات و کۆبوونەوەکان کراونەتە دوو پاکێج: "سەرەتا کار بۆ ئەوە دەکرێ پێش کۆتایی ئەمساڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت یەکلا بکرێتەوە، دواتر وردەکارییەکانی پێکهێنانی حکومەت دەبێتە پاکێجی دووەمی دانوستاندنەکان کە ئەویش لە دوای پشووی سەری ساڵەوە دەستپێدەکات".

هێڤیدار ئەحمەد، نەرمبڕیی پارتی لە دانوستاندنەکان بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە پارتی نایەوێ 23 ی حوزەیران دووبارە ببێتەوە و هەوڵی زۆر دەدات بۆ ئەوەی بە رێککەوتن سەرۆکایەتییەکان و پۆستەکان دیاریی بکرێن "بەڵام لەنێو پارتی رایەک هەیە کە حەزی لە بەشداریی کۆمەڵی ئیسلامی نییە، بەڵام ئەوە بڕیاری کۆتایی و فەرمی نییە و شاندی دانوستاندکار بە گفتوگۆ ئەوە یەکلایی دەکاتەوە".

پەیوەندی تەلەفۆنی نێوان حیزبەکان لە ماوەی رابردوودا، بەشێکی بۆ جەختکردنەوە بووە لەسەر ئەوەی دەستەی سەرۆکایەتی دیاری بکرێت و دوای هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی و لیژنەکانی پەرلەمان، سەرۆکایەتی پەرلەمان بەربژێری پارتی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی حکومەت راسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەتەکەی، بەڵام پارتی دەیەوێ لەگەڵ پرسی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەماندا، پۆستەکانی حکومەتیش لە گرێ و گۆڵی ناکۆکی نێوان حیزبەکانیش دەربهێنێ، بۆ ئەوەی کاتێک بەربژێرەکەی رادەسپێدرێت، نیوەی رێگاکەی بڕیبێت.

زیاد جەبار، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە "پێکهاتن لەسەر دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، پێکهاتن لەسەر وردەکارییەکانی حکومەتیش ئاسان دەکات". ئەو پەرلەمانتارەی یەکێتی، بە دروستی نازانێ پارتی بە سیستەمی خاڵ و ژمارەی کورسییەوە دەست بە گفتوگۆ بکات و پێیوایە ئەو کوردستانە بەهێزەی پارتی لە بانگەشەی هەڵبژاردندا رایگەیاندبوو، بە حکومەتێکی بەهێز دێتەدی "حکومەتی بەهێزیش ئەوەیە کە بەشداربووەکانی بەراستی تێیدا بن و پێیەکیان لە نێو ئۆپۆزسیۆن نەبێ، هەر بۆیە پارتی و یەکێتی پێکەوە دەتوانن ئەو حکومەتە بەهێزە دروستبکەن".

هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانە کە بەلای پارتییەوە هێزێکی داواکراوە بۆ بەشداریی لە حکومەت، دەیەوێ لە زمانی شاندی پارتییەوە ئەو دڵنیاییەی دەستبکەوێ کە ئەوەی مستەفا سەید قادر، وەزیری پێشمەرگەی کابینەی نوێ پێینەکرا، لەو کابینەیەدا دەکرێ؟ ئایا هێزەکانی پێشمەرگە دەکرێنەوە یەک و

کێشەی دارایی چارەسەر دەکرێ؟

بەرپرسێکی بزووتنەوەکە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، نایشارێتەوە ئەگەر لەسەر ئەوە پێکبێن، ئەوکات گۆڕان پرسیاری ئەوە دەکات کە لەو حکومەتەدا کام پۆستانەی پێدەدرێ "دواتر بەڵێنەکانی شاندی پارتی دەبرێنە کۆبوونەوەی جڤات و لەوێ بڕیاری کۆتایی دەدرێ کە ئاخۆ گۆڕان بەشداریی حکومەت دەکات یان نا".

پارتی دیموکراتی کوردستان، پێویستی بە چوار ساڵی ئارامە بۆ ئەو حکومەت و کوردستانە بەهێزەی بەڵێنی لەسەر داوە. دڵنیابووە لەوەی ئەو ئارامییەشی بۆ دەستەبەر نابێ، ئەگەر بەژمارە 21 و 12 یەکێتی و گۆڕان بخوێنێتەوە. کەواتە پۆستی وەزارەتەکان چۆن دابەشدەکرێن؟

هێڤیدار ئەحمەد، پەرلەمنتاری فراکسیۆنی پارتی، بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی دەڵێ "دابەشکاریی وەزارەتەکان بەشێوەیەکە "پارتی 9 وەزارەت و یەکێتی 5 وەزارەت و بزووتنەوەی گۆڕان 3 وەزارەت و تورکمانە و کریستیانەکانیش هەریەکە و وەزارەتێکیان بەردەکەوێ، بەڵام هێشتا ئەوە روون نییە کە کام وەزارەتانەیە".

بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت دابەشکردنی پۆستەکان لەسەر بنەمای خاڵ لای ئەوان رەتکراوەیە: "ئێمە لەرێگای جوگرافیا و واقیعی دەسەڵاتی دوو پارێزگا کە رووبەری 625 کیلۆمەترە و زیاترە لەو رووبەرەی بەدەست پارتییەوە گفتوگۆ دەکەین، نەک ئەوەی چەند کورسیمان هەیە". ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی گوتیشی: "لە شەڕی رووبەڕووبوونەوەی داعشدا لە پارتی قوربانی و شەهیدمان زۆرتر داوە و ئیدارەی ئەم ناوچەیە لای ئێمەیە و ناکرێ باسی ئەو جۆرە دابەشکارییانە لای ئێمە بکرێ، بەڵام بەهەر حاڵ ئێمە چاوەڕوانی شاندی دانوستاندنکاری پارتین".

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێیوایە ئەگەر لایەنەکان بتوانن لەسەر دابەشکردنی سەرۆکایەتییەکان رێکبکەون: "رێککەوتن لەسەر وەزارەتە سیاسییەکانیش قورس نابێت، ئەو وەزارەتانەی کە زۆرتر چاویان لەسەرە، وەزارەتی دارایی، سامانە سرووشتییەکان، ناوخۆ، پێشمەرگەن، ئەوانیش بەپێی رێککەوتن لەسەر سەرۆکایەتی حکومەت و پەرلەمان دابەش دەکرێن".



> لەسەر بنەمای جوگرافیا دانوستاندن لەگەڵ پارتی دەکەین نەک کورسی
>
> ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی

> هەیلێک لەنێو پارتیدا هەیە کۆمەڵ بەشداریی حکومەت نەکات
>
> پەرلەمانتارێکی پارتی

## محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان بۆ (رووداو):

# ئەگەر سەرۆکی هەرێم لەنێو خەڵکەوە هەڵنەبژێردرێ کارا نەکرێتەوە باشترە



**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

لە کاتێکدا پارتی ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سەردانی سلێمانی بکاتەوە بۆ گەڕی سێیەمی دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەت و 70 رۆژ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا تێپەڕیوە، سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان دەڵێ هێشتا "ئێمە نازانین دەنگی لیستەکەمان چەندە".

محەممەدی حاجی مەحموود، پێیوایە پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەت بە رێڕەوی یاسایی و ئاسایی خۆیدا تێنەپەڕیوە. بەوپێیەی دەبوو پەرلەمان لە سەرەتاوە دەستەی سەرۆکایەتی و لیژنەکانی هەڵبژاردایە و دواتر پارتی دیموکراتی کوردستان، وەک خاوەنی زۆرترین کورسی پەرلەمان رابسپێردرایە بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵام هێشتا وای دەبینێ کە پرۆسەکە ئاسانە و ئاڵۆزیی تێناکەوێ.

لە دوای راگەیاندنی ئەنجامی دەنگەکانەوە، شاندی پارتی یەک جار لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان گفتوگۆی کردووە. گفتوگۆکان زۆرتر راوێژکاری بوون و وردەکارییەکان لە رۆژانی داهاتوو زۆرتر قسەیان لەبارەوە دەکرێ. بەبڕوای سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان، دەبێ ئەزموونی ئەم کابینەیە دووبارە نەکرێتەوە و بەهەموو ئەو هێزانە بگوترێ کە بەشداریی حکومەت دەکەن "نابێ بە رۆژ لە نێو حکومەت بن و بەشەو ببنە ئۆپۆزسیۆن". سەرباری ئەوەش، هێشتا رێککەوتن لەنێوان پارتی و یەکێتی بە دژوار نابینێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی زیاتر لە 20 ساڵ کاری هاوبەشی نێوانیان و هەر ئەوەش وادەکات ژمارەی کورسی نەبێتە لەمپەری بەردەمیان.

محەممەدی حاجی مەحموود، حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی لە بەغدا بە نموونەی ئەزموونێکی نوێی پرۆسەی سیاسی لە عێراق دەزانێ کە سەرۆکوەزیران بەبێ لەبەرچاوگرتنی کورسی و دەنگ بووە خاڵی بەیەکگەیشتنی ئەمریکا و ئێران و ململانێیەکە نەیهێشت هیچکام لە لیستە خاوەن کورسییەکان سەرۆکوەزیر دیاری بکەن: "لە کوردستانیش پرۆسەکە ئاوا ئاسان دەبێ و کورسی و دەنگ نابێتە کێشە و دەگەنە ئەنجام، بەڵام سەرەتا دەیانەوێ بزانن کێ زۆرتر لەوی دیکە وەردەگرێ".

بەڵام نەخشەی سیاسی گۆڕانکاریی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. پارتی دیموکراتی کوردستان بە بردنەوەی 45 کورسی، وەک هێزی پێکهێنەری حکومەت مامەڵە دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە رایگەیاندووە، حکومەتی بنکە فراوان و 50 بە 50ی ناوێ.

محەممەدی حاجی مەحموود دەڵێت باڵانسی هێز لە کوردستان تێکچووە "ئەوە وادەکات پێکهێنانی حکومەتەکە هەندێک درەنگ بکەوێ". بڕواشی وایە ئەگەر هەرێمی کوردستان دەوڵەت بووایە و ترسی کیانە سیاسییەکەی نەبووایە "پارتی لەگەڵ کورسی کۆتاکان دەیتوانی بەبێ سەرئێشە حکومەت پێکبهێنێ، ئێستاش کارەکە هەر ئاسانە بۆ پارتی و ئەوەی ئێمە دەیبینین ئەوەیە لە سلێمانی هەموو لایەنەکان بە ژمارەیەک بەربژێرەوە کە دەیانەوێ جێگری پۆستەکان وەربگرن، ئامادەن بۆ دانوستاندن".

یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەر لەسەرەتاوە رایگەیاندووە، بەبێ هاوبەشی راستەقینە ناچنە نێو حکومەتەوە، ئەمەشی چەند جارێک لەسەر زاری گوتەبێژەکەیەوە دووپات کردووەتەوە.

سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان پێیوایە: "یەکێتی داوای 50 بە50 دەکات لە پارتی و بە هاوبەشیی راستەقینە دەریدەبڕێ، بڕواناکەم 50بە 50 سەربگرێ، نە کورسییەکان و نە دەنگەکانیش وەک جاران نەماون". بەڵام دۆزینەوەی چارەسەر لە نێوان پارتی و یەکێتی ئاسان دەبینێ.

پارتی دیموکراتی کوردستان، بڕیاری دا نێچیرڤان بارزانی، بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی، بۆ سەرۆکایەتی حکومەت بەربژێر بکات. بەوەش بارزانی چاوەکانی لەخۆی دوورخستەوە کاتێک پێشبینی دەکرا جارێکی دیکە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەربگرێتەوە. محەممەدی حاجی مەحموود دەڵێت: "ستەمی زۆر لە بارزانی کرا، ئەو شەڕە میدیاییەی بەرامبەر ئەو کرا تەنیا بۆ ئەوە بوو کەسایەتی سیاسی ئەو بچووک بکەنەوە، بەڵام نەیانتوانی. مەسعود بارزانی، لەڕووی نێودەوڵەتیشەوە ژمارەیە و مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و قورسایی ئەو لە پۆستەکانییەوە نییە".

پێشتر گۆڕان و چەند لایەنێک پێداگیریان لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆک هەرێم لە رێگەی پەرلەمانەوە دەکرد، بەڵام پارتی لەگەڵ ئەوە بوو کە سەرۆکی هەرێم لە نێو خەڵک هەڵبژێردرێ. ئێستا پارتی کێشەی لەگەڵ ئەوە نییە سەرۆکی هەرێم لە نێو پەرلەمان هەڵبژێردرێ.

محەممەدی حاجی مەحموود دەڵێت: "بەهێزیی ئەو پۆستە لەوەدایە کە لەنێو خەڵکەوە هەڵبژێردرێ، ئەگەرنا باشترە ئەو پۆستە کارا نەکرێتەوە، چونکە ناکرێ هەموو رۆژێک ژمارەیەک پەرلەمانتار بانگی بکەن بۆ پەرلەمان".

مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان رۆژی 22ی تشرینی دووەمی ئەمساڵ سەردانی بەغدای کرد. ئەگەر محەممەدی حاجی مەحموود لە جێگای بارزانی بووایە، دەچووە بەغدا؟ ئەو دەڵێ "بەڵێ" چونکە پێیوایە سەردانەکە باش بووە "بەڵام پێمباش نەبوو هەندێک کەس ببینێ، بە دیاریکراوی عەبادی. چونکە ئەوەی بەعس بە کوردی کرد، عەبادیش کردی".

سکرتێری حزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان نیگەرانە لەوەی خەڵکی هەرێمی کوردستان و بەرپرسە سیاسییەکانیش هەمیشە پێش رووداوەکان دەکەون بە بارێکی هەڵەدا. ئەو زۆرتر مەبەستی ئەوەیە کە بڕیاری پێشوەختەی هەڵە و خۆشبینی سیاسییان باش نییە. بەڕوونی، دەیەوێ هیوا هەڵچنین لەسەر عادل عەبدولمەهدی، وەک نۆژەنکەرەوەی پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و بەغدا، زێدەڕۆیی تێدا نەکرێت و چاوەڕوانی گەشبینانەی زۆری لێ نەکرێ.

"بۆ عەللاوی گوتیان باشترین سەرۆک، دواتر بۆ جەعفەری گەشبین بوون. پاشان هیوای زۆریان لەسەر مالیکی هەڵچنی و دواتر کە لەویش بێهیوا بوون، عەبادییان کرد بە ئەندازیاری چارەسەرکردنی کێشەکان، ئێستا زووە بۆ ئەوەی ئەوەندە لەبارەی عادل عەبدولمەهدییەوە بگوترێ".

محەممەدی حاجی مەحموود، باسی سیستەمی سیاسی عێراق دەکات و بۆچوونی زاڵ کە کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن مافە دەستوورییەکانی لەو وڵاتەدا قبوڵناکات "عادل عەبدولمەهدی خاوەنی یەک کورسی پەرلەمانی نییە و ناتوانێ لە هێڵی کێشراوی حیزبەکان لابدات، ئەو باشییەی لە کەسایەتی خۆیدا هەیە، تەنیا وادەکات وەک عەبادی تانک نەنێرێتە سەر کوردستان و ئەگەر گوشاری زۆریشی لێبکەن بودجەی خەڵکی کوردستان ببڕێ، تەنیا دەتوانێ دەستلەکاربکێشێتەوە".

> یەکێتی داوای 50 بە 50 دەکات، بەڵام بە شەراکەتی راستەقینە دەریدەبڕێ

> سەردانی کاک مەسعود بۆ بەغدا باش بوو، بەڵام بینینی عەبادی خراپ بوو

> جیاوازیی عادل عەبدولمەهدی لەوانی دیکە ئەوەیە کە تانک نانێرێتە سەرمان

ڕووداو ڕاپۆرت
ژمارە (533) - دووشەممە 2018/12/10

## ئەمساڵ 120 کەیسی گەندەڵی ڕەوانەی دادگا کراون

**هەولێر - ڕووداو**

دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان لەمساڵدا نزیکەی 120 دۆسیەی گەندەڵی ڕەوانەی دادگا کردووە، کە بەشێکیان یەکلاکراونەتەوە. حاکم ئەحمەد ئەنوەر، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لەسەرەتای ئەمساڵەوە (2018) تاوەکو ئێستا نزیکەی 120 دۆسیەی گەندەڵیمان ڕەوانەی دادگا کردووە، بەشێک لەوانەش لە دادگاکاندا یەکلاکراونەتەوە". سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان باسی لەوەش کرد؛ دادگای پێداچوونەوەی هەولێر بڕیاریداوە لە ساڵی داهاتوودا هەڵمەتێک بۆ بەدواداچوونی کەیسەکانی گەندەڵی بکات، گوتیشی "هەمیشە داوای ئەوەمان کردووە هیچ لێبوردنێک گەندەڵکاران نەگرێتەوە، چونکە بەشێوەیەکی گشتی دۆسییەکانی گەندەڵی زیاتر پرسێکی گشتین".

### عادل عەبدولمەهدی دەبێ هەموو هێزە جیاوازەکان ڕازی بکات

# پێشمەرگە بە چوار مەرج دەگەڕێتەوە کەرکووک

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**

بەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگە فرە ئاراستەیی لەنێو هێزە چەکدارەکانی عێراق و سوپاکەیدا بە گێژاوێک دەزانن کە دوور یان نزیک، سەرۆکوەزیرانی عێراق تێیدەکەوێ کاتێک لەگەڵ هەرێمی کوردستان دانوستاندن بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەکات.

مانگی نیسانی ئەمساڵ دەنگۆی گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ کەرکووک و دەوروبەری هێندە گەرم بوو کە چاوەڕوان دەکرا بەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی پێشوو دەرگای گفتوگۆی لەسەر بکاتەوە، بەڵام مەرجەکانی حکومەتەکەی بەلای سەرکردەکانی کوردەوە قبوڵکراو نەبوون. چونکە دەبوو پێشمەرگە وەک هێزێکی عێراقی بگەڕێنەوە، ئەوەش بە واتای ئەوە بوو کە ڕاستەوخۆ لە بەغداوە فەرمان وەربگرن.

بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە ڕەتیکردەوە هیچ بەرەوپێشچوونێکی نوێ لە نێوان هەولێر و بەغدا هەبێت سەبارەت بە پێشمەرگە و گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی پێش 16ی ئۆکتۆبەر "هیچ گفتوگۆیەکی فەرمی نییە و تەنیا ماوەتەوە چاوەڕێی تەواوبوونی حکومەتی نوێی عێراق بین، بزانین چۆن دانوستاندن دەکەن".

لیوا قارەمان کەمال، جێگری سوپاسالاری وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێ گفتوگۆی ئەوان لەگەڵ حکومەتی عادل عەبدولمەهدی دەوەستێتە سەر چوار خاڵ "بازگەکان ببنە بازگەی هاوبەش، ژووری ئۆپەراسیۆنەکان هاوبەش بن، هێزی هاوبەش، لیژنەی باڵای هاوبەش هەبن". وەک ئەو بەرپرسە باسی دەکات، ئەگەر حکومەتی نوێی بەغدا ئەو چوار خاڵە پەسەند بکات: "گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە ئاسان دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ هەمان دۆخی پێش هاتنی داعش".

ڕەشید عەدای، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە هاوپەیمانی نەسر لەوبارەوە دەڵێت، عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەیە و دەیەوێ ئەم پەیوەندییانە بەکاربهێنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. گوتیشی: "حکومەتی عێراق دەیەوێت بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، هێزە کوردییەکان بگێڕێتەوە بۆ کەرکووک".

ناوبراو، ئەو چارەسەرە بە قورس نابینێت و دەڵێ سەرۆک وەزیران تەئکیدی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ئەو کێشانە چارەسەر دەبن و ڕێککەوتنی لەسەر دەکەن.

بەڵام شێخ جەعفەر مستەفا، فەرماندەی یەکەکانی 70 لە وەزارەتی پێشمەرگە، بە (ڕووداو)ی گوت، هیچ هەواڵێکی نوێ نییە لەبارەی گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە و هێشتا حکومەتی نوێی عێراق یەکلانەبووەتەوە تاوەکو لەوبارەیەوە گفتوگۆ بکەن "لەسەرەتاوە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکی و هێزەکانی هاوپەیمانان قسەوباسمان زۆر کرد لەبارەی شێوازی گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، ئێستا دەرکەوتووە کە هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپا ناتوانن ئارامی ئەو ناوچانە بپارێزن و بۆیان دەرکەوتووە پێشمەرگە لەوێ بێ گرنگە، بەڵام هێشتا نەگەیشتووینەتە ڕێککەوتن".

مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە 22ی تشرینی دووەمی ئەمساڵ، سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ سەرکردەکانی عێراق گفتوگۆی لەبارەی کێشە چارەسەرنەکراوەکانی نێوان کوردستان و عێراق کرد. بارزانی، لەو سەردانەدا پرسی گەڕانەوەی پێشمەرگەی وەک یەکێک لە پاڵنەرە بەهێزەکانی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا خستبووە ڕوو، بەڵام یەکلانەبوونەوەی حکومەتەکەی عەبدولمەهدی وایکرد، ئەو بابەتە بۆ ئەو لیژنانە جێبهێڵدرێ کە دواتر پێکدەهێنرێن بۆ وردەکارییەکان.

بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێ: "ئێمە هەستدەکەین عادل عەبدولمەهدی خواستی ئەوەی هەیە لانیکەم بگاتە چارەسەرێکی مامناوەندی، بەڵام دەشزانین ئەوە ئاسان نابێت، چونکە هێز و گرووپە چەکدارەکانی عێراق لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا نین". ئەو نموونە بە بڕیاری هەڵگرتنی بازگە گومرگییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق دەهێنێتەوە کە دواجار لەژێر گوشاری هێزەکانی حەشدی شەعبیدا، ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق سەرینەگرت: "نەخوازە پرسێکی گرنگ و هەستیاری وەک گەڕانەوەی پێشمەرگە، بە دڵنیاییەوە کێشەی بۆ دروستدەکەن".

لیوا قارەمان کەمال، قسەکانی ئەو بەرپرسەی وەزارەتی پێشمەرگە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ: "کێشەکە تەنیا سەربازی نییە و سیاسییە، هێزە عێراقییەکان بۆچوونی هاوبەشیان بەرامبەر پێشمەرگە نییە، بۆ ئەوەش دەبێ هەماهەنگی هەبێ و هەموو یەک قسە بن، نەک هەر هێزە و بەجۆرێک بڕیار بدات".



# داهاتی ڕۆژانەی گومرگی دهۆک- مووسڵ یەک ملیار دینارە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو– دهۆک**

شەش ڕۆژە دەستەی گشتی گومرگەکانی عێراق، بڕیاری هەڵگرتنی خاڵە گومرگییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و شارەکانی عێراقی داوە، بەڵام هێشتا گومرگەکان هەڵنەگیراون، سەرچاوەیەک داهاتی ڕۆژانەی گومرگی فایدە لە نێوان دهۆک و مووسڵ بە یەک ملیار دینار دەخەملێنێ.

ساڵێک لەمەوبەر مووسڵ بە تەواوی لە دەستی داعش دەرهێنرا، دوای شەش مانگ ڕێگای نێوان دهۆک و مووسڵ کرایەوە، بەڵام تەنیا بۆ هاتن و چوونی هاووڵاتیان. لە مانگی حەوتی ئەمساڵ ڕێگاکە بەڕووی بازرگانانیشدا کرایەوە، بەڵام زۆری نەبرد حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق بڕیاری دا بە دانانی سێ خاڵی گومرگی لەسەر ڕێگاکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی.

هەفتەی ڕابردوو دەستەی گشتی گومرگەکانی عێراق بڕیاری دا بە لابردنی هەرسێ خاڵە گومرگییەکە، بەڵام ئەو هێزانەی گومرگەکان بەڕێوەدەبەن، پابەند نەبوون بە بڕیاری دەستەکە و ئێستاش بەردەوامن لە وەرگرتنی گومرگ لەو بارهەڵگرانەی لە هەرێمی کوردستانەوە دەچنە شارەکانی عێراق.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە گومرگی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "سێ ڕۆژ دوای بڕیارەکە بە پاساوی جیاجیا دەرگایان بەسەر هاتوچۆی بازرگانیدا داخست، بەڵام ئێستا شەوان ڕێگە بە بارهەڵگرەکان دەدەن و وەکو جاران گومرگ وەردەگرن".

ئەو سەرچاوەیە دەڵێت ئامانج لە دانانی ئەو خاڵە گومرگیانە لاوازکردنی دەروازە سنوورییەکانی

> **چەند بەرپرسێکی ئیداری ڕێگرن لەبەردەم لابردنی گومرگی فایدە**
>
> سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا

هەرێمی کوردستان بوو، بەتایبەتی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل، چونکە بازرگانان لە ئیبراهیم خەلیل گومرگ دەدەن و لە فایدەش دووبارە گومرگ دەدەن، بۆیە ئەوکات ناچار دەبن ئاراستەی کارەکانیان بۆ بەندەری ئوم قەسر لە بەسرە بگۆڕن.

سەرچاوەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، لەبارەی بڕی ئەو پارەیەی کە لە شوفێران وەردەگیرێ، دەڵێت: "ڕۆژانە 500 بارهەڵگر کاڵا و کەلوپەلی خۆراک و بیناسازی دەگوازنەوە بۆ مووسڵ، هەر ئۆتۆمبێلێک بە گوێرەی بارەکەی یەک تا سێ ملیۆن دیناری لێوەردەگیرێ. ئەمەش بە تێکڕا دەکاتە نزیکەی یەک ملیار دینار".

گوتیشی: "جگە لە حکومەت چەند بەرپرسێکی ئیداری و سەربازی لە مووسڵ سوود لەو پارەیە وەردەگرن، هەر لەبەر ئەوەش ئەو گومرگانە هەڵناگیرێن".

مووسڵ دووەم گەورەترین شاری عێراقە و ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی 3 ملیۆن کەس دەبێ. ڕێگای دهۆک- مووسڵ ڕێگایەکی ستراتیژییە، چونکە نزیکترین ڕێگایە کە تورکیا بە عێراقەوە دەبەستێتەوە.

پێشتر هەرێمی کوردستانیش گومرگی لەو بارهەڵگرانە وەردەگرت کە باریان دەبرد بۆ مووسڵ، بەڵام سەرچاوەکەی گومرگی دهۆک دەڵێت "دوای بڕیارەکەی دەستەی گشتی گومرگەکانی عێراق، ئێمە گومرگ وەرناگرین و تەنیا بارەکان دەپشکنین".

سەیدۆ چەتۆ، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا دەڵێت ئەوان هەر لەسەرەتاوە دژی دانانی ئەو خاڵە گومرگیانە بوون، چەندینجار بە نووسراوی فەرمیش داوای لابردنیان کردووە، ئێستا دەستەی گشتی گومرگەکانیش ئەو بڕیارەی داوە، بەڵام خاڵەکان هێشتا ماون. چەتۆ بە (ڕووداو)ی گوت: "چەند بەرپرسی ئیداری مووسڵ ناهێڵن بڕیارەکەی دەستەی گشتیی گومرگەکان جێبەجێ بکرێ، نووسراوێک بۆ پارێزگاری نەینەوا دەکەین بۆ ئەوەی بزانین بۆچی بڕیارەکە جێبەجێ ناکرێ".

مووسڵ 50 کیلۆمەتر لە دهۆک دوورە. سوودمەندی یەکەم لە هەڵگرتنی ئەو خاڵە گومرگیانە، بازرگانانی دهۆکن کە بەپێی ئاماری ژووری بازرگانیی دهۆک، پێش شەڕی داعش 160 کۆمپانیای دهۆک، نووسینگەیان لەشاری مووسڵ هەبووە. ئێستاش چاویان لەوەیە بەشدارییەکی کارایان لە ئاوەدانکردنەوەی شارەکەدا هەبێ.

ئەیاد حەسەن، سەرۆکی ژووری بازرگانی دهۆک دەڵێت: "وەرگرتنی گومرگ لە فایدە کاریگەری خراپی لەسەر بازرگانیی لە دهۆک هەبووە، چونکە بازرگانان دەبێ دووجار گومرگ بدەن، جارێک لە ئیبراهیم خەلیل و جارێکیش لە فایدە، ئەمەش جموجۆڵی بازرگانی لەنێوان دهۆک و مووسڵ زۆر کەم کردووەتەوە".



ڕۆژانە 500 بارهەڵگر لە دهۆکەوە دەچنە مووسڵ

# حەشدی شەعبی سەرانە لە خەڵکی مووسڵ وەردەگرن


پەرلەمانی عێراق لیژنەیەکی 43 کەسی بۆ بابەتی وەرگرتنی سەرانە لە مووسڵ پێکهێناوە

**هەڵۆ کاکەوەیس**
**ڕووداو – هەولێر**

پەرلەمانتارێکی سوننە، هێزەکانی حەشدی شەعبی لە مووسڵ بەوە تۆمەتبار دەکات کە نووسینگەی وەرگرتنی "سەرانە"یان لە مووسڵ داناوە. بەرپرسێکی شیعەش ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە، بەڵام سەرکردەیەکی حەشدی شەعبی لە مووسڵ ئەوە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت هەر کەسێک سەرانە وەربگرێ سەری دەشکێنم.

دوای دەرهێنانی تەواوی مووسڵ لە چنگی چەکدارانی داعش، گرووپەکانی حەشدی شەعبی، هێدی هێدی بارەگاکانیان لەبەری ڕۆژهەڵاتی شارەکە بۆ ڕۆژئاوای شارەکە گواستەوە. ئێستا ئەو گرووپانە بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە سەرانە لە کاسبکاران و بەڵێندەرانی شارەکە وەردەگرن.

مەنسوور ئەلمەرعید، پەرلەمانتاری پارێزگای نەینەوا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کەسانێک بە ناوی سەرکردەکانی حەشدی شەعبییەوە پارەی خەیاڵی لە خەڵکی مووسڵ وەردەگرن و نووسینگەی تایبەتیان بۆ ئەو بابەتە هەیە". هەروەها دەڵێت: "وەرگرتنی تەندەر لە پارێزگاکە قۆرخ دەکەن و نووسینگەی تایبەتیشان بۆ ئەوە کردووەتەوە".

خاوەنی دەرمانخانەیەک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، قسەی ئەو پەرلەمانتارەی پشتڕاستکردەوە و گوتی: "پێشتر داعش مانگانە 450 دۆلاری لێدەسەندین، بەڵام ئێستا حەشدی شەعبی داوای زیاتر دەکات، بۆیە ناچار بووین دەرمانخانەکەمان دابخەین". بەپێی زانیارییەکان حەشدی شەعبی داوای 1000 دۆلاری لە خاوەنی دەرمانخانەکان کردووە.

حاکم زاملی، سەرکردەی ڕەوتی سەدر و سەرۆکی پێشووی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق، لەبارەی وەرگرتنی سەرانە لە خەڵکی مووسڵ بە (ڕووداو)ی گوت: "بابەتی سەرانە وەرگرتن لە مووسڵ هەیە و حاشاهەڵنەگرە، هەرچی لەو شارە پارەیەکی باش پەیدا بکات، دەبێ لەگەڵ گرووپە چەکدار و دەستڕۆیشتووەکانی شارەکە بەشی بکات".

بەڵام سەرکردەیەکی حەشدی شەعبی ئەمە ڕەتدەکاتەوە. سەید موختار مەحموودی موسەوی، پەرلەمانتاری فەتح و فەرماندەی لیوای حوسێن لە حەشدی شەعبی لە قەزای تەلەعفەر بە (ڕووداو)ی گوت: "من تەحەدای هەر کەسێک دەکەم بڵێ گرووپەکانی حەشد لەو شارە پارە لە خەڵکی وەردەگرن".

سەید موختار هەڕەشە لەو کەسانە دەکات کە پارە لە خەڵکی وەردەگرن و دەڵێت "ئەو کەسانەی دەڵێن سەرانەمان لێوەرگیراوە، بابێنە لام. سوێند بەخوا هەر کەسێک ناونیشانی ئەوانەم بداتێ کە پارە لە خەڵکی وەردەگرن بە توندترین شێوە سزایان دەدەم و سەریان دەشکێنم".

بەڵام خاوەنی دەرمانخانەکە دەڵێت: "سوێند بەخوا بەس بزانن من زانیاریم بە ئێوە داوە، یەکسەر دەمکوژن".

مەسەلەی وەرگرتنی سەرانە لە کاسبکاران و سەرمایەدارانی شاری مووسڵ، باسێکی گەرمی شەقامی عێراقییە، بە تایبەتی لەنێو سوننەکاندا، بۆیە پەرلەمانی عێراق لیژنەیەکی لە 43 پەرلەمانتار بۆ ئەو بابەتە دروستکردووە و سێ مانگی بۆ داناون بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێک لەو بارەیەوە ئامادە بکەن.

حاکم زاملی دەڵێت: "ئێمە دەیان بەڵگەمان لایە و پێشکەشی لایەنە پەیوەندیدارەکانمان کردووە و چاوەڕێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەین، هەر کات ئەنجامی ئەو بابەتە ڕاگەیێندرا، ئێمەش بڵاویان دەکەینەوە".

سەرانە لە کێ وەردەگیرێ؟ حاکم زاملی ناوی ئەو کەس و لایەنانە ئاشکرا دەکات کە سەرانەیان لێوەردەگیرێ و دەڵێت: "سەرمایەداران، خاوەن نۆرینگەکان دووکاندارەکان، نووسینگەکانی گۆڕینەوەی دراو، خاوەن مولیدەکان، دەرمانخانەکان، خاوەنی گەراجەکان، جوملەفرۆشەکان، ئاژەڵدان و خاوەن بەنزیخانەکان سەرانەیان لێوەردەگیرێ". گوتیشی: "ئەو پارانەی لەلایەن ئەو گرووپانەوە لەو خەڵکە وەردەگیرێت یەکجار خەیاڵییە و لە سەرووی سەدان ملیۆن دۆلارەوەیە".

جەمیلە عوبەیدی، پەرلەمانتاری پارێزگای نەینەوا دەڵێت: "هێزە نزیکەکان لە حکومەت لەسەر پردی گەیارە باج بەسەر مەڕدارەکاندا دەسەپێنن".

زاملی پێیوایە وەرگرتنی سەرانە کاری کردووەتە سەر دۆخی ئەمنیی مووسڵ و دەڵێت "بەرپرسانی ئەمنی لە مووسڵ سەرقاڵی سەرانە وەرگرتنن و ئاگایان لە هیچ نەماوە، بۆیە داعش لەو ناوچانە سەری هەڵداوەتەوە".

سەید موختار دانانی هەموو جۆرە نووسینگەیەک بۆ وەرگرتن سەرانە لە شارەکە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "هەرچی بەناوی نووسینگەی ئابوورییەوە هەبووە دامانخستوون و کەسانێکی قۆرخکارمان دەستگیرکردووە و سزای توندیان دەدەین" گوتیشی "من دەسەڵاتی تەواوم هەیە لە شاری مووسڵ و هەر کەسێک لەوێ پێشێلکاریی بەرامبەر هاووڵاتیانی شارەکە بکات سزای دەدەم".

> **لە مووسڵ نووسینگەی تایبەت بە وەرگرتنی سەرانە دانراوە**
>
> پەرلەمانتارێکی نەینەوا

> **هەر کەسێک سەرانە وەربگرێت سەری دەشکێنم**
>
> سەرکردەیەکی حەشدی شەعبی لە مووسڵ

## هەڤاڵ کوێستانی، نووسەری کتێبی (ئەو ڕۆژانەی نیشتیمان هی هەمووان بوو) بۆ (ڕووداو)

# ناونیشانی کتێبەکەم لە قسەیەکی مام جەلال وەرگرتووە



هەڤاڵ کوێستانی، نووسەری کتێبی (ئەو ڕۆژانەی نیشتیمان هی هەمووان بوو) کە بیرەوەرییەکانی نووسەرە لە سەردەمی پێشمەرگایەتی، لەم هەڤپەیڤینەدا کە پوختەی بەرنامەیەکی پەنجەمۆری کەناڵی (ڕووداو)ـە و بەچەند ئەڵقەیەک بڵاودەبێتەوە، باسی پەیوەندیکردنی خۆی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و چوونی بۆ قەرەداغ و دواتریش سەرکردایەتی یەکێتی، هەروەها باسی جیابوونەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتی و ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتی و حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکات. تەواوی هەڤپەیڤینەکە کاژێر 22:05 شەوی هەینی لە کەناڵی ڕووداو پەخشدەکرێت.

**هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین**
**ڕووداو- سلێمانی**

### بەشی یەکەم

**ڕووداو: با هەر لە کتێبەکەتەوە دەستپێبکەین: "ئەو ڕۆژانەی نیشتیمان هی هەمووان بوو"، بۆچی ئەو ناوەت هەڵبژارد، ئێستا هی هەمووان نییە؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** ئەوکاتەی من بووم بە پێشمەرگە، یان چوومە ڕێکخستنە نهێنییەکانەوە، نەک من هەموو ئەوانەی دەچوونە ڕێکخستنەکان یان دەبوونە پێشمەرگە، ژیانی خۆیان دەخستە سەر دەستی خۆیان و ئامادەبوون بۆ قوربانیدان لە پێناوی نیشتیماندا. ئێمە نیشتمانمان بە هی هەمووان دەزانی، بۆیە دەمانتوانی خۆمانی لەپێناودا بەخت بکەین. من ئێستاش نیشتیمان بە هی هەمووان دەزانم، بەڵام بەداخەوە خەڵک زۆرجار دەسەڵات و نیشتیمان تێکەڵ بە یەکدی دەکەن، پێیوایە نیشتیمان نیشتیمانی دەسەڵاتە، نەخێر. دەسەڵات هی کەمینەیەکە، بەڵام نیشتیمان هی هەمووانە و بۆ هەمووانە.

دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم، ناونیشانەکە لە دێڕێکی نێو کتێبەکە وەرگیراوە، باسی ئەوە دەکات کە بەفرێکی زۆر باریوە، کۆمەڵێک پێشمەرگە سەنگەری خۆیان جێهێشتووە و هاتوونەتە خوارێ، مام جەلال دەیانبینێ و لێیان توورە دەبێ و پێیاندەڵێ بڕۆنەوە سەنگەرەکانتان، بۆ وا دەزانن نیشتیمان هی منە، نیشتیمان هی هەمووانە.

**ڕووداو: ئەگەر بگەڕێینەوە سەردەمی منداڵی و گەنجێتیت، کەی تێکەڵ بە سیاسەت بووی؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** هەر لە سەرەتای چوونم بۆ قوتابخانە شۆڕشی ئەیلوول دەستیپێکرد، ئیدی ئەو ناوچەیەی ئێمە (بیتوێن) هێزی چەکداری زۆری لێ کۆبووەوە کە زۆرتر هێزی عەشایری بوون. بەهۆی ئەو شەڕانەی لەو ناوچەیە دەکران، ئیدی هەر لە منداڵییەوە ئاشنایەتیمان لەگەڵ شەڕ و تەقوتۆق پەیدا کرد، ئەو کاتەشی لە قوتابخانە بووین، هەمیشە مەترسی بۆردومانی فڕۆکە هەبوو، مەترسی هێرش هەبوو، بۆیە زۆرجار لە ترسی بۆردومان دەچووینە دەشت بۆ شوێنی خۆشاردنەوە.

**ڕووداو: ئەوکات سەرکردایەتیی شۆڕش دەهاتنە ئەو ناوچانە؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** بەڵێ دەهاتن. من بۆ یەکەمجار مام جەلالم لە چوارقوڕنە بینی، هاتبوو بۆ پرسەیەک. زۆر منداڵ بووم، ڕەنگە ساڵی 1962 بووبێ. دواتر لە ساڵی 1963 کە گفتوگۆ لە نێوان شۆڕش و حکومەتی عێراق دەستیپێکرد، یەکێک لە دانیشتنەکان لە چوارقوڕنە بوو، تەنانەت بارزانی بەخۆی و هێزەکەیەوە چەند ڕۆژێک لە قوتابخانەکەی ئێمە مانەوە. دواتر کۆبوونەوەی تر لە ڕانیە کرا. بۆیە ناوچەکەی ئێمە هەمیشە ناوچەی چڕبوونەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بووە.

**ڕووداو: تۆ لەگەڵ یەکێتیی قوتابیان سەروکارت نەبووە؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** من دوای بەیاننامەی 11ی ئادار چوومە ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابیانەوە، لە چوارقوڕنە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی قوتابیان بووم. چالاکی زۆریشمان هەبوو. من لە قوتابیان چالاک بووم، بەڵام

چاوەڕێم دەکرد لەسەر شیعری "دوانامە" لەسێدارە بدرێم

لە شوێنێک لە قوتابیان کشامەوە، بەهۆی نووسینی بابەتێکی ڕەخنەییەوە بوو کە ناوچەی پارتی لە ڕانیە بە نووسینەکەم ناڕەحەت بوون.

**ڕووداو: نووسینەکە چی بوو؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** یەکێتی لاوان لە ڕانیە شانۆگەرییەکیان پێشکەشکرد، منیش هەندێک سەرنجم لەسەر شانۆگەرییەکە نووسیبوو، ناردم بۆ ڕۆژنامەی برایەتی کە زمانحاڵی پارتی بوو، لەوێ بڵاوکرایەوە، ئەوان پێیانخۆش بوو گوتیان ئەوە ڕەخنەیە لە شانۆگەرییەکە و شانۆکارەکان. بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش ڕەخنە لە چالاکڤانەکانی پارتی، بۆیە گوتیان یان دەبێ داوای لێبوردن بکەی یان شتێک بنووسە لەسەر دیوە باشەکانی شانۆگەرییەکە، یان دەبێ تەجمید بکەین، منیش گوتم لە جیاتی هەموو ئەمانە دەست لەکار دەکێشمەوە. ئیدی وازم لە یەکێتی قوتابیان هێنا.

**ڕووداو: لە ساڵی 1975 کە شۆڕش تێکدەچێ، ئێوە هەندێکجار بە "ئاشبەتاڵ" ناوی دێنن. دواتر لەسەر ئەمەش قسە دەکەین، ئێوە دەتانەوێ دەست بە شۆڕش بکەنەوە، بەڵام لە ڕێگەی شیعرەوە...**

**هەڤاڵ کوێستانی:** ڕەنگە ئەوکاتە سەرەتای شیعری من بووبێ. ئەوکات یەکێک لە شیعرەکانم بۆ ڕادیۆی شۆڕش نارد و بڵاوکرایەوە. ئەمە بۆ من هاندانێکی باشبوو. بەتایبەتی ئەوکات کۆمەڵێک ئەدیب و ڕۆشنبیر بەرنامە ئەدەبییەکانی ڕادیۆیان بەڕێوەدەبرد. دوای ئەوەش هۆنراوەیەکی دیکەم نووسی بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری بەیاندا بڵاوکرایەوە کە هۆنراوەیەکی شۆڕشگێڕی بوو. لە دوای ئاشبەتاڵیش کە تۆ دەڵێی تۆ وای پێدەڵێی، دیسان بەردەوام بووم لە شیعرنووسین. ئەوکاتەی کە سەنگەری سیاسی و پێشمەرگە چۆڵ بوون، ئەدەب ڕۆڵێکی گرنگی بینی، بە تایبەتی شیعر لە پڕکردنەوەی ئەو سەنگەری بەرگرییەی کە دەبوو بەرامبەر ڕژێمی بەعس هەبێت.

**ڕووداو: بەرەی پارتی دەڵێن نسکۆی شۆڕش، بۆچی بەرەکەی دیکە وەکو ئیستفزاز وشەی ئاشبەتاڵیان بەکارهێنا؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** ئەو وشەیە لە ئەدەبیاتی یەکێتی پەرەی پێدرا، بەڵام بەر لە دروستبوونی یەکێتی، وشەی ئاشبەتاڵ وەکو وشەیەکی میللی بڵاوبوو. هەر ئەو ڕۆژەی بڕیاری کۆتاییهاتنی خەباتی چەکداری درا، خەڵک ئەو وازهێنانەیان بە ئاشبەتاڵ ناوبرد. وشەی ئاشبەتاڵ وشەیەکی میللییە و هیچ پەیوەندی بە ئایدۆلۆژییەوە نییە، بۆ پشتیوانی لایەنێک یان دژایەتی لایەنێکی دیکە نییە، بۆیە حەقە وشەکە وەکو خۆی وەربگیرێ.

**ڕووداو: شیعرێکت هەیە بەناوی "نیسان بەفر گڕی گرت" ئەوە هی سەردەمی پێشمەرگایەتیە یان پێش ئەوەی بچیتە دەرەوە؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** ساڵی 1979 قوتابیانی کورد ئەوانەی لە زانکۆی مووسڵ دەیانخوێند، گەشتێکیان سازکرد بۆ ناوچەی دڵۆپە لە هەولێر. منیش بەڕێکەوت ئەوکاتە لەوێ بووم، دەعوەتیان کردم لەگەڵیان بچم. لەوێش داوایان لێکردم شیعرێک بخوێنمەوە. ئەو شیعرەی کە من خوێندمەوە نووسیبووم بۆ ئەوەی بیدەم بە میهرەجانی دووی شیعری کوردی، بەڵام لەوێ خوێندمەوە بەناوی "ئەمجارە بەفریش گڕ دەگرێ". ئەمە پەیوەندییەکی زۆری بە شۆڕشەوە هەبوو، بەڵام دوای ئەوەی شیعرەکەم خوێندەوە، باری ئەوێ کەمێک تێکچوو، هەندێک لە برادەرەکانم ئامۆژگارییان کردم کە ئەوێ بەجێبێڵم چونکە گەشتەکە لەژێر چاودێریی ئەمندایە. ئیدی منیش ئەوێم جێهێشت و گەڕامەوە بۆ هەولێر.

**ڕووداو: شیعرەکەت پێشکەشی میهرەجانەکە نەکرد؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** با ناردم، بەڵام دوو سێ ڕۆژ پێش میهرەجانەکە ئاگاداریان کردمەوە کە بڵاوناکرێتەوە، چونکە زۆر توندە، ئەگەر بڵاوی بکەنەوە، من و ئەوانیش تووشی سەرئێشە دەبن. بۆیە بە شیعرێکی دیکە بەناوی "دوا نامە" بەشداریم کرد.

**ڕووداو: ئیدی ئەمە دوا نامە بوو، چوویتە دەرەوە؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** کە ناوم لە شیعرەکە نا دوا نامە، زۆرتر مەبەستم ئەوە بوو کە ڕەنگە ئەمە دوا شیعرم بێ و لەسەر ئەو شیعرە تووشی گیران و تەنانەت لەسێدارەدانیش ببم. هەرچەندە وادەرنەچوو. بەڵام بوو بە دوا شیعری من لەناو شاردا. ئیدی دوای ئەوە بووم بە پێشمەرگە.

**ڕووداو: تۆ کەی پەیوەندیت کرد بە ڕیزەکانی کۆمەڵەوە، لەڕووی فکرییەوە خۆت ئامادە کردبوو ببیتە ئەندامی کۆمەڵە؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** من 18 ساڵم تەواو نەکردبوو کە بە ئەندامی پارتی وەرگیرام. بەڵام دوای وازهێنانم لە پارتی و یەکێتی قوتابیان، فیکری چەپ بوو بە هاندەری من بۆ ئەوەی بەرەو ئەو لایەنە بڕۆم. زۆرتر دیراسەی ئەو بابەتانەم دەکرد کە پەیوەندیان بە فیکری چەپەوە هەبوو، زیاتریش لە سەرچاوە فەلەستینییەکانەوە، ئەوکات گۆڤاری هەدەف دەردەچوو کە نووسەرە فەلەستینییەکان دەریاندەکرد، لە ڕێگەی ئەوانەوە فیکری چەپ زیاتر لەلای ئێمە بڵاوبووەوە. جگە لەوەش کتێبەکانی ماوتسی تۆنگ کە هەندێکیان کرابوون بە کوردی. کتێبەکانی لینین کە هەندێکیان کرابوون بە عەرەبی.

**ڕووداو: ئێوە ئاگاداری دروستبوونی کۆمەڵە بوون، دەتزانی ئەو ڕێکخراوە هەیە.**

**هەڤاڵ کوێستانی:** نەخێر نەماندەزانی. دەمەوێ ئەوەش بڵێم تێکشکانی ڕەوتی ناسیۆنالیستی لەنێو

فیکری چەپ زیاتر لەڕێگەی فەلەستینییەکانەوە گەیشتە ئێمە

باڵی جەلالیی ناو بزووتنەوە لە کارەساتی هەکاری کۆتایی هات

باڵی مەلایی بەسەر بزووتنەوەی سۆسیالیستدا زاڵ بوو

کورد لە ساڵی 1975 بەدواوە، وایکرد گەنجان زۆرتر بیر لە بەدیل بکەنەوە. ئەوکاتیش ڕەوتە مارکسییەکان ڕەواجێکی زۆریان هەبوو.

**ڕووداو: خۆ ئەوکات شیوعیش هەبوو، بۆچی نەبوون بە شیوعی؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** ئێمە زیاتر چاومان لە ڕێکخراوە مارکسییە شۆڕشگێڕەکان دەکرد، ئەوان کاریگەرییان لەسەر ئێمە هەبوو، بەڵام حیزبی شیوعی چونکە کەوتبووە فەلەکی سۆڤیەتەوە، ئەوکات ئێمەش سۆڤیەتمان بە پشتیوانی دەوڵەتی بەعس دەزانی، نەدەکرا کەسێکی شۆڕشگێڕی مارکسی ببێ بە شیوعی.

**ڕووداو: چۆن پەیوەندیت بە کۆمەڵەوە کرد؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** من سەرەتا ئاگاداری دروستبوونی کۆمەڵە نەبووم. لە نەورۆزی 1976 لە زانکۆی سلێمانی کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە هەبوو. دوای کۆڕەکە بەشێوەی خۆپیشاندان لە زانکۆ هاتینە دەرەوە، دەستمان بە هوتاف کێشان و گوتنی سروود کرد. دوای ئەوەی پیاوانی بەعس پەلاماریان داین و هەر یەکەمان بەلایەکدا ڕامانکرد، من بە ڕێکەوت لەگەڵ یەکێک لە خۆپیشاندەران چووینە کۆڵانێک، لەوێ چووینە ماڵێک کە خزمی ئەو کەسە بوو. ئیدی وردە وردە ئاشنایەتیمان زیادی کرد و ئەو پێیگوتم کۆمەڵە هەیە. من لە ساڵی 1976 چوومە ڕیزەکانی کۆمەڵە.

**ڕووداو: پێشتر کە کەسێک دەچووە دەرەوە، دەبووایە کەسێکی بناسیایە، جا لە ڕێکخستنی نهێنی بووایە، یان دەیاننناردەوە شار چالاکییەکی بکردایە و بیسەلمێنێ کە دژی حکومەتە. تۆ نامەت پێبوو؟ ئەو جۆرە مامەڵانەت پێ شتێکی ڕاست بوو؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** من لەسەر داوای ڕێکخستن چوومە دەرەوە و نامەی ئەوانیشم پێبوو. من بەنیازبووم بچمە دەرەوە خوێندنی باڵا بخوێنم، بەڵام ئەوان گوتیان زۆر پێویستمان بە کەسی وەکو تۆیە بچیتە شاخ. بەڵام ئەوکاتە کە خەڵک دەچووە دەرەوە یان دەبووایە خەڵکی ناسیاوی ناوچەکە بووایە، یان دەبووایە نامەی ڕێکخستنی پێبێ، یان کەسێک ببێ بە کەفیلی. ئەگەر گومانیان لێکردبایە ڕەنگە ماوەیەک ئازاریان بدایە، نەوەک جاسووسی حکومەت بێ، یان نارنجۆکێکیان دەدایێ بڕوات چالاکییەک لەناو شاردا بکات. ئەمە ئالیەتێکی خراپ بوو بۆ وەرگرتنی پێشمەرگە، چونکە ئەو کەسە چەکی نەدیوە، ڕاهێنانی نەکردووە، ڕەنگە بەو هۆیەوە خۆی بەربکەوێ یان خەڵکی دیکە بکوژێ. بەڵام لەبەر ئەوەی بەعس جاسووسی دەنارد بۆ ناو پێشمەرگە، ڕەنگە ئەوانیش لەو قۆناغەدا لەو ئالیەتەیان زیاتر شک نەبردبێ. دواتر وردە وردە ئەم میکانیزمەش نەما.

**ڕووداو: تۆ ساڵی 1979 دەبیتە پێشمەرگە، سەرەتا دەچی بۆ قەرەداغ، بەڵام دواتر لەوێ نامێنی؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** من لە قەرەداغ بە ناونیشانی کادیری ناوچەی قەرەداغ دەستبەکاربووم، بەڵام کە مەلا بەختیار لەوێ منی بینی، گوتی دەبێ تۆ بێیت بۆ سەرکردایەتی، لەوێ شوێنی باشتر هەیە بۆ توانا و کار و چالاکی تۆ. ئیدی منیش لەگەڵی چووم بۆ سەرکردایەتی.

**ڕووداو: شەهید ئارام لە ناوچەی تەنگیسەر شەهید دەبێ، لەوێ گومان لە چۆنیەتی کوژرانەکەی دەکرێ، لە نێو کۆمەڵە باسی ئەو گومانانە دەکرا؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** من بەر لەوەی قەرەداغ جێبهێڵم، چووین بۆ تەنگیسەر بۆ سەر گۆڕی شەهید ئارام، تەنانەت لەوێ شیعرێکیشم خوێندەوە کە بۆ شەهیدبوونی ئەو نووسیبووم. لەوێ زۆر باسی شەهید ئارام دەکرا، زۆرتر باسی دیوە جوانەکانی شەهید ئارام دەکرا. بەڵام بۆ مەسەلەی گومان لەوەی خەڵک دەستی هەبووە لە شەهیدکردنیدا ئەوکات ئەو شتە باس نەدەکرا. دواتر کە چوومە سەرکردایەتی و لە ئەنجامی هەستکردن بەو ناکۆکیانەی لە سەرکردایەتی هەبوو، باس لەو گومانانە دەکرا.

ڕووداو: ئەوکاتە پەیوەندی یەکێتی لەگەڵ دیموکرات و کۆمەڵە چۆن بوو؟

هەڤاڵ کوێستانی: ئەوکاتەی لە ئێران ئینقیلاب کرا، سەرکردایەتی دیموکرات لە عێراق بوو، کە شۆڕش سەرکەوت گەڕانەوە. کۆمەڵەش ڕێکخراوێک بوو تازە دەرکەوتبوو. یەکێتی بۆ یارمەتیدانی دیموکرات و کۆمەڵە هێز و کادیرێکی زۆری نارد، بەڵام دواتر کە ئێمە بەو ناوچە سنوورییانەی ئەوێدا ڕەتبووین کە دەکەوتنە ژێر کۆنترۆڵی ئەوان، هەستمان بە شتێک لە ناکۆکی دەکرد لە نێوان یەکێتی و حیزبی دیموکرات، بەڵام کۆمەڵە وانەبوو، بەهۆی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە پەیوەندییەکی بەهێزمان هەبوو. بەڵام دوای ئەوەی کۆماری ئیسلامی کەوتە سەرپێ و سوپای پاسدارانی دروستکرد و پەلاماری کوردستانی دا، بەشێکی زۆر لە هێزە کوردییەکان ناوچەکانی خۆیان جێهێشت و هاتنە ناو زەنگ، بە هێزە فارسییەکانیشەوە. یەکێتی پشتیوانی زۆریشی کردن، بەڵام گرژییەک لە نێوان یەکێتی و حیزبی دیموکراتدا هەبوو، ئەمە کۆمەڵێک هۆکاری هەبوو، لەوانە دیموکرات پێیوابوو کۆمەڵە دروستکراوی یەکێتییە و بۆ دژایەتی ئەوانە. خاڵێکی دیکە ئەوە بوو کە حیزبی دیموکرات پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەبوو، ڕەنگە لە ترسی بڕینی ئەو کۆمەک و هاوکارییەی لە بەعسەوە بۆیان دەهات، نەیانویستبێ پەیوەندییان لەگەڵ یەکێتی بەهێز بێ.

**ڕووداو: ئەوکات مام جەلال هەوڵی دروستکردنی بەرەیەکی دا، بەڵام سەری نەگرت؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** مام جەلال کۆمەڵێک هەوڵی دا شتێک لە شێوەی یەکێتی نیشتیمانی لە ئێران دروست ببێ. لە نێوان دیموکرات و کۆمەڵە و هێزەکەی شێخ عیزەدین، هێزەکەی مەلا شێخ جەلال، بەڵام دیارە ئەمە سەرینەگرت. هەروەها هەوڵی زۆری دا گفتوگۆ لە نێوان کۆماری ئیسلامی و هێزە کوردییەکان دروستبکات، کۆمەڵێک دیداریش کران.

**ڕووداو: لەوێ کە نوێنەرایەتی کوردی ڕۆژهەڵات دروست دەبێ، یەکێک لە مەرجەکان بۆ گفتوگۆ دەرکردنی قیادەی مۆقەت بوو، ئایا یەکێتی یان مام جەلال دەستیان لەوەدا هەبوو؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** ئەو ناکۆکییەی بەناوی باڵی جەلالی و مەلایی کە دروستبوو، دوای ئاشبەتاڵ و دەستپێکردنەوەی شۆڕش کە یەکێتی بە شۆڕشی نوێ و پارتی بە شۆڕشی گوڵان ناوی دەبات، درێژەی هەبوو. ئیدی کۆمەڵێک کارەساتی بەدوادا هات، لەوانەش کارەساتی هەکاری، بەڵام کاتێک کە شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران سەرکەوت. قیادەی

یەکەمجار کە مام جەلالم بینی بە پارچە شیعرێکی خۆم پێشوازی لێکردم

مۆقەتە پاڵیان دایە پاڵ کۆماری ئیسلامی. ئەمە وایکرد زەمینە بۆ یەکێتی ئاسانتر بێ ئەو شەڕە کۆن و درێژخایەنەی کە هەیە پاساوی زۆرتری هەبێ بۆ درێژەدان بە شەڕەکە. خاڵێکی دیکە لەو شەڕانەی کە لەنێوان دیموکرات و سوپای پاسداراندا دەکرا، باس لەوە دەکرا کە قیادە هاوشانی پاسداران شەڕ لە دژی دیموکرات دەکات. ئەوانە ئەو زەمینە دەروونییەی لەلای ئێمە سازکردبوو کە لێدانی قیادە مۆقەتە وەکو ئەرکێکی نیشتیمانی تەماشا بکرێ. بۆیە کاتێک کە هێزە کوردییەکانی ئێران کۆبوونەوە و لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەی کە باسمانکردن لە نێوان کۆماری ئیسلامی و هێزە کوردییەکان، بەیاننامەیەکی هەشت خاڵییان ئامادە کرد خاڵی هەشتەمی بەیاننامەکە باسی دەرکردنی قیادە مۆقەتە دەکات لە ئێران. بە بڕوای من ئەوە قورسایی و کاریگەری مام جەلالی زۆر تێدابوو، ئەوکات حیزبی دیموکرات لەسەر ئەو خاڵە ڕازی نەبوون. ئەوان داوایان دەکرد کە تەنیا سەرانی قیادەی مۆقەتە بگرێتەوە.

**ڕووداو: کەی مام جەلالت بینی، ئەوەی لە خەیاڵی خۆت وێنات کردبوو بۆ مام جەلال وادەرچوو؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** ئەوکاتە بوو کە لەگەڵ مەلا بەختیار لە قەرەداغەوە چووین بۆ سەرکردایەتی. هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ مەلا بەختیار و ملازم عومەر چووین بۆ سەردانی مام جەلال کە بارەگاکەی لە توژەڵە بوو. کە چووین بۆ لای مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی و کاک سەڵاح موهتەدی لەلای بوون.

**ڕووداو: پێشتر مام جەلال تۆی دەناسی؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** مام جەلال دووربەدوور منی دەناسی. ڕەنگە بەهۆی ئەو شیعرە بووبێ کە لە میهرەجانی دووی شیعری کوردی خوێندمەوە، چونکە زۆربەی شیعرەکان خرانە سەر کاسێت و نێردران بۆ شۆڕش، مام جەلال گوێی لێگرتبوو، زۆر زۆر پێی خۆشحاڵ بووبوو. تەنانەت کە چووین بۆ بارەگاکەی هەڵسایەوە و بەدەم خوێندنەوەی کۆپلەیەکی شیعرەکەمەوە پێشوازی لێکردین.

**ڕووداو: بزووتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتی جیادەبێتەوە، تۆ سەردانیان دەکەی، لەسەر ئەمە گلەییت لێدەکرێ، ئەمە چۆن بوو؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** من کە گەیشتمە سەرکردایەتی بزووتنەوە جیاببوونەوە، لەگەڵ ئەوەدابوون حیزبی یەکگرتووی سۆسیالیستی کوردستان دروست بکەن.

مام جەلال دەویست ڕێکخراوێکی هاوشێوەی یەکێتی لە ڕۆژهەڵات دروست بکات

سێ برادەرم لەوێ هەبوون، کاک شێخ محەممەدی سەرگەڵوو و فەقێ بایز و موحسین بایز. حەزم کرد سەردانیان بکەم. من زۆر گوێم بەوە نەدەدا ئێمە ناکۆکیمان هەیە. هێشتا میکرۆبی ڕق و کینە و دووبەرەکی نەهاتبووە جەستەی منەوە. تەنیا پرسم بە مامۆستا جەعفەر کرد، پێمگوت دەچم بۆ سەردانی ئەو برادەرانە. ئەوان ئەوکات خەریکی گفتوگۆ بوون لەگەڵ حکومەتی عێراق و بەنیازبوون لە بەرامبەر ئەو مافانەی گوایە حکومەت پێیاندەدات، بچنەوە شار. دوای ئەوەی کە گەڕامەوە، من هەر بە سروشتی وەرمگرت، بەڵام لە کۆبوونەوەیەکی کادیرانی کۆمەڵەدا ڕەخنە لەو سەردانەی من گیرا.

**ڕووداو: دەگوترێ یەکێتی و کۆمەڵە هیچ حیسابیان بۆ بزووتنەوە نەدەکرد، بۆیە جیابوونەوە.**

**هەڤاڵ کوێستانی:** بزووتنەوە لە دوو باڵ پێکهاتبوو، باڵێکی درێژەکێشانی باڵی جەلالی و باڵەکەی دیکەش مەلایی. باڵی جەلالی لە کارەساتی هەکاری کۆتایی هات، ئیدی باڵی مەلایی زاڵ بوو بەسەر بزووتنەوەدا. ئەوان پێیانوابوو نابێ چیدی لەژێر سێبەری مام جەلال و یەکێتیدا بمێننەوە. ئەوان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە خەتی سێیەم بن لە نێوان پارتی و یەکێتی. خاڵی جەوهەری ئەوە بوو ئەوان پێیانوابوو مادام یەکێتی دروشمی ڕووخانی ڕژێمی هەڵگرتووە، بواری گفتوگۆ لە نێوان یەکێتی و حکومەتی عێراقدا نییە. ئەوانیش بەرنامەی خەباتی خۆیان لەسەر ئەوە دانابوو لە ڕێگەی گفتوگۆوە مافەکانی کورد بەدەستبهێنن. هەرچەندە دڵنیا نیم بەڵام دەگوترێ قاسملووش ڕۆڵی هەبووە لە هاندان و جیابوونەوەی بزووتنەوە لە یەکێتی، ئەوان پێیانوابوو بەمە یەکێتی لاواز دەبێ. لاوازبوونی یەکێتیش واتە لاوازبوونی خەتی کۆمەڵە و هێزەکەی شێخ عیزەدین حوسێنی.

لەسەر وتارێکی ڕەخنەیی وازم لە یەکێتی قوتابیان و پارتی هێنا

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (533) - دووشەممە 2018/12/10



## دەمیرتاش: بەهۆی کوردبوونمانەوە زیندانیکراوین

**ڕووداو–ئەدیرنە**

هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە دەڵێت زیندانیکردنیان بەهۆی کورد بوونیانەوەیە. هەروەها دەڵێت، ڕۆژی 12ـی ئەم مانگە لەسەر یەکێک لەو کەیسانەی تۆمەت خراوەتە پاڵی، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دادگایی دەکرێت، بۆیە داوای پشتیوانی و هاوئاهەنگی لە لایەنگرانی هەدەپە دەکات. سەلاحەدین دەمیرتاش، کە ماوەی دوو ساڵ و مانگێکە لە گرتووخانەی سزا قورسەکانی پارێزگای ئەدیرنە زیندانیکراوە، لەڕێگەی پارێزەرەکانییەوە نامەیەکی بۆ ڕۆژنامەی لومۆندی فەرەنسی ناردووە و تێیدا داوای ئامادەبوونیان لە دانیشتنی دادگاییکردنی ڕۆژی 12-12-2018 لێدەکات، ئەوەش بۆ پشتیوانیکردن و هاوئاهەنگیکردن بۆ گەیاندنی دەنگی بۆ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان.

## بەغدا دەستی بە هەڵگرتنی بەربەستەکان کردووە

# کۆمپانیایەک بایی دوو ملیار دۆلار بەربەستی کۆنکرێتی بە عێراق فرۆشتووە

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

ئەو بەربەرستە کۆنکرێتیانەی کە حکومەتی عێراق بڕیاری داوە لەسەر شەقامەکانی بەغدا هەڵیانبگرێت و بەشێکی زۆری هەڵگرتوونەتەوە، لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی کوردییەوە دروستکراون، خاوەنی یەکێک لەو کۆمپانیایانە دەڵێت بایی نزیکەی 2 ملیار دۆلار بەربەرستی کۆنکرێتیان بە عێراق فرۆشتووە.

دەسەڵاتدارانی عێراق زیاتر لە 70 هەزار بەربەستی کۆنکریتیان لە دەوروبەری بارەگا حکومی و حیزبییەکان و نێوان گەڕەکەکان لادا کە لە ساڵی 2004 بەدواوە بەشێکی زۆریان لەلایەن سوپای ئەمریکاوە بۆ پاراستنی سەربازەکانیان لە هێرش و پەلاماری خۆکوژی دانرابوون.

فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: "بە لادانی بەربەستە کۆنکریتییەکان هەزار شەقام لە شاری بەغدا بەڕووی هاووڵاتیاندا کراونەتەوە، ئەم هەنگاوەش دوای تۆکمەکردنی ئاسایشی دەوروبەری بەغدا دێت بۆ ڕێگرتن لە هاتنە ژوورەوەی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژ".

ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا لە بەیاننامەکەیدا دەڵێت: "لە ماوەی ڕابردوودا زیاتر لە 70 هەزار بەربەستی کۆنکریتی لە شەقام و گەڕەکەکانی نێو شاری بەغدا لادراون، سەرەڕای کردنەوەی هەزار شەقام لە سەرەتای ئەمساڵ، کارکردن بەردەوامە بۆ کردنەوەی سەرجەم شەقامەکانی بەغدا".

محەممەد ڕەزا، ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق، لەبارەی لادانی ئەو بەربەرستە کۆنکرێتیانە بە (ڕووداو)ی گوت: "نزیکەی نیو ملیۆن بەربەست لە شەقامەکانی بەغدا دانراون کە ملیۆنان دۆلاریان تێچووە، ئەمڕۆ دەبێ بەشێوەیەکی تاوتوێکراو لابدرێن و بگوازرێنەوە سنوورەکان یان لە ناوچەکانی سنووری شار دابنرێنەوە".

لە هەرێمی کوردستانیش بەهۆی چەند تەقینەوەیەک، بەربەستی ئەمنی بە چواردەوری زۆربەی بینا حکومییەکاندا دانراون، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پلانیدا نییە ئەو بەربەستانە لابدات.

د.سامی جەلال، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ژمارەی بەربەستە کۆنکریتییەکان زۆر نین، تەنیا لە شوێنە هەستیارەکانی وەکو وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان دانراون کە هیچ ڕێگەیەکی لە هاتوچۆی هاووڵاتیان نەگرتووە و کێشەی دروست نەکردووە، بۆیە بڕیارێک نییە لاببرێن، چونکە ئەو شوێنانە سیمبولی سیادەن و هەر دەبێت پارێزراو بن".

سەبارەت بە لادانی ئەو بەربەستانە لەبەردەم هەندێک هوتێل و بانک و شوێنی دیکە، د.سامی جەلال گوتی: "ئەوانەش بە ڕەزامەندی ئاسایش دانراون و ئەوانیش هیچ ڕێگەیەکی هاتن و چوونیان لە هاووڵاتیان نەگرتووە".

ئەو بەربەرستە کۆنکرێتیانە لەسەرەتای ساڵی 2004 تەنیا لەلایەن کۆمپانیایەکی خۆماڵی دروست دەکران کە ئەویش کۆمپانیای 77 بوو، بەڵام ئێستا چەندین کۆمپانیای دیکە هەمان کار دەکەن.

هێرش خۆشناو، خاوەنی کۆمپانیای 77 بە (ڕووداو)ی گوت: "لە کۆتایی ساڵی 2003 لەبەرئەوەی بارودۆخی عێراق لەڕووی ئەمنییەوە جێگیر نەبوو، ئەمریکییەکان دیزاینێکی تایبەتیان بۆ بەربەستی ئەمنی دانا کە جۆری کۆنکرێت و بەستنی شیشەکانی و دانانی قاڵبەکانی تایبەت بوو، ئەوە نزیکەی 70%ی زیانی تەقینەوە کەمدەکاتەوە، وای لێدەکات لەبری ئەوەی پەرشوبڵاو بێت بۆ ئاسمان بڕوات، هەروەها بەرگەی مووشەک و ئارپیچی و ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژیش دەگرێ".



112 کۆمپانیا لە کوردستان و عێراق بەربەستی کۆنکرێتی دروست دەکەن

> **بەربەستی کۆنکرێتیمان بۆ ئەفغانستان و کوێتیش ناردووە**
>
> خاوەنی کۆمپانیای 77

یەکەم وەجبەی بەربەرستە کۆنکرێتییەکانی کۆمپانیای 77 لە سەرەتای ساڵی 2004 گەیشتنە بەغدا، هێرش خۆشناو دەڵێت "یەکەم وەجبەمان دایە ئەمریکییەکان بۆ پاراستنی بارەگاکەیان لە ناوچەی سەوز، پاش ئەویش بۆ شوێنەکانی دیکەی وەکو بەسرە و حیللە و پارێزگاکانی دیکەمان نارد".

بەهۆی زۆربوونی تەقینەوەکان و پەلاماری چەکدارەکان ڕۆژ بەڕۆژ داواکاری لەسەر ئەو بەربەستە ئەمنیانە زیاتر دەبوو. هێرش خۆشناو دەڵێت: "پێنج کارگەمان لە هەولێر هەبوو، زۆنی سەوزی بەغدا، یەکێک لە فرۆکەخانەکانی بەغدا، بەسرا و ئەوەی دیکەش لەناو قاعیدەیەکی ئەمریکی لە ڕومادی بوو، ڕۆژانە نزیکەی هەزار دانەمان دروستدەکرد، هێشتا پێڕانەدەگەیشتین".

بازاڕە گەرمەکەی بەربەرستی کۆنکرێتی تاوەکو 2007 بەردەوام بوو، بەڵام دوای دروستبوونی هێزەکانی سەحوە و وەدەرنانی قاعیدە لە عێراق، پەلاماری تیرۆرستانیش ڕووی لە کەمی نا، بەمەش بازاڕی بەربەرستە کۆنکرێتییەکان کز بوو.

هێرش خۆشناو لەبارەی نرخ و جۆری ئەو بەربەرستە کۆنکریتیانە دەڵێت: "گرێبەستەکەم لەگەڵ حکومەتی عێراق و ئەمریکییەکان بایی ملیارێک و 800 ملیۆن دۆلار بوو، جۆری بەربەرستەکانیش جیاواز بوون، نرخەکانیان لە نێوان 180 دۆلار تاوەکو 2500 دۆلار بوو، بەڵام ئەو جۆرەی زۆرترین خواستی لەسەر بوو، پێیدەڵێن تیواڵ کە نرخەکەی لە نێوان 350 تاوەکو 900 دۆلارە و لە ناوچەی سەوز دانراوە".

هێرش خۆشناو دەڵێت بەهۆی بەرزیی کواڵیتی بەربەرستەکانیان لە وڵاتانی دیکەشەوە داوای بەرهەمی کۆمپانیاکەیان کراوە. ئەو دەڵێت "کۆنکرێتی کۆمپانیای 77 بوو بە براند، بۆیە لەسەر داوای ئەمریکییەکان لە ئەفغانستان و کوێتیش کارمان کرد".

بەگوتەی هێرش خۆشناو، ئێستا لە عێراق زیاتر لە 100 کۆمپانیا و لە هەرێمی کوردستانیش نزیکەی 12 کۆمپانیا بەربەرستی کۆنکرێتی دروست دەکەن، بەڵام بەهۆی کەمبوونەوەی خواست لەسەری، کۆمپانیاکەی ئێستا دروستیان ناکات و دەڵێت: "هێشتا بایی 20 ملیۆن دۆلار بەربەرستی کۆنکرێتی ئامادەکراومان ماوە".

حەمید سادق، خاوەنی کۆمپانیای ئیبریا کە بەربەرستی کۆنکرێتی دروست دەکەن، دەڵێت: "پێشتر ڕۆژانە 300 بۆ 400 دانەمان بۆ هەموو عێراق دەنارد، بەڵام ئێستا کە شەڕ نەماوە، خواست لەسەری زۆر کەمبووەتەوە و ڕۆژانە تەنیا 100 دانە دروست دەکەین".

## ناوەندێکی ئەمریکی:

# لە 2018دا داعش مانگانە 75 هێرشی کردووە

**ڕووداو– هەولێر**

ڕووداو– هەولێر

داعش لە عێراق تەنیا چەند ناوچەیەکی بچووکی گوندنشینی بەدەستەوە ماوە، حکومەتی عێراق و هاوپەیمانان جەخت لەسەر تێکشکانی ڕێکخراوەکە دەکەنەوە، بەڵام ژمارەی هێرشەکانی داعش لە دوو ساڵ و نیوی ڕابردوودا دەریدەخات، ئەو ڕێکخراوە تاوەکو ئێستاش هەڕەشەیەکی گەورەی ئەمنییە لەسەر عێراق.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و نێودەوڵەتیی ئەمریکا (CSIS)، ژمارەی هێرشەکانی داعش لە عێراق لە چاو 2016 زیادیان کردووە.

داعش لە لووتکەی دەسەڵاتی خۆیدا ٪30ی خاکی عێراقی بەدەستەوە بوو، لە ساڵی 2016 لە نێوان 10 بۆ 25 هەزار چەکداری لە عێراق هەبوو، وەک لە ڕاپۆرتەکەی (CSIS)دا هاتووە ئەوکات مانگانە 60 هێرشی لە عێراق دەکرد.

ئێستا داعش 99%ی ئەو ناوچانەی لەدەستداوە کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتیدا بوون، بەم حاڵەشەوە بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندە ئەمریکییەکە، تێکڕای هێرشەکانیان، مانگانە 75 هێرش بووە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو دابەزیوە کە مانگانە 89 هێرشی کردبوو.

### کەمبوونەوەی ژمارەی قوربانیان

هەرچەند ژمارەی هێرشەکانی داعش لەچاو ساڵی 2016 بەرزبوونەتەوە، بەڵام ژمارەی کوژراوانی هێرشەکان بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیون. وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، لە هێرشەکانی 2016دا ژمارەی کوژراوان 6217 کەس بووە، ئەم ژمارەیە لە ساڵی دواتر بۆ 5339 کەس دادەبەزێ، ئەمساڵیش کەمبووەتەوە بۆ 1656 کوژراو.

ژمارەی هێرشەکانی داعش بۆ سەر خەڵکی مەدەنی کەمیکردووە. لەبەرامبەردا هێرشەکانی سەر دامەزراوە حکومی و سەربازییەکان بەرزبوونەتەوە. بەپێی داتاکان، لە ساڵی 2016 دا داعش 588 هێرشی لە عێراق کردووە، لەو ژمارەیە 473 هێرشیان بۆ سەر شوێنە مەدەنییەکان بووە و 115شیان دامەزراوە حکومی و ئەمنییەکانیان کردووەتە ئامانج. ساڵی ڕابردوو ژمارەی هێرشەکانی داعش لە عێراق بۆ 998 هێرش بەرزبووەتەوە کە 635 هێرشیان بۆ سەر شوێنە مەدەنییەکان بووە و 363 هێرشیشیان لەدژی دامودەزگا حکومی و ئەمنییەکان بووە.

ئەمساڵ داعش 666 هێرشی لە عێراق کردووە، لەو ژمارەیە 272 هێرشیان بۆ سەر شوێنە مەدەنییەکان بووە و 394 هێرشیش دامودەزگا حکومی و ئەمنییەکانیان کردووەتە ئامانج.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، ژمارەی هێرشەکانی داعش لە پارێزگای کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبوونەتەوە، لە کاتێکدا لە هەردوو پارێزگای کەرکوک و سەلاحەدین هێرشەکانی داعش ژمارەیەکی پێوانەییان تۆمارکردووە. ڕاپۆرتەکەی (CSIS) بەشێک لە هۆکاری ئەمە بۆ دروستبوونی بۆشایی ئەمنی لە ناوچە کێشە لەسەرەکان دەگەڕێنێتەوە کە لە ئۆکتۆبەری 2017 بەدواوە لە ژێر دەستی پێشمەرگەدا نەماون.

لە ساڵی 2016دا، داعش نزیکەی 126 هێرشی لە پارێزگای کەرکووک کردووە، ئەم ژمارەیە لە 2017 بۆ 93 هێرش دادەبەزێ. بەڵام لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو کۆتایی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ داعش 197 جار لە پارێزگای کەرکووک هێرشی کردووەتە سەر شوێنە مەدەنی و حکومییەکان. بەو پێیەش ژمارەی هێرشەکانی کەرکووک لە 10 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا دوو هێندەی ساڵی ڕابردوو بەرزبووەتەوە. لە پارێزگای هەولێریش ژمارەی هێرشەکانی ئەمساڵ شەش هێرش و هی ساڵی ڕابردوو دوو هێرش بووە. لە ساڵی 2016دا، داعش 10 هێرشی لە سنووری پارێزگای هەولێر کردبوو. بەو پێیەش ژمارەی هێرشەکانی لە سنووری پارێزگای هەولێر لە نێوان 2017 بۆ 2018 سێ بەرامبەر بەرزبوونەتەوە.

ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی هەموو پارێزگای نەینەوا لە تشرینی یەکەمی 2016 دەستپێکرد و تاوەکو کۆتایی 2017 بەردەوام بوو. هەر بۆیە ژمارەی هێرشەکانی داعش لە ساڵی 2017 هەتا 343 هێرش چووە، لە کاتێکدا ژمارەی هێرشەکانی هەتا کۆتایی تشرینی یەکەمی 2018 بۆ 74 هێرش دابەزیوە. لە ساڵی 2017، ژمارەی هێرشەکانی داعش 256 هێرش بووە.

پارێزگای سەلاحەدین تاکە پارێزگای عێراقە کە تێیدا ژمارەی هێرشەکانی داعش لە سێ ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەردەوام بەرزبووەتەوە. لە 2016دا ژمارەی هێرشەکانی لەو پارێزگایە 52 هێرش بووە، ساڵی دواتر ئەم ژمارەیە بۆ 146 هێرش بەرز بووەتەوە، لە 10 مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا ژمارەکە بۆ 166 هێرش بەرزبووەتەوە.

لە پارێزگای بەغدا ژمارەی هێرشەکانی ئەمساڵی داعش 55 هێرش بووە. بەو پێیەش ژمارەی هێرشەکان لە چاو ساڵی ڕابردوو نیوە بوون. لە ساڵی 2016دا، داعش 102 جار ناوەندە مەدەنی و حکومییەکانی پارێزگای بەغدای کردبووە ئامانج.



ژمارەی هێرشەکانی داعش لە عێراق لە چاو 2016 زیادیان کردووە

### داعش سەرهەڵدەداتەوە؟

ئەزموونی 15 ساڵی ڕابردوو سەلماندوویەتی داعش تەنیا بەرهەمی ناکارامەیی هێزە ئەمنی و سەربازییەکان نییە، بەڵکو ژمارەیەک فاکتەری ئابووری، سیاسی، کولتووری، پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی لە پشت سەرهەڵدان و بەهێزبوونی ئەو ڕێکخراوەن کە ئەگەر پلانی تۆکمەیان بۆ دانەنرێ دەکرێ ڕێگە بۆ سەرهەڵدانی داعش یان قاعیدەیەکی دیکە خۆشبکەن.

بانکی جیهانی پێشبینی دەکات ڕێژەی گەشەی ئابووری عێراق لە ساڵی 2019 بگاتە ٪6.2، بەڵام ئەوەی ڕوون نییە ئەوەیە ئەو گەشە ئابوورییە چۆن ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو ناوچەکانی عێراق دەبێ، لە کاتێکدا بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی تەحەدای گەورەی هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێ.

جیا لەمە فاکتەرە دیموگرافییەکانیش تەحەدای گەورە تووشی حکومەتی عێراق دەکەن.

بەگوێرەی فاکتبووکی (سی ئای ئەی)ی ئەمریکی، ٪58.71ی دانیشتووانی عێراق تەمەنیان لەژێر 25 ساڵە، ڕێژەی بێکاریی گەنجان زیاترە لە ٪16، لە کاتێکدا گومان دەکرێ ڕێژەکە لەو پارێزگایانەی شەڕی داعشیان تێداکراوە یەکجار بەرزتر بێ، لەوانەش نەینەوا، ئەنبار و سەلاحەدین.

ڕاپۆرتەکەی (CSIS) بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتێکی یونیسێف ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نزیکەی 3.5 ملیۆن منداڵی تەمەنی خوێندن یان ناچنە خوێندنگا یان ئەگەر بچن بە بەردەوامی ناچن، زیاتر لە 600 هەزار منداڵی ئاوارەش بە تەواوەتی لە پرۆگرامی خوێندنی 2018 بێبەش بوونە".

ناوەندە ئەمریکییە جەخت لەوە دەکاتەوە ئەگەر حکومەتی عێراق نەتوانێ دەرفەت بۆ ئەو دانیشتووانەی وڵات بڕەخسێنێ، ئەوە داعش دەتوانێ وەکو سەرچاوەیەک بۆ ڕاکێشانی ئەندام و لایەنگر بەکاریان بهێنێ.

حەشدی شەعبی ڕۆڵی گەورەیان لە شەڕی دژی داعش لە ناوچە سوننەکانی عێراق و ناوچەکانی دەوروبەری کەرکووکدا هەبووە، ژمارەیەکی زۆر لەو هێزانەش لەو ناوچانە ماونەتەوە. بەڵام ناوەندە ئەمریکییەکە پێیوایە ئەو هێزانە نەیانتوانیوە بە یەکچاو دانیشتووە شیعە و سوننەکان بپارێزن، لە کاتێکدا هێزەکانی حەشد زیاتر فۆکەسیان لەسەر ناوچە شارییەکانی پارێزگای کەرکووک و سەلاحەدینە و ئاسایشی ناوچە گوندییەکان ناپارێزن کە شوێنی جموجوڵی چەکدارانی داعشن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، نیگەرانیی سەرەکیش سەبارەت بە وجوودی هێزەکانی حەشد لە شار و پارێزگای کەرکووکە کە بە گوێرەی داتاکانی وەزارەتی ئاوارە و کۆچبەرانی عێراق لە ئەنجامی هێرشەکانی ئۆکتۆبەردا 85 هەزار کەسی لێ ئاوارە بووە، ئەوە جگە لەو 30 هەزار کەسەش کە لە توزخورماتوو ئاوارە بوون.



## کەنیزەکەکانی خەلافەت

# لە خەلافەتەکەی داعشدا جوانی بەڵا بوو

### چیرۆکی سێیەم

ئەوزاد مەحموود
ڕووداو- دهۆک

مرۆڤ دەتوانێ بیرۆکەیەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ڕێ لە ڕووخانی شاخێک بگرێ، بەڵام ساڵەکان لە ڕەققە هێندە شووم بوون، هەموو شاخەکانی دونیا نەیاندەتوانی ڕێ لە ڕووخانی ئەو بگرن. من گوێم لە مرۆڤێکی ڕووخاوی سەدەی بیست و یەک گرتووە کە پێیوایە دادپەروەری سێوێک بوو، بەرلەوەی پێبگات گەنی.

کچێکی تەمەن 25 ساڵ، لە خێزانێکی دڵخۆش و ماڵێکی قەرەباڵغی پڕ لە خوشک و برادا، ڕۆژەکان هەر چۆن هاتبان، بۆ ئەو خۆش بوون. ئەوان دوو ماڵیان هەبوو، یەکێک لە گرعوزێر و یەکێکی دیکە لە نێو باخ، ئەو ڕۆژانە دڵیان وەک ئاسمان ڕوون و ساماڵ بوو.

بەڵام لەناکاو هەموو شتێک گۆڕا.. خەڵکی دەبینی پەشۆکابوون، پەشۆکانێکی سەیر بوو. هەواڵەکە بە خێرایی بڵاوبووەوە.. هەواڵی هاتنی هێزێکی چەکدار.

عائیشە پێشتر لە بارەی ئەو چەکدارانەوە زۆری بیستبوو کە دەچنە هەر شوێنێک وێرانی دەکەن "من نەمدەزانی داعش چییە و چییان دەوێ"، بەڵام ئێستا ئاسەوارەکانی سەر جەستە و دەروونی بەڕوونی پێتدەڵێن داعش چییە. لێدەگەڕێم عایشە هەندێک فرمێسکی دیکە بۆ ئەو ساتانە برێژێ کە بەبەرچاوییەوە یەک لەدوای یەک جەستەی باوک و برا و مام و ئامۆزاکانی کەوتن.

عایشەش باسی ڕۆژی سێی ئابی 2014 دەکات، ئەو ڕۆژە زۆربەی خزم و کەسوکارەکەی لە ماڵی ئەوان میوان بوون، بەڵام یەکێک لە براکانی لەماڵ نەبووە "هەر لەوێ باوکم و مامم و براکانم و ئامۆزاکانمیان برد، 33 لە کەسوکارە نزیکەکانم لەوێ کوژران، پاشان ئێمەیان بردە بەعاج، چەکدارێکی داعش هەواڵی هێنا کە ئێمە لەوێ نەمێنینەوە و هەر ئەو ئێوارەیە لە بەعاجەوە بردینیانە مووسڵ، نزیکەی مانگێک بە دەستبەسەری لە موسڵ مامەوە".

**- ئەو مانگەی سەرەتا ڕەوشەکە چۆن بوو؟**

- هەوڵیان لەگەڵ دەداین ببینە موسوڵمان، نوێژیان پێدەکردین، لەگەڵ ئەوەشدا دەستدرێژی هەر هەبوو.

**- پێیاندەگوتن بە موسوڵمانبوونتان دۆخی ژیانتان باشتر دەکەن و دەستدرێژیتان ناکەنە سەر؟**

- دەیانگوت ئێوە سوپاسگوزار بن کە ناچارتان دەکەین ببنە موسوڵمان، کەسانی دیکەتان بە کافری کوژران.

"بەڵام دوای ئەوە ڕەوشەکە گۆڕا بۆ دەستدرێژیی زۆرتر و چەوساندنەوە و ئازاری زۆرتر. ئینجا هەر چەکدارێک دەهات و کچی خۆی هەڵدەبژارد و دەیبرد، هەمیشە بۆ جوانەکان دەگەڕان".

ناشیرینی لەو ڕۆژانەدا نیعمەتێک بوو. جوانەکان و منداڵکارەکان زۆرتر بەرەوڕووی دەستدرێژی دەبوونەوە و ئەوان خواردنی ئەمیرەکان بوون.

ئەوەی چاوی دەگێڕا بەنێو کچ و ژنەکاندا، کڕیارێکی باڵابەرزی گەنم ڕەنگ بووە. چەکدارێکی عێراقی کە هەر بە جلە تەپوتۆزاوییەکانییەوە نەیدەویست بە دەستی خاڵی بگەڕێتەوە. ئەو عایشەی کڕی "سێ مانگ لە ماڵێک مامەوە، یەکەم ڕۆژ مامەڵەیان هێندە ناخۆش نەبوو، وا دەرنەدەکەوت من کەنیزەک بم، بەڵام بەچەند ڕۆژێکی کەم ماڵەکە بووە جەهەنەم، من هەرچۆن هەڵسوکەوتم کردبایە، هەر هاواری لەسەر دەکردم، دواتر هەر بەڕاستی بەندکرام، ئەوەی هات و لە زیندانەکە دەریهێنام، پێیگوتم دەڕۆین بۆ سووریا، بۆ مەیادین".

مەیادین بۆ ئەو هیچ نەبوو جگە لە چارەنووسێک کە لیستی درێژی کڕین و فرۆشتن دیارییان دەکرد: "دامیانە کەسێک ناوی ئەبوو عوبەیدی سووری بوو، دواتر ئەبوو خەتاب عێراقی کڕیمی، دیسان ئەبوو عوبەید لە ئەبوخەتابی کڕیمەوە، پاشان ئەبوو خەتاب لە ئەبوو عوبەیدی کڕیمەوە. پاشان پیاوێک بەناوی ئەبوو مەجحەل جزراوی کڕیمی. دوای ئەو ئەبوو ڕەواحە منی برد، دواتر ئەبوو جیهاد جزراوی، پاشان ئەبوو خالد جزراوی، ئینجا ئەبوو مازن سعودی، دواتر ئەبوو ساڵح و پاشان ئەبوو ئەحمەد، ئیدی ئەبوو ئەحمەد

مامەڵەیەکی دیکەی هەبوو. هاوڕاییەکی زۆر لەنێو کچانی بەکەنیزەککراودا هەیە لەبارەی ئەو میوانخانانەی داعش لە شارەکاندا شکۆیەکی زیاتری پێبەخشیبوون و تایبەتی کردبوون بە شوێنی ئەو ئافرەتانەی بۆ خۆیان پەیوەندییان بە داعشەوە دەکرد و ناونرابوون ژنانی موهاجیر. کچانی سەڵت، لەوێ دەمانەوە تاوەکو ئەوکاتەی هاوسەرێکیان بۆ پەیدا دەبوو. یاسا و ڕێساکان لەوێ جیاواز بوون و ئەوانەی دەچوونە میوانخانەکە کڕیار نەبوون، بەڵکو لەوێ فۆرمێکی پڕ لە پرسیاریان پڕ دەکردەوە کە زۆربەی پرسیارەکان لەبارەی ئەوە بوون ئەو کەسەی دەیەوێ ببێتە هاوژینی، دەبێت

## چەکدارانی داعش تەنیا لە فڕۆکە دەترسان

منی دایە برایەکی خۆی بە 15 هەزار دۆلار".

عایشە، جارێک بۆ ماوەی 15 ڕۆژ لە نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی ژنە ئێزدییەکان ماوەتەوە. هەرچەندە لەو جێگایەدا زللەیەکی لێنەدراوە، بەڵام زۆرترین ئازاری چوار ساڵی ژێردەستەیی لەوێ چەشتووە "ئەوانەی دەهاتن، برسیی سێکس و توندوتیژی بوون، بەشێوازی زۆر ناشیرین ژنەکانیان هەڵدەبژارد، بیرمە یەکەم کەس کە منی کڕییەوە کەسێک

تایبەتمەندییەکانی چۆن بن، هەموو جارێکیش وەڵامی کۆتایی "بەڵێ" نەبوو.

هەر ئەوەندە نا، لەو شارانەی کە داعش دەسەڵاتی بەسەریاندا هەبوو، شوێنی دیکەشی تەرخانکردبوو بۆ ئەو ژنانەی هاوژینەکانیان لەشەڕدا دەکوژران. دەبوو ئەوانیش بە ڕێسا و یاسای پەسەندکراوی خەلافەت، جارێکی دیکە هاوژینیان بۆ بدۆزرێتەوە.

## داعش 33 کەسی بنەماڵەکەمی کوشتووە

بوو بەناوی ڕەسوڵ، بەڵام داعش بە موهەندیس بانگیان دەکرد و عێراقی بوو". ئەوانەی وا بە بەرچاویەوە سوکایەتی بەخۆی و کچ و ژنەکانی دیکە دەکەن، دەستیان بۆ دەبەن و دەستدرێژییان دەکەنە سەر و ڕووتیان دەکەنەوە و پەلاماریان دەدەن، هەر ئەوانەن کە چەند ڕۆژێکە 33 کەسی هەرە نزیکیان کوشتووە. ئەوانەن کە تەنیا دەیانەوێ خۆیان لە جەستەی برینداری ئەواندا خاڵی بکەنەوە. من ئێزدی نیم و کاری منیش نییە دادوەریی بکەم، بەڵام بیر لە مرۆڤێک دەکەمەوە بە هەموو ناسۆر و زامەکانی ڕۆحییەوە، جەستەشی وەک ئەو کاخەزانە دەدڕێنرێ کە ئاڵێنراونەتە خواردنە خێراکان.

**- هێشتا شتێک هەبوو دڵخۆشت بکات؟**

- باشییەکەی تەنیا ئەوەبوو، ئەوانەی دەیانکڕیمەوە ڕێگەیان نەدەدا چەکداری دیکە دەستدرێژی بکەنە سەرم.

**- ئەوە حاڵەتێکی بڵاو بوو؟**

- زۆر ژن گیرۆدەی دەستی ئەوە بوون کە لەیەک کاتدا کەسێک دەیکڕینەوە و دوای خۆی چەکدارانی دیکەش دەچوونە لای.

### کچانی موهاجیر

خەلافەتەکە خۆرەی گیانی ژنان بوو، بەڵام بۆ ژنانێک کە دەوڵەتەکە بژارەی خۆیان بوو،

### ئەو فڕۆکانەی دڵخۆشییان بەردەدایەوە!

ئەگەر کەسێک دڵخۆش بێت بەوەی فڕۆکەکان زوو زوو بێنە سەر ئاسمانی ماڵەکەی و بۆمب بەربدەنەوە، دەبێت چۆن پێناسەی دۆخی بکرێ؟ عایشە، لەوانە بووە کە حەزی دەکرد فڕۆکە جەنگییەکان ئاسمان چۆڵ نەکەن، چونکە هەر نەبێت دەیبینی ئەوەی ڕۆژانە دەیچەوسێنێتەوە، ترس وەک پەچەی سەپێنراوی سەربالای ژنان، ڕوخساری داپۆشیون: "هەر کە فڕۆکە دەهاتن، ئەوان ڕایاندەکردە نێو ماڵەکان بە پەشۆکاوی، زۆر لە فڕۆکە دەترسان، بەڵام من بۆ خۆم هیچ ترسم نەبوو، چونکە دەمگوت ئەگەر بۆمبێکیش بەربێتەوە لەو ژیانە ڕزگارم دەکات. لە ڕاستیدا داعشەکان لە هیچ نەدەترسان تەنیا لە فڕۆکە نەبێت".

دوای زیاتر لە 3 ساڵ، سێ ساڵی پڕ لە فرۆشتن و ئازاری بێبڕانەوە، ئەو توانی پەیوەندی بە براکەیەوە بکات: "گوتم من لە ڕەققەم و دەبێ ڕزگارم بکەن، تەنیا ڕێگاش ئەوەیە بمکڕنەوە، دواتر گەیشتمەوە ماڵەوە".

بەڵام ماڵێک کە جارێکی دیکە قەرەباڵغی بەخۆیەوە نابینێتەوە. ئەو ژیانەی ئەوی بۆ گەڕاوەتەوە، پڕە لە وێنە و یادگاریی کەسانی لەدەستچوو. دڵی کەسێکی ڕووخاو دەدەمەوە

بەوەی ژیان هێشتا دەتوانێ بە تێپەڕینی کات بیرەوەرییە ناخۆشەکانی کاڵ بکاتەوە. ئەو زەردەخەنەیەک دەکات کە هەرگیز ناتوانم بڕوا بکەم زەردەخەنەیەکە لە دڵەوە.

### قسەیان دەکرد و هیچیان نەدەبیست

کاتێک داعش ئەویان برد، تەمەنی 14 ساڵان بوو، ئێستا خیتام بووەتە 18 ساڵ، ئەو کەوتە دەست کەسانێک کە شتێک بەناوی سۆز و بەزەیی لە ناخیاندا نەبوو.

کاتێک هەواڵی پەلامارەکەی داعش گەیشتبووە شنگال، خیتام و کەسوکارەکەی پەنایان بۆ چیای شنگال برد، بەڵام ئەمجارە چیاش ئەو تاکە هاوڕێیەی کورد نەبوو کە زۆربەی جار پشتی گرتوون "من لە چیای شنگال گوتم تەواو. من ڕزگارم بوو، بەڵام سەعات چواری سەر لەبەیانی، هێندەم زانی چەکدارەکان لەناومان بوون و دەستگیرکراین".

ئەو هەشت ڕۆژ لە مووسڵ بووە، دەبوو دەست لە ئاینەکەی هەڵگرێ و لەماوەیەکی کەمدا فێری نوێژکردن ببێ و وەک کەسێکی تەواو گوێڕایەڵ خۆی ئامادە بکات لەگەڵ کاروان بەڕێبکەوێ بەرەو سووریا.

"دڕندایەتی لەنێو ئەواندا کارێکی سرووشتی بوو، بە کچەکانم دەگوت خۆتان ماندوو مەکەن، چونکە ئێمە هەرچی بکەین و هەرچۆن هەڵسوکەوت بکەین، ئەوان هەر نارازین و بیانووی زۆریان هەیە بۆ ئەوەی بمانچەوسێننەوە، خواردنەکەیان فرێدەدایە سەرزەوییەکە، ئێمە هێشتا خەریکی نانخواردن بووین، ئەوان دەهاتن و دەستدرێژیان دەکردە سەرمان، لەکاتی دەستدرێژیدا هەرچیمان بگوتایە نەیاندەبیست و ئەو ئیشی خۆی هەر دەکرد، تاوەکو 5 مانگ ئەوە حاڵمان بوو".

خیتام، پوختەی بەسەرهاتێکی ئازارچن و ڕەشدامانە. هەر چەکدارێک ئەوی کڕیبێ، پێشتر چەند کچێکی ئێزدیی دیکەی لابووە.

ئەمیرەکان، ئەو دەستەبژێرانە بوون کە بە فەرمانی خەلیفەی دەوڵەتە ئیسلامییەکەی داعش بەرپرسیارێتی ناوچەیەک یان بەڕێوەبردنی ژمارەیەک چەکداریان پێدرابوو. ئەوان ڕاستەوخۆ فرمانیان لە والی وەردەگرت، بەپێی گێڕانەوەی ژنانی کوردی ئێزدی، ژیانێکی تایبەتیش جیای دەکردنەوە لە چەکدارە ئاساییەکان.

## 13 جار فرۆشرام

**- ژیانی ئەمیرەکان چۆن بوو؟**

- خۆشتر و باشتر دەژیان.

**- ئەوە بڕیاری خەلافەت بوو یان بۆ خۆیان سنوور و چوارچێوەیان دیاری دەکرد بۆ ژیانی خۆیان؟**

- نازانم. بەڵام لەبەر ئەوەی من لەلای ئەمیر و چەکداری ئاسایی بووم، دەزانم ئەوان جیاواز دەژیان.

"کچە جوانەکان، یان ئەوانەی شوویان نەکردبوو، دەدرانە ئەمیرەکان. ئەمیرەکان کە تێریان دەخوارد، ئێمەیان دەدایە چەکدارەکان و خۆیان کچ و ژنی تازەیان بۆ دەهات. کە چەکدارەکانیش لێمان بێتاقەت دەبوون، دەیانفرۆشتین بە چەکدارانی دیکە".

لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەمیر و چەکدارە بیانییەکانی داعش لە سووریا بوون، هەمیشە

## ئەمیرەکان کە لێمان بێزار دەبوون پێشکەشی چەکدارەکانیان دەکردین




کچ و ژنە جوانەکان لە پایتەختی خەلافەتەوە دەبرانە سووریا.

### وریابە دووگیان نەبی

ئەمیرەکە تاقەتی لە خیتام چووبوو، ئەوی وەک دیارییەک دایە چەکدارێکی خۆی و ماوەی 11 مانگ لەگەڵی بوو. ئەوە باشترین دیاری بوو بە چەکدارەکەی بدات و پێی بڵێ کە دڵسۆزیی ئەو بۆ پارێزگاری لە خەلافەت لەبەرچاو دەگیرێ: "ئەو چەکدارە لە ماڵەکەیدا ژنی هەبوو، بەپێی مامەڵەکردن لەگەڵی کە زۆر نەرمونیان و جیاواز بوو، تێگەیشتم هاوژینی ڕاستەقینەی خۆیەتی. ئەو ژنە وەک من نەبوو کە هەمیشە بە داری ماسیحە و سۆندە مامەڵەم لەگەڵ دەکرا، هەر جارێکیش ئەو پیاوە دەهاتە لام و ئیشی خۆی دەکرد، کاتێک دەچووە دەرەوەی ماڵ ژنەکە بە دارێکەوە دەهاتە ژوورەوە و تێر و پڕی لێدەدام".

جگە لەوانەی وەک کەنیزەک چوونەتە لای خیتام، بە نافەرمی بووەتە هاوژینی ئەمیرێک و دوو چەکداری داعش. خاڵی هاوبەشی هەموو ئەوانەی چوونەتە لای ئەوە بووە "پێش ئەوەی دەستدرێژم بکەنە سەر، دەیانکێشا بەسەرمدا و دەیانگوت وریابە دووگیان نەبی، ئەوان نەیاندەویست ئێمە لەوان دووگیان ببین".

### کچ و ژنانی ڕۆماش دەکەینە کەنیزەک

با ناوی ئەو تەنیا دوو پیت بێت (ج.ت) یان هەرنەبێت. لەڕاستیدا وەک خۆی دەڵێ، ئەو هەر نییە و لەڕۆژی سێی ئابی 2014 بەدواوە مردووە: "خەڵکی شنگالم. لەوانە بووم هەرزوو ڕەوانەی مووسڵ کرام. یەکێک بووم لەوانەی هەموو ئامادەکارییەکیان کردبوو بۆ لە سێدارەدانمان و تەنیا مەرجی هەڵوەشاندنەوەی فرمانەکەشمان بەپێی بڕیاری ئەبوبەکر بەغدادی، موسوڵمانبوونمان بوو".

تاوەکو ئەوکاتەی لە مووسڵ بووە، بەدەست چەکدارێکی داعشی تورکمانەوە گیرۆدە بووە. پێیوایە خەڵکی تەلەعفەر بوو "زۆر داخ لەدڵ بوو بەرامبەر ئێمە". دواتر چارەنووس ئەوی فڕێدایە سووریا و ماوەیەک درایە چەکدارێکی بیانیی داعش کە ئەڵمانی بوو. بە کەسێکی بێبەزەیی و تووڕە وەسفی دەکات. ئەوە داعش بوو کە دەیتوانی تورکمانێکی تەلەعفەری و ئەڵمانییەک و چیچانییەک لە تووڕەیی و دڕەندەییدا وەک یەک لێبکات.

(ج) دەڵێت: "چەکدارە ئەڵمانەکە کە دەیویست ئیشی خۆی بکات، هەندێک نەرمونیانتر دەبوو، لەو کاتانەدا باسی خۆی دەکرد کە چۆن لەڕێگای ئینتەرنێتەوە پەیوەندی بە داعشەوە کردووە و ناسیونی و خۆی گەیاندووەتە سووریا. ناوی خۆی گۆڕی بوو بە ئەبوو ساڵح. هەندێکجار پرسیارم لێدەکرد.

**- بۆچی لەناو ئەو هەموو ژنە مەسیحی و گاورەدا ئێوە تەنیا کچانی ئێزدی دەکەنە کەنیزەک، خۆ ئەوانیش موسوڵمان نین؟**

- ئێوە کافرن و کچان و ژنانی کافران دەبنە دەستکەوتی جەنگ (سەبایا)، بەڵام کچان و ژنانی مەسیحی و جوو، دەتوانن جزیە بدەنە بەیتولمال.

**- بەڵام ئەوە دادپەروەرییە؟**

- (بە تووڕەییەوە) تۆ ئێمە فێری دادپەروەری دەکەی؟ بەم نزیکانە دەبینی کچان و ژنانی ڕۆما وەک دەستکەوتی جەنگ دێنینە شام و عێراق .خەلافەت دەکشێ و دوای ئازادکردنی ڕۆما، بەرەو چین و وڵاتانی دیکەی جیهان دەڕۆین.

ئەو هەرگیز ناتوانێ یەکەم شەو لەبیربکات. ئەو شەوە تووشی خوێنبەربوونێک بوو، بەڵام چەکدارەکە نەیبرد بۆ نەخۆشخانە. کاتێک ویستوویەتی بڕواتە دەرەوە، خوێنساردانە ئاوڕێکی داوەتەوە و گوتوویەتی "خۆت خاوێن بکەرەوە با نێو ماڵەکە پیس نەبێت".

لەو ڕۆژانەدا پاڵەوان کەسێک نەبوو دەستبگرێ بەسەر ڕۆمادا، بەڵکو ئازایەتی ئەوە بوو دەستبگرێ بەسەر دڵێکی شکاودا و پێی بڵێ لەگەڵ هەموو ئەو ئازارانەی هێناومەتە سەر ڕێگات، مرۆڤبوونت شیاوی ئەوەیە چەند خولەکێکیش میهرەبانی ببینی. ئەو هەرگیز ئەو جۆرە پاڵەوانانەی نەبینی. ئەو کچێکی جوان بوو، بەڵام جوانی بووە بەڵای گیانی.

## یەکێتیی ئەوروپا 72 ملیۆن یۆرۆ بە قەرز دەداتە عێراق

**رووداو- بەغدا**

حکومەتـی عێراق و یەکێتیی ئەوروپا، سـێ رێککەوتنیان پەیوەسـت بـە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنـەوە و بونیادنانەوەی ناوچە کۆنترۆڵکراوەکان لەدەستی داعش، واژۆکرد. یەکێتییەکە بۆ پشتیوانی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و بونیادنانەوەی ناوچە وێرانبووەکان، 72 ملیۆن و 500 هەزار یۆرۆ قەرز بە حکومەتی عێراق دەدات. شاندێکی یەکێتیی ئەوروپاش بەسەردانێک لە عێراقە و سەردانی ناوچە کۆنترۆڵکراوەکان دەکات. رێککەوتنەکان لە بەغدا بە ئامادەبوونی فوئاد حوسـێن، جێگری سـەرۆکوەزیرانی عێراق و وەزیری دارایی و پییەر ئەمیلات، بەڕێوەبەری گەشـەپێدان و هاوکاری بۆ ناوچەکانی ئاسیا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە یەکێتیی ئەوروپا، واژۆکران.



رووداو ئابووری
ژمارە ( 533 ) - دووشەممە 2018/12/10

خەریکە شوێنی مریشک دەگرێتەوە

# پرۆژەکانی بەخێوکردنی قەل لە کوردستان روو لە زیادبوونن

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

خـاوەن پرۆژەیەکی بەخێوکردنـی پەلەوەر لە شـاری هەولێر پەرە بە بەخێوکردنی قەل دەدات، لـە رێگـەی هاوردەکردنـی هێلکە لە فەرەنسـا و دانانەوەی لە کوردستان، ساڵانە 140 تۆن گۆشتی قەل دەخاتە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان.

عومەر محێدین، ئەندازیاری کشـتوکاڵی، دوای 20 سـاڵ لە بەخێوکردنی مریشـک، ئێستا رووی لە بەخێوکردنی قەل کردووە، ئەو ئێسـتا ناوێکی ناسراوە لەلای وەزارەتی کشتوکاڵ و ئەو کەسانەی حەزیان لە گۆشتی قەلە.

عومەر محێدیـن، خاوەنی پـرۆژەی پەلەوەری بڕوا بۆ بەرهەمهێنانی گۆشـتی قەل و فرۆشـتنی جوجەڵـەی قەل، بـە (رووداو)ی گـوت: "حەوت ساڵ بەر لەئێستا رەزامەندی هێنانی هێلکەی قەلم لـە وەزارەتی کشـتوکاڵ وەرگرت، جـاری یەکەم 3000 هێلکەم لە فەرەنسا هێنا، بە سوودوەرگرتن لەرێبەر و رێنمایی کۆمپانیا فەرەنسییەکە توانیم لە دانانەوە و بەخێوکردنی جوجەڵەکان سـەرکەوتوو بم".

عومـەر هـەر وەرزێـک نزیکـەی 3000 هێلکە لـە فەرەنسـا هـاوردە دەکات و دوای دانانـەوە و هەڵهێنانـی جوجەڵـەکان 75 تاوەکـو 90 رۆژ بەخێویـان دەکات و کاتێـک کێشـیان دەگاتە 6- 9 کیلـۆ لـە بـازاڕ دەیانفرۆشـێ و دەڵێت لە هەر وەجبەیەک نزیکەی 20 ملیۆن دینار قازانج دەکات.

ئـەو هێلکەیـەی عومـەر هـاوردەی دەکات دەسـتکاری جیناتـی کـراوە، ئەگـەر قەلەکە بۆ ماوەی شەش مانگ بەخێوبکرێ، کێشی نێرەکەیان دەگاتە 25 کیلۆ و مێیەکەشیان 14 کیلۆ.

عومەر دەڵێت: "لە بازاڕ زیاتر خواسـت لەسەر قەلی بچووکە، بۆیە قەلەکان لە تەمەنی سێ مانگی دەخەمە بازاڕەوە کە کێشـیان دەبێتە 7-9 کیلۆ، هەر کیلۆیەکی بە 4-5 هەزار دینار دەفرۆشم".

ئێسـتا چەند خاوەن پرۆژەیـەک کە تا دوێنێ مریشـکیان بەخێودەکـرد، بـە رێگـەی عومەردا رۆیشـتوون و قەل بەخێودەکـەن. عومەر دەڵێت: "بێجگـە لـە پرۆژەکـەی خۆم، سـاڵانە 20 هەزار هێلکـەش بۆ خاوەن پرۆژەکانی پەلـەوەر هاوردە دەکەم، دوای دانانەوە و هەڵهێنانی، جوجەڵەکانیان پێدەفرۆشمەوە".

جگـە لـەو پرۆژانـەی عومـەر جوجەڵەیان بۆ دابیـن دەکات، هەنـدێ پـرۆژەی دیکـەش هـەن پرۆژەکانیـان لە بەخێوکردنی مریشـکەوە گۆڕیوە بـۆ پرۆژەی بەخێوکردنی قەل، ئەوانیش لەرێگەی کۆمپانیاکانەوە هێلکە لە فەرەنسا هاوردە دەکەن.

فەرهـاد عەلـی مەحمـوود، خاوەنـی پرۆژەی پەلـەوەری بەهار، لە ناوەڕاسـتی سـاڵی رابردوو پرۆژەکەی لە بەخێوکردنی مریشـکەوە گۆڕیوە بۆ بەخێوکردنی قەل، هەر چوار مانگ جارێک 3،500 جوجەڵـە لـە پرۆژەکەی بەخێـو دەکات. فەرهاد دەڵێـت: "نرخی هـەر هێلکەیەک لە فەرەنساوە تا دەگاتە دەسـتمان نزیکەی 3 دۆلار دەوەسـتێ، رێـژەی هەڵهێنان دەگاتە زیاتر لـە 80%، رێژەی مردنیـش ناگاتـە 10%، لەبازاڕیـش بەگوێـرەی خواسـت کیلۆی 4 تاوەکو 5 هـەزار دینار دەکات ، بۆیـە قازانجـی لـە مریشـک زیاتـرە، ئەمەش وایکردووە خواست لەسەر بەخێوکردنی قەل وردە وردە زیاد بێ".

ئێسـتا دوو خـاوەن پرۆژەی مریشـک داوایان لـە فەرهاد کـردووە جوجەڵەیان بۆ دابین بکات و رێنمایی بەخێوکردنیان بداتێ.

> **سوودی ئابووریی بەخێوکردنی قەل لە مریشک زیاترە**
> مامۆستایەکی زانکۆ

> **کۆمپانیایەکی ناوخۆ بە هاوکاریی هۆڵەندییەکان گەورەترین پرۆژەی بەخێوکردنی قەل دادەمەزرێنێ**
> وەزارەتی کشتوکاڵ

زێدی رەسـەنی قەل ئەمەریکای باکوورە. ئەم باڵندەیە لەساڵی 1519 لەلایەن ئیسپانییەکانەوە هێنراوەتـە کیشـوەری ئەوروپـا و دواتر بەهەموو وڵاتانـی ئەوروپـا و کیشـوەرەکانی دیکـەدا بڵاوبووەتەوە.

هەرچەندە بەخێوکردنی ئەم باڵندەیە لەزۆربەی وڵاتانی جیهان مێژوویەکی درێژی هەیە، بەڵام سێ دەیەی رابردوو بەخێوکردنی بەشـێوەی بازرگانی لە کێڵگەکان زیاتر پەرەی سـەندووە. ئێسـتا لە رووی بەخێوکردن و خواردنی گۆشـتەکەی لەدوای مریشـک بەپلەی دووەم دێت، سـاڵانە لە جیهاندا نزیکـەی پێنج ملیۆن و 350 هەزار تۆن گۆشـتی قەل بەرهەم دەهێنرێ.

ئەمریکا بە پلەی یەکەم دێ کە زۆر گرنگی بە خواردنـی گۆشـتی قەل دەدەن، تەنیا لە سـەری سـاڵدا 20 ملیۆن قـەل سـەردەبڕدرێن، هەروەها لـە جەژنـی سوپاسگوزاریشـدا 45 ملیـۆن قەل سەردەبڕدرێن.

قـەل کـە کەڵەشـێری رۆمیشـی پێدەگوترێ، لـەرووی کێشـەوە بەبـێ دەسـتکاری جینـەکان بەسەر سـێ جۆردا دابەشکراوە، جۆری یەکەمیان کێشـی کەمـە و لـە سـاڵێکدا 100 تاوەکو 120 هێلکە دەکات، لە تەمەنی 9 — 12 هەفتە کێشی نێرەکەی دەگاتە 5 کیلۆ و کێشـی مێیەکەشـی 4 کیلۆ. جۆری دووەم: کێشـی مامناوەندە و لە 14 — 16 هەفتە کێشی نێرەکەی دەگاتە- 8 10 کیلۆ و مێیەکەشی 7 کیلۆ، جۆری سێیەم کێشی قورسە و لە تەمەنـی- 20 25 هەفتەیی نێرەکەی دەگاتە 20 تاوەکو 25 کیلۆ، مێیەکەشـی 10 تاوەکو 14 کیلۆ، هەردوو جۆرەکەش لە سـاڵێکدا نزیکەی 80 هێلکە دەکەن".

پرۆفیسۆر د.سەردار یاسین سەرداری، مامۆستا لە کۆلێژی کشتوکاڵ لە زانکۆی سەلاحەددین، کە دکتۆراکـەی لەسـەر بەخێوکردن و گەشـەپێدانی قەلـە، دەڵێت: "بەهۆی هەنـدێ تایبەتمەندییەوە بەخێوکردنی قەل لەڕووی ئابوورییەوە باشـترە لە بەخێوکردنی مریشک، چونکە گەشەی خێرایە و لە تەمەنی 8 هەفتە کێشەکەی دەگاتە 4 — 5 کیلۆ. بـۆ بەرهەمهێنانی هەر کیلۆیەک گۆشـتی زیندوو 1.66 کیلۆ ئالیکی پێویستە، مریشک لەو تەمەنە ناگاتە ئەو کێشـە و خۆراکی زیاتریشی پێویستە، ئەمە لەکاتێکدایە بەها خۆراکییەکەشی لە گۆشتی مریشک زیاترە".

لـە هەرێمـی کوردسـتان نزیکـەی 30 نامەی ماسـتەر و دکتۆرا لەسـەر قەل نووسراون، بەپێی لێکۆڵینـەوەکان دەرکەوتووە قەلی رەش و سـپی و سـوور لە رووی رەگەزەوە جیاوازن. رەش زیاتر بۆ گۆشـت، سپی بۆ هێلکە، سووریش بۆ هەردوو مەبەست گونجاوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشـتی سامانی ئـاژەڵ، لە هەرێمـی کوردسـتان 1،425 پرۆژەی بەخێوکردنی مریشـک هەن، بەڵام تا ئێسـتا هیچ مۆڵەتێکـی تایبەت بەپـرۆژەی بەخێوکردنی قەل نەدراوە.

رەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لـە وەزارەتی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئاو بە (رووداو)ی گوت: "بەخێوکردنی قەل لەکوردستان لە قۆناغی سەرەتادایە، ئەو پرۆژانەی هەن، زیاتر لـە پـرۆژەی بەخێوکردنی مریشـکەوە گۆڕاون بۆ پـرۆژەی بەخێوکردنـی قەل، بـەڵام هیچیەک لەم پرۆژانە تائێسـتا لەلای ئێمـە تۆمارنەکراون، بۆیە داتایەکی وردمان لەسەر پرۆژەکانی قەل نییە".

گوتیشـی، لە هەرێمی کوردسـتان خواسـت بۆ دامەزراندنی پـرۆژەی بەخێوکردنی قەل هەیە، بـۆ نموونـە کۆمپانیایەکـی ناوخـۆ بەهـاوکاری کۆمپانیایەکـی هۆڵەنـدی لە هەولـی دامەزراندنی پرۆژەیەکـی گـەورەی بەخێوکردنـی قەلدایـە لە هەولێر، بەپێی پرۆپۆزەڵەکەیان لە قۆناغی یەکەم لەهـەر وەجبەیەک 15 هەزار قـەل بەخێودەکەن، دواتر بەگوێرەی پێویستی بازاڕ بەرهەمەکەیان زیاد دەکەن.



خاوەن پرۆژەکانی مریشک روو لە بەخێوکردنی قەل دەکەن

# ساڵانە بایی 17 ملیۆن دۆلار سۆبە دەهێنرێتە کوردستان



زیاتر لە 50 کۆمپانیا لە هەرێمی کوردستان سۆبە هاوردە دەکەن (فۆتۆ: رووداو)

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

هـەر لەگەڵ دابەزینی پلەکانـی گەرما، بازاڕی سـۆبەش لـە کوردسـتان جوڵـەی تێدەکـەوێ، بازرگانان دەڵێن ساڵانە بایی 17 ملیۆن دۆلار سۆبە هاوردە دەکەن و لە بازاڕەکان ساغی دەکەنەوە.

لـە هەرێمـی کوردسـتان چـوار جۆر سـۆبە بـەکاردێ، کارەبایی، نەوتی، غـازی و دار، بەڵام بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی بازرگانی لـە وەزارەتی پیشەسـازی و بازرگانـی، هیـچ داتایەکـی نییە لەبـارەی ئـەو سـۆبانەی کـە سـاڵانە بازرگانان هاوردەی دەکەن، بەڵام بەگوتەی بازرگانان ساڵانە کۆمپانیـا و بازرگانـە بچووکـەکان زیاتر لە 100 هەزار سۆبەی نەوتی و نزیکەی 700 هەزار سۆبەی کارەبایـی و گازی لـە ئێران و تورکیـا و چین و کۆریای باشوور و ژاپۆنەوە دەهێننە کوردستان کە بەهاکەی دەگاتە زیاتر لە 17 ملیۆن دۆلار.

یوسـف محەممـەد، بەڕێوەبـەری گشـتیی کۆمپانیـای سـیتا بـۆ بازرگانیـی گشـتی و هاوردەکردنی سۆبەی نەوتی کە بریکاری گشتیی سـۆبەی تۆیۆتۆمی تۆربـۆی یابانییە لـە عێراق و هەرێمـی کوردسـتان، دەڵێـت: "بەگوێـرەی بەدواداچوون بۆمان دەرکەوتووە سـاڵانە کۆمپانیا و بازرگانە بچووکەکان زیاتر لە 100 هەزار سۆبەی نەوتی دەهێننە کوردسـتان کە بەهاکەی دەگاتە نزیکەی 12 ملیۆن دۆلار".

زۆربـەی ئـەو کاڵایانـەی هـاوردەی هەرێمـی کوردسـتان دەکرێن، بەشـێکی زۆریان هەناردەی شـارەکانی عێـراق دەکرێنـەوە، بەڵام بۆ سـۆبە وانییە. یوسـف محەممەد، گوتی "دابەزینی پلەی گەرما لە شـارەکانی عێراق بەراورد بەشـارەکانی هەرێمی کوردسـتان زۆر نییە، بۆیـە 80%ی ئەو سۆبانەی ساڵانە هاوردەی دەکەین هەر لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا دەفرۆشرێن".

یوسـف نموونـە بـە کۆمپانیاکـەی خـۆی دەهێنێتەوە و دەڵێت: "سـاڵانە بەپێی خواسـتی بازاڕ 15 تاوەکو 16 هەزار سـۆبەی نەوتی لە 10 تاوەکـو 12 جۆر هـاوردەی هەرێمی کوردسـتان دەکەیـن، 80%ی ئـەو سـۆبانەش لـە هەرێمـی کوردسـتان سـاغ دەکەینەوە، بەشەکەی دیکەی هەناردەی شارەکانی عێراق دەکەین".

یوسف محەممەد کە 13 ساڵە سۆبە دەفرۆشێ، سەبارەت بە زۆرترین جۆری ئەو سۆبانەی هاوردە دەکرێن دەڵێت: "زۆرترین سۆبەی نەوتی لە ئێران هاوردە دەکرێ، سۆبەی کارەباییش لە چین. هەر چەندە کواڵێتی سۆبەی یابانی و کۆری بە ئێرانی و تورکـی بەراورد ناکرێ، بـەڵام بەهۆی هەرزانی نرخیان، بازاڕی سۆبەی ئێرانی و تورکی گەرمترە".

بەگوێـرەی ئامارێکـی نافەرمی زیاتـر لە 50 کۆمپانیـا لە هەرێمی کوردسـتان سـۆبە هاوردە دەکەن، ئەمـەش کێبڕکێی لە نێوان کۆمپانیاکان دروستکردووە، بەشێکیان بۆ فرۆشی زیاتر پەنا بۆ تەقلیدی مارکەکان دەبەن.

یوسـف دەڵێـت: "لـە بازاڕەکانـی هەرێمـی کوردسـتان بەسـەتان جـۆر سـۆبەی نەوتـی و کارەبایـی و غازی هـەن، بەڵام ئەو سـۆبەیانەی مارکەن و کواڵێتیان بەرزە ژمارەیان لە پەنجەکانی دەسـت تێپەر نـاکات، ئەوانی دیکـەی هەمووی تەقلیدن، بۆ نموونە سـۆبەکانی ئێمە کە مارکەی تۆیۆتۆمی تۆربۆی یابانییە ، زیاتر لە 20 جۆری لە ئێران و چین و کۆری لێ تەقلید کراوەتەوە بەناوی تۆربۆ بە نرخی مارکە بەخەڵک دەفرۆشـرێتەوە. سـۆبەی واخـراپ لە بازاڕدا هەیـە کوالێتییەکەی سفرە بەشی یەک زستان ناکات، بەتایبەت ئەوەی سۆبەیانەی بۆ تەندەری رێکخراوە خێرخوازییەکان دروستدەکرێن".

ئـەو سـۆبەیانەی لـە بازاڕەکانـی هەرێمـی کوردستاندا هەن، بەگوێرەی کواڵێتی و قەبارەیان نرخیان جیاوازە ،نرخی سـۆبە نەوتییەکان لە 25 دۆلار دەست پێدەکات تاوەکو دەگاتە 200 دۆلار، بەهەمانشـێوە نرخـی سـۆبەی کارەباییەکانیش بەگوێـرەی قەبـارە و کوالێتییەکەیـان نرخیـان لەنێوان 5.5 تاوەکو 150 دۆلار دایە.

> **ساڵانە 800 هەزار سۆبەی کارەبایی هاوردە دەکەم**
> بازرگانێک

حـازم جاسـم عەبـدی، بەڕێوەبەری گشـتی کۆمپانیای نەوال بۆ بازرگانی گشتی و هاوردەکردنی سـۆبەی کارەبایی دەڵێت کۆمپانیاکەیان سـاڵانە نزیکەی 700 تاوەکو 800 هەزار سۆبەی کارەبایی لـە تورکیا و چین هاوردەی هەرێمی کوردسـتان دەکات ، دەڵێـت "ئـەو سـۆبەیانەی ئێمـە لـە تورکیـا و چین دروسـتیان دەکەیـن نزیکەی 20 جـۆرن بەرەنگی جیاواز بە لۆگۆی کۆمپانیاکەمان دەیفرۆشـین و کواڵێتیـان باشـە و نرخیشـیان گونجـاوە لەنێـوان 16.5 تاوەکـو 51 دۆلاردایە، ئەمەش وایکردووە فرۆشمان باش بێت، بۆیە 50% ئەو سـۆبە کارەبایانەی لەپێشـەنگاکانی هەرێمی کوردستان دەفرۆشرێن هی کۆمپانیاکەی ئێمەیە".

حـازم جاسـم عەبـدی دەڵێـت نیـوەی ئەو سـۆبەیانەی ئەوان هاوردەی دەکەن لە بازاڕەکانی کوردستان سـاغی دەکەنەوە، نیوەکەی دیکەشی هەناردەی شارەکانی عێراق دەکەن. گوتیشـی "بە تەنیـا ئێمە سـاڵانە لە کوردسـتان بایی نزیکەی سـێ ملیۆن دۆلار سـۆبەی کارەبایی دەفرۆشین، کۆمپانیای دیکەش هەن هەمان کاری ئێمە دەکەن، بۆیە پێشبینی دەکەین ساڵانە بایی نزیکەی پێنج ملیۆن دۆلار سۆبەی کارەبایی بفرۆشرێ".

سـەمیر لەتیف، خاوەنی پێشـەنگای سـەید سـەمیر بۆ فرۆشتنی سۆبە و کەلوپەلی کارەبایی لە شـاری هەولێر دەڵێت :"کاتێک پلەکانی گەرما دادەبەزێـت بەهـۆی هەرزانی نرخی غاز فرۆشـی سـۆبەی غـازی زیاد دەبێت، بـەڵام کاتێک نەوت دابەش دەکرێت جارێکی دیکەی فرۆشـی سۆبەی غازی کەمدەبێتەوە و فرۆشی سۆبەی نەوتی زیاد دەبێت، سۆبەی کارەباییش فرۆشی هەیە، چونکە بەشـێک لە هاووڵاتیان بۆ کەمکردنەوەی خەرجی سـووتەمەنی، کاتێک کارەبای نیشـتمانی دەبێت سوپای کارەبایی بەکاردەهێنن".

سەبارەت بە فرۆشی جۆری سۆبەکان. سەمیر دەڵێـت "بەشـێوەیەکی گشـتی 50% فرۆشـی پێشـەنگاکان لـە سـۆبەی نەوتی دایـە و 50% دیکەش لە فرۆشی سۆبەی غاز و کارەبادایە".

بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە وەرزی زسـتان و کەمی کارەبا، ماوەی چەند سـاڵێکە خواسـتی لەسەر سۆبەی غازیش لەهەرێمی کوردستان زیاد کردووە، ئێستا بەشێک لەکۆمپانیا بازرگانییەکان سۆبەی غازیش هاوردە دەکەن.

حازم جاسم عەبدی، دەڵێت :"کۆمانیاکەکەمان زیاتر تایبەتە بەهاوردەکردنی سـۆبەی کارەبایی، بەڵام سـاڵی رابردوو بۆ تێست نزیکەی 20 هەزار سۆبەی غازیمان هێنا، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو لە ماوەیەکی کەمدا هەموویان فرۆشران".

# ئایا عێراق لە ڕێکخراوی ئۆپێک دەکشێتەوە؟



بیلال سەعید*



عێراق یەکێکە لە سێ دامەزرێنەرەکەی ئۆپێک کە 58 ساڵ لەمەوبەر دامەزرا
(فۆتۆ: AFP)

لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا و لە دوو قۆناغی جیا، زۆرترین قسە لەسەر پرسی داهاتووی ئۆپێک کراوە، قۆناغی یەکەم پەیوەندی بە نەمانی کۆنترۆڵکردنی ئەو شڵەژانە هەبوو کە ناوەڕاستی ساڵی 2014 یەخەی بازاڕی نەوتی گرت.. قۆناغی دووەمیش پەیوەندی بەکشانەوەی قەتەر هەیە لە ڕێکخراوی ئۆپێک، بەڵام ئەنجامە ئەرێنییەکانی کۆبوونەوەی ژمارە 175ی ئۆپێک هاوکێشەکەی لە بەرژەوەندی ئەندامانی ئۆپێک گۆڕی.

سێ ڕۆژ پێش کۆبوونەوەی 6ی کانوونی دووەمی 2018ی ڕێکخراوی ئۆپێک و وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک لە ڤیەننا، سەعد کەعبی، وەزیری وزەی قەتەر کشانەوەی وڵاتەکەی لە ئۆپێک ڕاگەیاند و گوتی: "کشانەوەی قەتەر لە ئۆپێک بۆ هۆکارگەلی تەکنیکی و ستراتیژی دەگەڕێتەوە نەک هۆکاری سیاسی". هێماشی بۆ ئەوە کرد کە کاریگەریی قەتەر لەسەر بڕیارەکانی ئۆپێک سنووردارە، بەڵام بڕیاری کشانەوە لە ئۆپێک کارێکی ئاسان نەبووە بەتایبەت کە قەتەر 58 ساڵە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە.

مانەوە و کاریگەریی قەتەر لەنێو ڕێکخراوی ئۆپێکدا، ئەوەندەی پەیوەندی بە مێژووی بەشداریی وڵاتەکە هەیە لە چوارچێوەی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت "ئۆپێک"، ئەوەندە پەیوەندی بە ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوت نییە بۆ بازاڕ، لەبەرئەوەی پێگەی نەوتی قەتەر لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکە لە باشترین حاڵدا تەنیا 5%ی کۆی گشتی هەناردەی ئۆپێکی پێکدەهێنا.

ئامانج و هۆکارەکانی پشت دامەزراندنی ڕێکخراوی ئۆپێک لە ڕابردوودا زۆر گرنگ و کاریگەر بوون، بەڵام ئێستا ئەو ڕێکخراوە بەهۆی کاریگەرییەکانی ڕووسیا و ئەمریکا وەک دوو جەمسەرە سەرەکییەکەی جیهان، توانایەکی ئەوتۆی لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانیدا نەماوە، هەرچەند لەڕووی ژمارەوە هێشتا ئۆپێک توانای دابینکردنی یەک لەسەر سێی نەوتی جیهانی هەیە، بەڵام خاڵی سەرەکی کە کۆنترۆڵکردنی نرخی نەوتە لە دەسەڵاتی ئۆپێکدا نەماوە!

ئەگەر سەیری ڕیزبەندی وڵاتە سەرەکییەکانی ئۆپێک بکەین، دەبینین گەورە هەناردەکارەکەی نەوتی ئۆپێک، سێ وڵاتە دامەزرێنەرەکەی ئۆپێکن کە پێکەوە 58 ساڵ پێش ئێستا ئۆپێکیان لە بەغدا دروستکرد، سعودیە پلەی یەکەم و عێراق پلەی دووەم و ئێران پلەی سێیەم و ئیمارات پلەی چوارەمی هەناردەی ئۆپێکیان پێکهێناوە، بەڵام بەهۆی گەمارۆی ئەمریکا لەسەر ئێران، مانگی ڕابردوو ئیمارات پلەی سێیەمی لە ئێران وەرگرت.

عێراق کە دامەزرێنەرێکی سەرەکی ڕێکخراوی ئۆپێکە و پلەی دووەمی هەناردەی نەوتی وەرگرتووە و لە قۆناغی ڕابردوودا پابەندی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی زۆربەی ڕێککەوتننامەکانی ئۆپێک بووە، ئێستا لە هەمووان زیاتر گلەیی و گازندەی لە سیاسەتی بەڕێوەبردنی ئۆپێک هەیە، لەبەرئەوەی سعودیەی هاوبەشی کە بەتەنیا یەک لەسەر سێی هەناردەی ئۆپێک پێکدەهێنێ، بەبەردەوامی لەبەرژەوەندی ئابووری و سیاسی خۆی لەپێناو ڕازیکردنی ئەمریکا و ڕووسیا، سیاسەتی هەناردەی نەوت بەبێ گەڕانەوە بۆ ئۆپێک دەگۆڕێت!

دوای کشانەوەی قەتەر، پرسی کشانەوەی ئێران و عێراق بوو بە پرسیاری شرۆڤەکاران و شارەزایان و هێمایان بۆ ئەوە کرد کە عێراق پاش قەتەر دەبێتە دووەم دەوڵەت لەو ڕێکخراوە بکشێتەوە، ئەمەش بەهۆی کۆنترۆڵکردنی سیاسەتی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکە لەلایەن سعوودیە، بەڵام ئێران ڕاستەوخۆ لەسەر زاری وەزیری نەوتی وڵاتەکەی کشانەوەی لە ئۆپێک ڕەتکردەوە.

"بێدەنگیی عێراق لە دەنگۆکانی کشانەوەی لە ئۆپێک، نیشانەی ناڕەزاییەتی لە سیاسەتی ڕێکخراوەکە"

سەرەڕای دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی کێڵگەکانی کەرکووک بۆ بەندەری جەیهان لە تورکیا، بەڵام عێراق لە مانگی ڕابردوودا هەناردەی نەوتەکەی کەمی کردووە بۆ سێ ملیۆن و 372 هەزار بەرمیلی ڕۆژانە، ئەوەش کەمترین ئاستی هەناردەکردنی نەوتی عێراقە لە حەوت مانگی ڕابردوودا، لە کاتێکدا لە تشرینی دووەمی ئەمساڵ ڕۆژانە زیاتر لە سێ ملیۆن و 500 هەزار بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە.

بێدەنگیی عێراق لەو دەنگۆیانەی سەبارەت بەکشانەوەی لە ڕێکخراوەکە بڵاودەکرێتەوە، نیشانەی ناڕەزایەتی عێراقە لە سیاسەتی ئۆپێک، بەڵام ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دروستکردووە، پرسی کشانەوەی عێراقی زیاتر دواخست.

جگە لەوەش پێموایە کشانەوەی عێراق لە ئۆپێک لەم قۆناغەدا کارێکی ئەستەمە، لەبەرئەوەی بەرژەوەندییەکانی عێراق گرێدراوی سیاسەتی ئێران و ئەمریکایە، لەکاتێکدا هەردوولایان مانەوەی ئۆپێکیان بە بەهێزی بەلاوە گرنگە.

هەرچەندە ئەو ڕێککەوتنەی ئێستا بە ڕێککەوتنی نێوان ئەندامانی ئۆپێک و دەرەوەی ئۆپێک ناونراوە، بەڵام ئەوەندەی ڕێککەوتنی نێوان سعودیەی خاوەن سێیەکی ئۆپێک و ڕووسیای ڕابەری وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێکە لە کۆبوونەوەی گروپی 20، ئەوەندە ڕێککەوتنی نێوان ئەندامانی ئۆپێک و دەرەوەی ئۆپێک نییە لە ڤیەننا، چونکە ڕۆژ بەڕۆژ ئەم دوو وڵاتە بەهۆی بەرزیی ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوتیان بۆ بازاڕی نەوت، کاریگەرییان لەسەر بازاڕی نەوت زیاتر دەبێت.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند خاڵێکی گرنگ هەن کە پێویستە عێراق خۆی بۆ ئامادە بکات:

1- بەپێی ئەو پلانەی دانراوە، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی تا کۆتایی ساڵی 2019 بەرز دەبێتەوە بۆ 5 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، جگە لەوەش ڕێککەوتن و نزیکبوونەوەکانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان و ڕێککەوتن لەسەر نەوتی کەرکووک زۆر باش دەڕواتە پێشەوە.

2- ئەگەر گوشارەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێ بکرێن، پێگەی ئێران لە بازاڕی نەوتی جیهانی لاواز بکرێت، ئایا پێگەی نەوتی عێراق لە کوێی بازاڕی وزەدا دەبێ. ئایا عێراق تاچەند دەخرێتە ئەو هاوکێشەیەی کە پێویستە هاوکاری بازاڕ بێت بۆ دروستنەبوونی بۆشایی کەمبوونەوەی نەوت و بەرزبوونەوەی نرخەکەی.

3- ئایا نرخی نەوت لە دوای ڕێککەوتنی ئۆپێک و دەرەوەی ئۆپێک، تاچەند لە بەرژەوەندی بودجەی عێراقە و توانای پڕکردنەوەی پێویستییەکانی عێراق و پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجەکەی هەیە، لەکاتێکدا سەرچاوەی سەرەکی داهاتی عێراق نەوتە.

4- ئایا ئەگەر وەک پێشتر سعودیە یان ڕووسیا لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان لە بەرژەوەندی سیاسیان و پاراستنی هاوبەشە سیاسییەکانیان کە ئێران و ئەمریکا و چینە، خۆیان دزییەوە، عێراق چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕێککەوتنەکان دەکات لەکاتێکدا عێراق پێویستی بە نەوتی نرخ بەرزە، بۆ ئەوەی ژێرخانە ئابوورییەکەی پێ بەهێز بکاتەوە و شارە وێرانبووەکانی بەهۆی شەڕی داعشەوە ئاوەدان بکاتەوە.

---

# ڕێکخراوی ئۆپێک لەبەردەم مەترسیی هەڵوەشانەوەدایە

ڕووداو- هەولێر

ئێوارەی ڕۆژی هەینیی ڕابردوو، ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) بە سەرکردایەتی سعودیە و، هاوپەیمانەکانی بە سەرکردایەتی ڕووسیا، لەسەر دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنان بە بڕی 1.2 ملیۆن بەرمیل ڕێککەوتن. ڕێککەوتنەکە پێچەوانەی داوای کۆشکی سپییە و ئاماژەیەکی ڕوونیشە بۆ ئەوەی دابەزینی نرخەکانی نەوت کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر نفووزی زلهێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست داناوە.

بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە، ئۆپێک 800 هەزار بەرمیل و وڵاتەکانی دەرەوەی ڕێکخراوەکەش 400 هەزار بەرمیل لە بەرهەمی ڕۆژانەیان لە چاو مانگی ئۆکتۆبەر کەم دەکەنەوە. بەو پێیەش ئاستی دابەزاندنەکە 200 هەزار لە چاوەڕوانیی بازاڕەکانی نەوت زیاتر بوو، هەر بۆیە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ڕێککەوتنەکە، نرخی نەوت 5.2% بەرزبووەوە و بەهای یەک بەرمیل نەوتی برێنت گەیشتە سەرووی 63 دۆلار. لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ئەوە دووەمجارە ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی بڕیاری کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان بدەن.

کۆبوونەوە دوو ڕۆژییەکەی ڤیەننا ئاسان نەبوو، یەکەمجار سعودیەکان نیگەرانی ئەوە بوون ڕووسیا بڕێکی کەم لە بەرهەمی ڕۆژانەی کەمبکاتەوە و ئێرانیش کە بەهۆی سزاکانی ئەمریکاوە خۆبەخۆیی بەرهەمی نەوتی دابەزیوە، ڕێگە لە تێپەڕینی ڕێککەوتنەکە بگرێ، هەموو ئەو نیگەرانییانەش لە کاتێکدا بوون کە نرخەکانی نەوت لە مانگی تشرینی یەکەمەوە 30% دابەزیبوون.

ڕۆژی هەینی ڕووسیا قایل بوو بەوەی بەرهەمهێنانی خۆی بە بڕی 228 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەم بکاتەوە، بەڵام جەختیان لەوە کردووەتەوە کە کەمکردنەوەکە قۆناغ بە قۆناغ دەبێ و ڕەنگە چەندین مانگی بوێ هەتا مۆسکۆ بتوانێ ئەو بڕە لە بەرهەمهێنان کەمبکاتەوە کە لە ڕێککەوتنەکەدا بەڵێنی داوە. ئاستی بەرهەمهێنانی مانگی ئۆکتۆبەر وەکو پێوەری کەمکردنەوە دانراوە و لەو مانگەدا ڕووسیا ڕۆژانە 11.4 ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەمهێنابوو

ئۆپێک ناتوانێ بەبێ سعوودیە و ڕووسیا لەسەر هیچ شتێک ڕێکبکەوێ
بەرپرسێکی ئۆپێک

عێراق کە دووەم گەورەترین بەرهەمهێنەری ئۆپێکە، بەڵێنی داوە 140 هەزار بەرمیل لە بەرهەمی ڕۆژانەی کەمبکاتەوە، عێراق لە مانگی تشرینی یەکەم لە ڕۆژێکدا چوار ملیۆن و 460 هەزار بەرمیلی بەرهەمهێنابوو. سعودیە، گەورەترین بەرهەمهێنەری ئۆپێک و گەورەترین هەناردەکاری نەوت لە جیهادا، بەڵێنی داوە 250 هەزار بەرمیل لە بەرهەمی ڕۆژانەی کەم بکاتەوە.

خالد فالح، وەزیری وزەی سعوودیە ڕایگەیاندووە بەرهەمی نەوتی سعودیە لە مانگی کانوونی یەکەمەوە دەستی بە دابەزین کردووە و هەر پێش ڕێککەوتنەکەش 400 هەزار بەرمیلی لەچاو مانگی پێشتر کەمکردووەتەوە. لە مانگی تشرینی دووەم سعوودیە 11.1 ملیۆن بەرمیل نەوتی دەرهێنابوو. ڕیاز بەڵێنی ئەوەشی داوە کە بەرهەمی ڕۆژانەی شانشین لە مانگی یەکەمی ساڵی داهاتوو بگاتە 1.2 ملیۆن بەرمیل.

ڕێککەوتنەکەی ڤیەننا ڕێگەی بە ئێران، ڤەنزوێلا و لیبیا داوە بەشداری لە ڕێککەوتنەکە نەکەن، بەڵام نایجیریا کە لە ڕێککەوتنەکەی سەرەتای 2017دا لێی خۆش بوون، دەبێ لەم ڕێککەوتنەیاندا بەشدار بێت. لە ڕێککەوتنەکەی پێشوودا ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی 1.8 ملیۆن بەرمیلیان لە بەرهەمی ڕۆژانەیان کەمکردبووەوە. ژمارەیەک بەرپرسی وزەی وڵاتانی کەنداو بە (فاینەنشڵ تایمز)ی بەریتانیان ڕاگەیاندووە کە بەو پێیەی دیاری نییە بارودۆخی بەرهەمهێنان لە وڵاتانی وەکو ڤەنزویلا و ئێران چی بەسەر دێ، چاوەڕێ دەکرێ ئاستی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان لە 1.2 ملیۆن بەرمیلیش زیاتر بێ و سعوودیە ئەرکی ئەو کێشەیە هەڵدەگرێ.

لە چەند مانگی ڕابردوودا، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا داوای لە ئۆپێک و ڕووسیا دەکرد ئاستی بەرهەمهێنان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی نرخەکانی نەوت دابەزن، بەڵام لە یەک ساڵی ڕابردوودا ئاستی بەرهەمهێنانی ڕووسیا، ئەمریکا و سعوودیە بە بڕی 3.3 ملیۆن بەرمیل بەرزبووەتەوە و گەیشتبووە 56.38 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، کە 60%ی ئەو نەوتەیە کە ڕۆژانە لە جیهاندا بەکاردەهێنرێ.

ئەمریکا پشکی سەرەکیی لە بەرزبوونەوەی بەرهەمی نەوتی جیهاندا هەیە، لەبەر ئەوەی لە سەرەتای 2016ەوە، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەو وڵاتە 2.5 ملیۆن بەرمیل زیادیکردووە و گەیشتووەتە 11.7 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەو پێیەش ئەمریکا پلەی گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی جیهانی گرتووە.

## زەماوەندی ڕووسیا و سعوودیە

سعودییەکان دەیانزانی بەبێ ڕووسەکان هیچ ڕێککەوتنێک ناکرێ کە سەنگی لە بازاڕەکاندا هەبێ. بەرپرسێکی ئۆپێک بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ڕاگەیاندووە: "هاوبەشیی نێوان ڕووسیا و ئۆپێک وەکو زەماوەندی لێهاتووە، ئۆپێک ناتوانێ بەبێ سعوودیە و ڕووسیا لەسەر هیچ شتێک ڕێکبکەوێ، هەرچەند (لەو هاوکێشەیەدا) ڕووسیا هاوبەشە بەهێزەکەیە".

سەرەڕای ئاڵوگۆڕی بزە و پێکەنینەکانی ژووری کۆنفرانسە میدیاییەکان، وەزیرانی وزەی سعودیە و ڕووسیا هەفتەیەکی پڕ لە مشتومڕیان بەڕێکردبوو. لە کۆبوونەوەکانی هەفتەی ڕابردوودا ڕووسیا جەختی لەوە کردبووەتەوە کە وڵاتەکەی تەنیا 100 هەزار بەرمیل کەمدەکاتەوە. لە کاتی مشتومڕەکاندا فالح بە ئەلێکساندەر نۆڤاک، وەزیری وزەی ڕووسیای ڕاگەیاندبوو سعودیە ناتوانێ ئەو مەرجە قەبووڵ بکات.

دوای کۆبوونەوە سەختەکە، نۆڤاک یەکسەر لە ڤیەنناوە گەڕابووەوە ڕووسیا بۆ ئەوەی ڕاوێژ بە سەرۆکی ڕووسیا بکات و ڕۆژی هەینی هاتبووەوە نەمسا، دوای گەڕانەوەشی جارێکی دیکە لەگەڵ هاوتا سعودیەکەی خۆی کۆبووەوە. ژمارەیەک بەرپرسی ئۆپێک بە (جورناڵ)یان ڕاگەیاندووە دوای ئەو کۆبوونەوەیە فالح پشوویەکی بەردا هاتەوە و ئیدی هەمووان دەیانزانی فالح و نۆڤاک لەسەر شتێک ڕێککەوتوون.

بەڵام لێکنزیکبوونەوەی سعوودیە و ڕووسیا مەترسی لەسەر داهاتووی ڕێکخراوەکەش دروستکردووە، لە کاتێکدا ژمارەیەک لە وڵاتانی بچووکی ڕێکخراوەکە پێیانوایە بەرژەوەندییەکانی ئەوان لە ڕێککەوتنەکاندا پشتگوێ دەخرێ. ژمارەیەک بەرپرسی ئۆپێک پێیانوایە پەیوەندییەکانی ڕووسیا و سعوودیە و کاریگەریی پەیوەندییەکان لەسەر بڕیارەکانی ئۆپێک یەکێک لە هۆکارە سیاسییەکانی کشانەوەی قەتەر لە ڕێکخراوی ئۆپێک بووە.

پێشتر چاوەڕێ دەکرا سزاکانی ئەمریکا لەسەر کەرتی نەوت و غازی ئێران، کاریگەری گەورە لەسەر باڵانسی نەوت لە بازاڕەکاندا دابنێ، بەڵام لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵ حکومەتی ئەمریکا ڕایگەیاند ڕێگەی بە کۆمەڵێک لە کڕیارە سەرەکییەکانی نەوتی ئێران داوە بۆ ماوەی شەش مانگ درێژە بە بازرگانی نەوت لەگەڵ ئێران بدەن. بڕیارەکەی ئیدارەی ترەمپ بازاڕەکانی نەوتی تووشی شۆک کرد.

ئیدارەی ترەمپ لە دوو مانگی ڕابردوودا لە کەیسی کوژرانی جەمال خاشوقچی، ڕۆژنامەنووس و کۆنەبەرپرسی حکومەتی سعوودیە، پشتی محەممەد بن سەلمانی گرتووە. پێدەچێ ڕێککەوتنەکەی ڕۆژی هەینی ڤیەننا سەرۆکی ئەمریکای تووڕە کردبێ، بەڵام فالح لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند پەیوەندییەکانی ڕیاز و واشنتن تەنیا لەسەر بنەمای زیادکردن و کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت نین، بەڵکو لەسەر کۆمەڵێک بەهای هاوبەش دامەزراون.



ڕێکخراوی ئۆپێک و ڕووسیا لەسەر کەمکردنەوەی 1.2 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا ڕێککەوتوون
(فۆتۆ: AFP)

## پێنجەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی شانۆی هەولێر دەستپێدەکات

**رووداو– هەولێر**

ئێوارەی ئەمڕۆ دووشـەممە 2018/12/10 پێنجەمین فێسـتیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی هەولێر دەست بە چالاکییەکانی دەکات. هیوا سوعاد، سـەرۆکی پێنجەمین فێسـتیڤاڵی نێودەوڵەتیی شـانۆی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند :"هەشـت گرووپی شـانۆی کوردی و بیانی لە ماوەی پێنج رۆژی فێستیڤاڵەکەدا شانۆگەرییەکانیان نمایش دەکەن کە تەنیا دوو شانۆی کوردی نمایش دەکرێن، ئەوانی دیکە هەمووی شانۆی بیانین". سەرۆکی فێستیڤاڵ دەشڵێت :"گرووپی شانۆی کوێتی، ئوردنی، تونسی، مەغریبی و ئەڵمانی شانۆگەرییەکانیان لە هەولێر نمایش دەکەن".




### هونەرمەند حەمەڕەئووف کەرکووکی بۆ (ڕووداو):

# ئەلبومێکی گۆرانی بڵاودەکەمەوە و دەوەستم



ست خەرامان، سڵاو ئەی خەم و چەندین گۆرانی بەچێژی دیکەش، خاوەنەکەیان دەڵێت بیرۆکەکەیان هەر لەنێو دووکانی بەرگدروویيەکەیدا لەدایکبوون. حەمەڕەئووف کەرکووکی لەدایکبووی شاری کەرکووکە، بەڵام ساڵانێکی زۆرە لە سلێمانی نیشتەجێیە. هەر ئەو شارەش بە سەردەم و قۆناغی زێڕینی ژیانی هونەریی خۆی دەزانێ. کەرکووکی ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی دوایین ئەلبوومی خۆیەتی و بەنیازە ساڵی داهاتوو بڵاوی بکاتەوە. ئیدی لەدوای ئەوەش واز لە بڵاوکردنەوەی ئەلبووم دەهێنێ، چونکە دەڵێت خەڵک لە کوردستان ئەلبووم ناکڕن، بەڵام لە بەرهەمهێنانی گۆرانیی سینگڵ و بەشداری لە بۆنە هونەرییەکاندا بەردەوام دەبێت. حەمەڕەئووف کەرکووکی لە هەڤپەیڤینێکدا وەڵامی پرسیارەکانی (ڕووداو) دەداتەوە.

**هەڤپەیڤین: دەرباز یونس**
**ڕووداو - هەولێر**

**رووداو: ماوەیەکی زۆرە بێدەنگی و بەرهەمی نوێت نەبووە، ئێستا خەریکی چیت؟**

**حەمەڕەئووف کەرکووکی:** راستە، ئێستا سپۆنسەر و پاڵپشتیی حکومی و ئەهلی، واتە کۆمپانیاکان بۆ بەرهەمی هونەری زۆر کەم بوونەتەوە، یاخود هەر نەماون، بۆیە بەرهەمهێنانی هونەری بەگشتی کەمن، لەگەڵ ئەوەش من ئێستا لە دوایین قۆناغی ئامادەکردنی ئەلبومێکی گۆرانیدام کە ساڵی 2019 بڵاوی دەکەمەوە، ئەم ئەلبومە دوایین ئەلبومی من دەبێت و دوای ئەوە دەوەستم.

### خەڵک لە کوردستان ئەلبووم ناکڕن

**رووداو: وەستان لە ئەلبومی گۆرانی، یاخود وەستان لە بەرهەمی هونەری؟**

**حەمەڕەئووف کەرکووکی:** نا لە کاری هونەری ناوەستم، بەڵام لە بەرهەمهێنانی ئەلبوم دەوەستم، دوای ئەو ئەلبومە کە دەکەوێتە ساڵی داهاتوو، بەردەوام دەبم لە بڵاوکردنەوەی گۆرانیی سینگڵ، هەروەها بەشداری لە فێستیڤاڵی هونەری و کۆنسێرتی گۆرانی دەکەم.

**رووداو: بۆچی لە بڵاوکردنەوەی ئەلبوم دەوەستی؟**

**حەمەڕەئووف کەرکووکی:** چونکە ئێستا لە کوردستان کەس ئەلبومی گۆرانی ناکڕێت، شتێکیش نییە بە ناوی مافی کۆپی رایت و مافی گۆرانیبێژ، ئەلبووم ئامادە دەکەیت، رۆژی دواتر کۆپییەکەی لە بازاڕە، یاخود هەمووی لە ئینتەرنێت بڵاوکراوەتەوە، واتە تۆ ناتوانی بە داهاتی ئەلبوومێکت کارێکی نوێ بکەیت، کەواتە گۆرانیی سینگڵ بڵاوبکەیتەوە باشترە.

**رووداو: زۆر جار لەگەڵ بەشێک لە خانمە ئافرەتەکان گۆرانیت گوتووە، گۆرانیی دوێت، کۆنسێرتی گۆرانیشت هەبووە لەگەڵ ئافرەتانی گۆرانیبێژ، بەڵام لەگەڵ پیاوان نەتبووە، هۆکار چییە؟**

**حەمەڕەئووف کەرکووکی:** ئەمە لەبەر ئەوەیە کە من خاوەنی دەنگێکی نەرم و تۆنی دەنگم لەگەڵ دەنگی ئافرەتان گونجاوە، بەڵێ لەگەڵ بەشێک لە خانمە هونەرمەندەکان گۆرانیی هاوبەشم هەبووە و زۆریش سەرکەوتوو بووین. ئێستاش ئەگەر پرۆژەی لەوشێوەیە هەبێت بەردەوام دەبم، بۆ نموونە کۆنسێرتی هاوبەشی من و هونەرمەند ئاڤان جەمال لە سلێمانی، چەند سەرکەوتوو بوو! ئێستاش بە یەکێک لە سەرکەوتووترین کۆنسێرتەکان دادەنرێت.

**رووداو: پێشتر بەرگدروو بوویت، لە سلێمانی دووکانت هەبووە، ئێستاش بەردەوامیت؟**

**حەمەڕەئووف کەرکووکی:** بەڵێ، دووکانی بەرگدروویيم هەبوو، دووکانەکەم ماڵی دووەمی هونەرمەندان بوو، هەمیشە هونەرمەندان روویان تێدەکرد و لێی کۆدەبوونەوە، ئەم دووکانە لانکەی دروستبوونی چەندین گۆرانی بەناوبانگی منن، هەروەها بەرهەمی هونەرمەندان و شاعیرانی دیکەش لەو دووکانە لەدایکبوون، گۆرانی ست خەرامان و سڵاو ئەی خەم لەو دووکانە و لەسەر مەکینەکەم دروستبوون.

### سپۆنسەر بۆ بەرهەمی هونەری نەماوە

**رووداو: جلوبەرگت بۆ هونەرمەندان دەدروی؟**

**حەمەرەئووف کەرکووکی:** بێگومان، جلوبەرگم بۆ زۆربەی هونەرمەندانی سلێمانی و هەولێریش درویوە، زۆرجاریش لێم سەقەت دەکردن.

**رووداو: پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو کەریم کابان باش بوو، دوایین جار کە بینیت کەی بوو؟**

**حەمەرەئووف کەرکووکی:** تا ئەو کاتەی دووکانم هەبوو هەمیشە دەهاتە لام و سەردانی دەکردم، بەڵام دوای نەمانی دووکانەکەم بەردەوام لە بازاڕ و چایخانە دەمبینی، قسەمان دەکرد، بەڵام دواتر کە نەخۆشکەوت لە دەرەوە نەمدەبینی، هەمیشە سەردانم دەکرد، دوایین جار کە سەردانم کرد، پێنج رۆژ بەر لە مردنی بوو.

### شوکران ئاکتە، خانمە ئەکتەری کورد بۆ (ڕووداو):

# دەرهێنەرانی تورک ڕۆڵ نادەنە ئێمە و حەزیان لە کچی شێوە ئەوروپییە



خانمە ئەکتەری ناوداری باکووری کوردستان شوکران ئاکتە، لە شەشەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم لە دهۆک، بە خەڵاتێک گەڕایەوە زێدی خۆی، ئەویش خەڵاتی باشترین ئەکتەر بوو بۆ فیلمی "بڕیارێکی سەخت". هەر ئەمساڵ لە فێستیڤاڵی پرتەقاڵی بۆ فیلم، خەڵاتی باشترین ئەکتەری گەنجی وەرگرت.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح و دلێر تێلی**
**ڕووداو- دهۆک**



**رووداو: یەکەمجار کە سەردانی باشووری کوردستانت کرد بۆ بەشداری لە فیستیڤاڵی فیلم بوو لە دهۆک، فێستیڤاڵەکە چۆن بوو؟**

**شوکران:** بەڵێ ئەمە یەکەمینجار بوو سەردانی باشووری کوردستان بکەم. بەڕاستی گەلێک خۆشحاڵم کە هاتمە باشووری کوردستان، وڵاتی خۆم، هەست بەشانازی دەکەم کە بەشداریم لە فێستیڤاڵی فیلمی دهۆک کرد، پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لە ئێمە کرد.

**رووداو: فیلمی "بڕیارێکی سەخت" کە تۆ رۆڵی سەرەکی تێدا دەبینی و خەڵات کرا، چیرۆکەکەی باسی چی دەکات؟**

**شوکران:** ئەم فیلمە باس لە کچێک لە جۆلەمێرگ دەکات کە دەیەوێت نەشتەرگەریی جوانکاری بۆ لووتی بکات، بەڵام لەلایەن باوک و براکەیەوە ئازار دەدرێت و ناتوانێت بە ئاواتەکەی خۆی بکات و دەیانەوێت بەزۆر بەشووی بدەن، چیرۆکەکە بەم جۆرە دەستپێدەکات و دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی تێدا نیشاندەدرێت.

**رووداو: دەتوانین بڵێین کێشەی کچانی باکووری کوردستان لە فیلمەکاندا رەنگیان داوەتەوە؟**

**شوکران:** بێگومان کێشەی ژنانی باکووری کوردستان لە فیلمەکاندا رەنگدانەوەی زۆرە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە رۆژ لە دوای رۆژ کێشەکان زەقتر بینەوە و خەڵک هەست بەو کێشانە بکەن، کچانی کورد دەیانەوێت لەنێو هونەردا خەم و ئازارەکانی خۆیان نمایش بکەن، چونکە تاکە هیوای ئەوان هونەرە کە بتوانن بەهۆیەوە هیوا و ئاواتی لەسەر هەڵبچنن.

**رووداو: بۆچی ژنان خۆیان فیلم دروست ناکەن؟**

**شوکران:** لەبەر ئەوەی زیاتر ژن وەکو بەخێوکەری منداڵ و ئیشکردن لە ماڵەوە دەبینن، بەڕاستی رێگا بۆ ژن نەکراوەتەوە هەموو هێز و تواناکانی خۆی دەربخات، ئەگەر هاوکاری بکرێن کاری زۆر جوان و سەرنجڕاکێش دەکەن.

### کێشەی ژنانی باکووری کوردستان لە فیلمەکاندا رەنگی داوەتەوە

**رووداو: ئەگەر بەرهەمهێنەر و دەرهێنەری ژن هەبن دەتوانن کێبڕکێ لەگەڵ دەرهێنەری پیاو بکەن؟**

**شوکران:** بەڵێ زۆر باش دەتوانن فیلمی چاک و بەهێز دروست بکەن.

**رووداو: رەوشی ژنانی هونەرمەند لە باکووری کوردستان چۆنە؟**

**شوکران:** ئێستا رەوشەکە باشترە، من دەخوازم هێشتا باشتر بێت و ئازادی بۆ ژنان زیاتر بێت، لە تورکیا بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە فیلمی کوردی تووشی زەحمەتیی زۆر هاتووە و ناتوانین بە دڵی خۆمان فیلمی کوردی دروست بکەین، وەکو باشووری کوردستان نییە کە ئازادییەکی زۆر هەیە.

**رووداو: جیاوازی لە نێوان ئەکتەرانی ژنی کورد و تورک لە تورکیا هەیە؟**

**شوکران:** بەڵێ جیاوازییەکی زۆر هەیە، ئێمە لە تورکیا دووجار کێشەمان هەیە، کێشەی یەکەم ئەوەیە کە ناتوانین لە فیلمی کوردی بە ئازادی رۆڵ ببینین، کێشەی دووەمیش لە فیلمە تورکییەکاندا رێگە بە ئێمە نادەن رۆڵ ببینین، زیاتر حەزیان لە کچانی شێوە ئەوروپییە کە قژیان زەرد بێت و سپی و سوور و چاوشین بن.

**رووداو: لە فێستیڤاڵەکانی تورکیا وەکو ئەکتەرێکی کورد بەشداری دەکەی، جیاوازی لەگەڵ فێستیڤاڵی دهۆک چییە؟**

**شوکران:** بەڵێ من لە چەند فێستیڤاڵێکی تورکیا بەشداریم کردووە، بەڵام بەداخەوە زۆر رێگە بە نمایشکردنی فیلمی کوردی نادەن، جیاوازی زۆرە، چونکە لە کوردستان زیاتر گرنگی بە فیلمە کوردییەکان دەدەن و خەڵک حەز لە فیلمی کوردی دەکات، بەڵام ئەمە لە تورکیا نییە.

**رووداو: تۆ ئێستا لە زانکۆ لە بواری سینەما و شانۆ دەخوێنی، ئاستی سینەمای کوردی چۆن دەبینی؟**

**شوکران:** پێموایە سینەمای کوردی پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینیوە، بیرۆکەی زۆر جوان و سادە هەیە بۆ فیلم کە ئەمەش کاریگەری خۆی لەسەر پێشکەوتنی سینەما هەیە، هیوادارم رۆژ دوای رۆژ سینەما لە کوردستان زیاتر پێشبکەوێت.

**رووداو: تۆ حەز دەکەی بەشداری لە فیلمی رۆمانسی بکەی؟**

**شوکران:** بەڵێ ئاساییە، ئێمە ئەکتەرین دەبێت هەموو رۆڵێک ببینین، ئەمە ئیشی ئێمەیە، کێشەم لەو بوارەدا نییە، گرنگ ئەوەیە بتوانم بەباشی رۆڵی خۆم ببینم.

### فیلمی کوردی لە تورکیا بەرەورووی زەحمەتی بووەتەوە




کۆلاژین پلاس...! ئازاری جومگەکان بە یەکجارەکی لە ناو دەبات و بۆ سڕینەوەی نەخۆشی پووکانەوە و نەرمی ئێسقان و ژانی بڕبڕەی پشت و ئەژنۆکان گەلێ بە سوودە

کۆمپانیای ساڤرینا/ هەولێر-شۆڕش 61
07504900010-07504486228






## لە دەربەندیخان کچێکی دەستگیراندار "خۆی خنکاند"



**ڕووداو- گەرمیان**

سەعات 7:00ی شەوی 2018/12/9 لە قەزای دەربەندیخانی سەر بە سلێمانی، کچێکی تەمەن 22 ساڵ "خۆی خنکاند". ڕائید هیوا بەکر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کچێک بەناوی (س، ح ، م) تەمەن 22 ساڵ، لە ماڵی خۆیاندا خۆی خنکاندووە". بەپێی زانیارییەکانی ڕائید هیوا بەکر، کچەکە دەستگیراندار بووە، بەڵام هۆکاری خۆکوشتنەکەی نەزانراوە. هیچ کەسیش لە کەسوکاری کچەکە دەستگیرنەکراوە. ڕائید هیوا بەکر ڕاشیگەیاند، پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ دۆسییەکە کراوەتەوە و تەرمی کچەکە ڕەوانەی پزیشکی دادی کراوە.

ڕووداو ژنان

ژمارە (533) - دووشەممە 2018/12/10

دوای مەرجدارکردنی فرەژنی...

# 27 هەزار کەس لە کوردستان ژنی دووەم و سێیەمیان هێناوە



**سەرباز سیامەند**
**ڕووداو — هەولێر**

دانانی چەند مەرجێک بۆ فرەژنی نەبووە ڕێگر لەبەردەم پیاوان لە هەرێمی کوردستان بۆ هێنانی زیاتر لە ژنێک. بەپێی ئامارەکان لە نۆ ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە 27 هەزار کەس ژنی دووەم و سێیەم و چوارەمیان لە دەرەوەی دادگاکانی هەرێمی کوردستان مارە کردووە و دواتر گرێبەستی مارەبڕینەکەیان لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان پەسەند کردووە. بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پلان و ئامار لە ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی 2009/1/1 تاوەکو 2017/3/30، واتە لە ماوەی 9 ساڵدا، لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک 364 هەزار گرێبەستی مارەبڕین تۆمارکراون کە 843 گرێبەستیان بەشێوەی یاسایی ژنی دووەم و سێیەمیان هێناوە. هەر لەو 9 ساڵەدا، 26 هەزار و 421 کەس لە دادگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ژنی دووەم و سێیەمیان مارە بڕیوە و لە دادگاکانی کوردستان پەسەندیان کردووە. بەو پێیەش لە هەر 100 گرێبەستی هاوسەرگیری، حەوتیان بۆ ژنی دووەم و سێیەم بووە.

زۆرترین مارەبڕین لە هەولێر تۆمارکراوە کە 149 هەزار و 646 گرێبەست بووە، کەمترین هاوسەرگیریش لە دهۆک بووە کە 96 هەزار و 185 گرێبەست بووە. بەپێی یاسای بەرکار لە هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە ڕێپێدان بە ژنهێنانی دووەم، هەولێر بە 380 گرێبەست زۆرترینی بەرکەوتووە و دهۆک بە 122 گرێبەست کەمترینە.

دیسان هەولێر بە 12 هەزار گرێبەستی هاوسەرگیری لە ڕیزی پێشەوەی پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی دەرەوەی دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا بووە و سلێمانیش کەمترین ڕێژەی تۆمار کردووە کە 7 هەزار و 235 گرێبەست بووە. بەڵام زۆرترین حاڵەتی تەڵاق و لێکجیابوونەوەش لە سلێمانی بووە کە 23 هەزار حاڵەت بووە و کەمترینیش لە دهۆک بووە کە 8 هەزار و 435 حاڵەت بووە.

د. ڤالا فەرید، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە خولی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانتاری خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبارەی ژنهێنانی دووەم و سێیەم و مارەبڕینیان لە دادگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەڵێت: "هەر یاسایەک کە لە پەرلەمانی کوردستان دەردەچێت لەلایەن دادگاکانی هەرێمی کوردستانەوە دەبێت وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت. هەمواری یاسای باری کەسیش لەلایەن پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵی خۆی بینیوە لە کەمکردنەوەی فرەژنی".

د. ڤالا فەرید دەڵێت هەرچەندە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی وەکو عێراقدایە، بەڵام بۆ مەسەلەی باری کەسی، هەرێمی کوردستان زۆر لە عێراق لەپێشترە "عێراق بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە و بووەتە وڵاتێکی مەزهەبی و لەبواری باری کەسێتیش پاشەکشەی زۆری کردووە".

### مەرجەکانی فرەژنی

بەپێی یاسای باری کەسیی ژمارە 188ی ساڵی 1959ی عێراق کە بەشێک لە بڕگە و ماددەکانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 2008 هەموار کراوە، مەرجەکانی ڕێگەدان بە هێنانی زیاتر لە ژنێک بریتین لە:

- لەبەردەم دادگا ڕەزامەندی هاوسەری یەکەم وەربگیرێت.
- تووشبوونی ژنەکە بە نەخۆشییەکی درێژخایەنی سەلمێنراو کە ڕێگە لەسەرجێیی ژن و مێرد بگرێت و ئومێدی چاکبوونەوەی نەبێت، یان ژنەکە نەزۆک بێت.
- توانای دارایی پیاوەکە بەشی بەڕێوەبردنی پتر لە ژنێک بکات.
- پڕکردنەوەی بەڵێننامەی دادپەوەری و یەکسانی لە نێوان هاوژینەکاندا.
- نابێت ژنی یەکەم ئەو مەرجەی لە گرێبەستی هاوژینی دانابێت کە هەوێی بەسەر نەیەت.
- پابەندنەبوون بەو خاڵانەی سەرەوە، سزاکەی شەش مانگ بۆ ساڵێک بەندکردنە، لەگەڵ غەرامەیەک بە بڕی 10 ملیۆن دینار.

### داتاکانی باری کەسیی هەرێمی کوردستان لە 2009 تاوەکو 2017

| | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| مارەبڕین | 149616 | 118211 | 96185 | 364012 |
| ڕێپێدان بە هێنانی ژنی دووەم | 380 | 341 | 122 | 843 |
| پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی | 12006 | 7235 | 7180 | 26421 |
| تەڵاق | 22198 | 23015 | 8435 | 53648 |
| کۆی گشتی | 184200 | 148802 | 111922 | 444924 |

# پیاوان 37 ڕێکخراوی ژنان بەڕێوەدەبەن

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو — هەولێر**

بەپێی ئامارەکان، زیاتر لە 200 ڕێکخراوی ژنان لە هەرێمی کوردستان هەن، بەڵام سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەڵێت 90%ی ئەو ڕێکخراوانە ناچالاکن و توانای کارکردنیان بۆ داکۆکی لە پرسی ژنان وەکو پێویست نییە.

بەپێی ئاماری فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، 232 ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون (87 لە هەولێر، 63 لە سلێمانی، 31 لە دهۆک، 29 لە کەرکووک، نۆ لە گەرمیان، حەوت لە ڕاپەڕین، شەش ڕێکخراویش لە مووسڵ و دەشتی نەینەوا".

ئەکرەم جەمۆ، سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "لەو 232 ڕێکخراوەی بۆ پرسی ژن کاردەکەن، 195یان بەرپرسەکانیان ئافرەتن، بەڵام 37یان لەلایەن پیاوانەوە بەڕێوەدەبرێن".

بە گوتەی جەمۆ، زۆربەی ڕێکخراوەکانی ژنان لە سێکتەری کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤدا کاردەکەن، ڕێکخراویش هەیە لە بواری سیاسی و ئابووریدا کاردەکات، چونکە کۆمەڵگەی کوردی پێویستی بە بەرزکردنەوەی توانا و هۆشیاریی ئافرەتان هەیە بۆ ئەوەی کەمتر ڕووبەڕووی کێشەی کۆمەڵایەتی ببنەوە.

سەرەڕای ئەم ژمارە زۆرەی ڕێکخراوەکانی ژنان، بەڵام بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، توندوتیژی ڕوو لە هەڵکشانە. سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە کاری ڕێکخراوەکانی ژنان نارازییە و دەڵێت: "لە ئەدای ڕێکخراوەکانی ژنان ڕازی نیم، دڵنیام خۆشیان لە خۆیان ڕازی نین، چونکە بەپێی ئەو داتایانەی کۆمانکردوونەتەوە تەنیا 10%ی ڕێکخراوەکانی ژنان پلانیان هەیە و کاران. ئەوانیش زیاتر ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانن نەک ناوخۆییەکان، 90%ی ڕێکخراوەکان ناکاران و توانای کارکردنیان نییە".

ئەکرەم جەمۆ ڕەتیکردەوە هەموو هۆکارەکانی ناچالاکیی ڕێکخراوەکانی ژنان بخاتە ئەستۆی ڕێکخراوەکان خۆیان و گوتی: "لەگەڵ ئەوەی ئەوان پلانیان نەبووە، حکومەت و فەرمانگەکانیش تاوەکو ئێستا پلانێکی ستراتیژیمان نەبووە بۆ داکۆکی لە مافەکانی ژنان، بەداخەوە هەماهەنگی لەنێوان دامەزراوە حکومییەکان زۆر لاواز بووە لەم ڕووەوە".

> تەنیا 10%ی ڕێکخراوەکانی ژنان کاران
>
> ئەکرەم جەمۆ

بەڵام بەشێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان، حکومەت و دەزگا ئەمنییەکان بە هۆکاری ڕاستەوخۆی توندوتیژی دژ بە ژنان دەزانن. هانا شوان، جێگری لێپرسراوی ڕێکخراوی ڕاگەیاندن و ڕووناکبیریی ژنان گوتی: "یەکێک لەو هۆکارانەی کە توندوتیژی زیاد دەکات، نەبوونی بەدواداچوونێکی وردی دەزگاکانی حکومەت و پۆلیسە بۆ ئەو تاوانانەی بەرامبەر ژنان دەکرێن کە هەندێکجار ئەوەی دەیکەن پێچەوانەی کارەکەی خۆیانە، بۆ نموونە کە ئافرەتێک دەکوژرێت یان تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە، پۆلیس پێش لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی ڕاپۆرتی پزیشکی دەڵێت خۆی کوشتووە یان باری دەروونی تەواو نەبووە، بەمەش هەم تاوانبار دەربازی دەبێت، هەمیش کەیسەکە دادەخرێت. ئەمەش گورزێکی زۆر گەورەی لە کەیسەکانی کوشتنی ژنان داوە، بەتایبەت لەم دوو ساڵەی دواییدا".

دەستگیرنەکردنی بکوژانی ژنان یەکێکی دیکەیە لەو گلەییانەی ڕێکخراوەکانی ژنان لە دەزگا ئەمنییەکانی دەکەن. هانا شوان نموونەی کەیسی ئافرەتێک بەناوی (سنوور) دێنێتەوە و دەڵێت: "ئێمە سێ ساڵە یادی کوشتنی (سنوور) دەکەینەوە کە لە سلێمانی لەناو پارکی دایک لەلایەن باوکییەوە کوژرا، بەڵام باوکی لەلایەن کەسێکی ناوادارەوە داڵدەدراوە و تائێستا دەستگیرنەکراوە. من لەگەڵ باپیری سنوور قسەم کردووە. ئەو دەڵێت دڵنیابن کوڕەکەم دەستگیر ناکرێت، وەکو هەموو ئەوانەی پێشتر کچ یان خوشکی خۆیان کوشتووە، بۆیە تاوەکو تاوانباران ئاوا ئازاد بن، ژنکوشتن هەر بەردەوام دەبێت".

ئەو بەرپرسەی ڕێکخراوی ڕاگەیاندن و ڕووناکبیریی ژنان دەڵێت بە مەبەست دەرگای نزیکەی 100 ڕێکخراو لە سلێمانی داخراون "سەرەتای ساڵی 2014 بەبیانووی قەیرانی ئابووری لە سلێمانی بڕیاری داخستنی 100 ڕێکخراو درا، بەڵام داخستنی ئەو ڕێکخراوانە بڕیارێکی سیاسی بوو بۆ کپکردنی دەنگی ناڕەزایی لە سلێمانی، ئەم پلانەشیان سەریگرت، ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و ژنانیش داخران، بۆیە ئەو ڕێکخراوانەی کار بۆ پرسی ژن دەکەن لە سلێمانی و هێشتا کاران، لە پەنجەی دەست تێناپەڕن".

هانا شوان پێیوایە ئەگەر ڕێکخراوەکان نەبوونایە، ئامارەکانی کوشتن و توندوتیژی بەرامبەر ژنان زیاتریش دەبوو. ئەو گوتی: "ئامارەکانی توندوتیژی کەمنەبووەتەوە بەڵکو زیادی کردووە، بووەتە باو لەناو خەڵکدا کە ڕێکخراوەکانی ژنان کارناکەن، بەڵام وانییە، ڕێکخراوی ئێمە تەنیا لە ساڵێکدا توانیومانە 67 ژن لە هەڕەشەی جیابوونەوە و کوشتن ڕزگار بکەین".



232 ڕێکخراوی ژنان لە هەرێمی کوردستان هەن

# بە هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی پارەی لێ دەکێشایەوە

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو — هەولێر**

(ماجید.م) تەمەن 24 ساڵ، تا ئێستا زیاتر لە 4000 دۆلاری داوە بە سارا بۆ ئەوەی وێنە و ڤیدیۆکانی بڵاونەکاتەوە و ئابڕووی نەبات. ماجید کە کاسبکارە و شەوانە لەگەڵ هاوڕێکانی چووەتە کافتریاکان، سارای تەمەن 20 ساڵانی لە کافتریایەک ناسیوە، دواتر وێنە و ڤیدیۆی خۆی بۆ ناردووە.

بەرپرسێکی پۆلیس دەڵێت ئێستا کچان زیاتر لە کوڕان هەڕەشەی ئابڕووبردن لە بەرامبەرەکانیان دەکەن و ناچاریان دەکەن داواکارییەکانیان جێبەجێ بکەن، ئەگەرنا وێنە و ڤیدیۆکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکەنەوە.

سارا بە هەڵسوکەوتەکانی سەرنجی ماجیدی بۆ خۆی ڕاکێشابوو. ماجید لە وەسفی سارادا دەڵێت "کچێکی باڵابەرز و جوان بوو، زۆر ڕووخۆش بوو، زوو زوو دەهات و پێیدەگوتم چیت پێویستە بۆت بکەم. شەوانە بیرم لێدەکردەوە. ڕۆژێک پێمگوت ژمارەکەتم بدەرێ. بە زەردەخەنەیەکەوە پرسی بۆ چ ئیشێک؟ پێمگوت لێرە نابێت، شەو پێتدەڵێم، ئەویش ژمارەکەی دامێ". ئیدی لەو شەوەوە ماجید بە تەواوی کەوتبووە داوی خۆشەویستی ساراوە.

سارا بە قسە و ڕووخۆشییەکەی ماجیدی ناچار کردووە هەموو ئێوارەیەک بچێتە کافتریاکە و شەوانەش تا بەرەبەیان قسەی لەگەڵ بکات. ئەو دەڵێت: "نان و ئاوم ببووە سارا. ژیانمی بەتەواوی داگیرکردبوو. لەسەر کارەکەشم هەر بیرم لەلای بوو، بێئاگا بووم لەوەی سارا تەڵەی بۆ داناوم، شەوێک گوتی وێنەی خۆتم بۆ بنێرە، وێنەیەکی ئاساییم بۆ نارد، بەڵام ئەو گوتی وێنەی تایبەتم دەوێت. پرسیم مەبەستت چییە؟ گوتی دەمەوێت جەستەت ببینم. منیش بۆم نارد. ئەو شەوە زیاتر لە 10 وێنەی نیمچەڕووتمان بۆ یەکدی نارد".

شەوی دواتر سارا داوای ڤیدیۆی لە ماجید کردبوو، گوتبووی منیش بۆت دەنێرم، ماجید دەڵێت "چەند جارێک ڤیدیۆی خۆم بە ڕووتی بۆ نارد، بەڵام ئەو هیچی بۆ نەناردم".

ماجید کە دایک و باوکی ماون و سێ خوشک و برایەکی هەیە، گوتی: "ئێوارەی ڕۆژی دواتر چوومەوە کافتریاکە، بەڵام سارا نەهاتە لام. نامەیەکم بۆ نارد، گوتی شەو قسە دەکەین. شەو هەموو وێنە و ڤیدیۆکانی خۆمی بۆ ناردمەوە و پێیگوتم ئەگەر پارەم نەدەیتێ هەموویان بڵاودەکەمەوە، تەنانەت بۆ باوکت و خوشکەکانیشتی دەنێرم".

ماجید بەو قسەیە ترساوە و بە سارای گوتووە، من تۆم خۆشویستووە و متمانەم پێت کردووە، بۆیە وێنە و ڤیدیۆم بۆ ناردی. سارا لە وەڵامدا پێیگوتووە: "ئەگەر منت خۆشبوێ، پارەم بۆ دەنێری". هەر ئەو شەوە سارا داوای 600 دۆلاری لە ماجید کردبوو، ماجید دەڵێت بۆ ئەوەی ئابڕووی نەچێ، بەداواکەی سارا قایل بووە و 600 دۆلاری بۆ ناردووە.

سارا تاوەکو ئێستا زیاتر لە 4 هەزار دۆلاری لە ماجید وەرگرتووە لەبەرامبەر بڵاونەکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆکانی، بەڵام ماجید هێشتا ترسی لە بڵاوکردنەوەی وێنەکانی هەیە و دەڵێت: "ئەو کچە ژیانی لێ تێکداوم، تەنیا بە نامە داوای پارە دەکات و منیش ناچارم بۆی بنێرم، چەند جارێک ویستوومە سکاڵای لەسەر تۆمار بکەم، بەڵام دەترسم بە بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆکانم ئابڕووم ببات".

موقەدەم فەخرەدین نووری، بەڕێوەبەری پۆلیسی عەنکاوە بە (ڕووداو)ی گوت: "کەیسەکەی ئەو کوڕە یەکەم حاڵەت نییە و چەندین کوڕی دیکە ڕووبەڕووی هەڕەشەی لەوجۆرە بوونەتەوە، ئێستا کچان زیاتر هەڕەشەی ئابڕووبردن لە کوڕان دەکەن".

لەبارەی جۆر و هۆکاری هەڕەشەکانیش، بەڕێوەبەری پۆلیسی عەنکاوە دەڵێت: "هەردوولا هەڕەشە لە یەکدی دەکەن، کوڕان زیاتر بۆ پارە و سێکس دەیکەن، بەڵام کچان بۆ پارە هەڕەشە لە کوڕان دەکەن. هەندێکجار کوڕەکە پەیوەندی لەگەڵ کچەکە دروستدەکات و بەڵێنی هاوسەرگیری پێدەدات، بەڵام دوای ئەوەی سێکسی لەگەڵ دەکات لێی دووردەکەوێتەوە، بۆیە کچەکە بەو وێنە و ڤیدیۆیانەی کوڕەکە کە لەلایەتی هەڕەشەی لێدەکات و پێیدەڵێت ئەگەر هاوسەرگیری لەگەڵ نەکات، ئابڕووی دەبات".

مقەدەم فەخرەدین نووری باشترین ڕێگا بۆ چارەسەری ئەو کێشانە لە تۆمارکردنی سکاڵادا دەبینێتەوە و دەڵێت: "چەندین کەیسی وامان هەبووە، داوا لەو کچ و کوڕانە دەکەین کە تووشی هەڕەشە و کێشە دەبن، بەزووترین کات و پێش ئەوەی کارلەکار بترازێت لەلای ئێمە سکاڵا تۆمار بکەن".



کچان بۆ پارە هەڕەشەی ئابڕووبردن لە کوڕان دەکەن

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە ( 533 ) - دووشەممە 2018/12/10



## لە سلێمانی پۆلیسێک دەکوژرێ

**ڕووداو- سلێمانی**

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی 2018/12/5 کارمەندێکی بەشی پۆلیسی فریاکەوتن لەڕێگەی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە لە ئۆتۆمبێلێکەوە تەقەی لێ کراو کوژرا. پۆلیسی سلێمانی لەبارەی کوشتنی ئەو پۆلیسە ڕایگەیاندووە "دوای تەواوبونی دەوامی فەرمی و لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە ڕێپێدراوی هەشت (ل.ئ.ح) کارمەندی بەشی پۆلیسی فریاکەوتنی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی لە گەڕەکی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی تەقەی لێدەکرێت و گیان لە دەست دەدات".

پاش ڕوداوەکە هێزەکانی پۆلیسی فریاکەتن و بەڵگەی تاوان گەشتنە شوێنی ڕوداوەکەو کەشف و هێڵکاری شوێنی ڕوداوەکە کراو، تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادوەری سلێمان کرا و پەڕاوی لێکۆڵینەوەش بۆ ڕوداوەکە کراوەتەوە.

# ژنەکەیان پێ تەڵاق دا و کوشتیان

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

زیاتر لە ساڵ و نیوێک لەمەوبەر بەدەستی کوڕە خاڵەکانی کوژرا، پیاوێکی عەرەبیش کە لە نزیک شوێنی ڕووداوەکە وەستابوو، گوللەیەکی بەرکەوت و مرد. پۆلیس بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ 13 کەس دەرکرد، بەڵام هیچیان نەگیران.

بێستوون کەمال پێشمەرگە بوو، 20 ساڵ لەمەبەر هاوسەرگیری لەگەڵ (ه.ع) کردبوو. ئەوان خاوەنی سێ منداڵ بوون، بەڵام لە ساڵی 2016 وەک برای بێستوون دەڵێت، زانییان کە (ه) خیانەتی لە بێستوون کردووە، بۆیە بێستوون بڕیاری دابوو لێی جیاببێتەوە.

فەرەیدوون کەمال کە برای بێستوونە، دەڵێت: "براکەم زانیبووی هاوژینەکەی ناپاکی لەگەڵ دەکات، بۆیە بڕیاری دا لێی جیاببێتەوە، بەڵام خاڵێکمان کە ئەو بابەتە هیچ پەیوەندییەکی بە ئەوەوە نەبوو، لەگەڵ ماڵی خەزووری براکەم ڕێککەوت کە ئێمە 50 هەزار دۆلار بدەینە ماڵی خەزووری براکەم لە بەرامبەر جیابوونەوەی لە ژنەکەی، بەڵام ئێمە قبوڵمان نەکرد ناپاکی لە براکەم بکرێت و لەبەرامبەر جیابوونەوەش لێی داوای پارەمان لێبکەن".

بێستوون پەنا بۆ دادگا دەبات، بەڵام خاڵیان دەیەوێ کێشەکە بە عەشایری چارەسەر بکات. فەرەیدوون دەڵێت "ئەیلولی 2016 هاتنە سەر ڕێگەم و تەقەیان لێکردم و برینداریان کردم.

وایانزانی مردووم و بەجێیانهێشتم، بەڵام بردرامە نەخۆشخانە و نەشتەرگەرییان بۆ کردم و چاک بوومەوە. من سکاڵام لەسەر تەقەکەرەکان تۆمار کرد کە دوو کوڕی خاڵم و هاوڕێیەکیان بوو، بەڵام خاڵم بە تەلەفۆن هەڕەشەی لە باوکم کرد کە ئەگەر لە سکاڵاکە پاشگەز نەبمەوە یەکێک لە کوڕەکانی دەکوژێت، بۆیە سکاڵام لەسەر خاڵیشم تۆمار کرد".

لە کۆتایی ئایاری 2017 بێستوون لە دادگا هاوژینەکەی تەڵاق دا، بەڵام هەفتەیەک دواتر کوژرا. فەرەیدوون دەڵێت: "خاڵم دوو برا و کوڕێکی خۆی ناردبووە سەر ڕێگەی براکەم و لە نزیک ماڵی خۆیان ڕێگەیان لێگرت و کوشتیان. هەروەها پیاوێکی عەرەبیش کە لەوکاتەدا لەوێ بوو، بە گوللەی ئەوان کوژرا".

دوای تێپەڕبوونی ساڵ و نیوێک بەسەر ڕووداوەکەدا، فەرەیدوون داوا دەکات بکوژانی براکەی دەستگیر بکرێن. ئەو دەڵێت: "دادوەر 23 جار فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ تاوانبارەکان دەرکردووە، بەڵام ئەوان هەڵاتوون و هێشتا دەستگیرنەکراون، ئەگەر حکومەت دەستگیریان نەکات، ناچارین بەدەستی خۆمان تۆڵەی براکەمان بکەینەوە".

ئێستا فەرەیدوون لەگەڵ باوکی و شەش کەسی دیکەی بنەماڵەکەی هەڵاتوون، چونکە وەک خۆی دەڵێت: "لە 2017/4/21 ، واتە دوو مانگ پێش کوشتنی براکەم، ئەوان هاتنە سەر ڕێگەی و تەقەیان لێکرد، براکەشم تەقەی لێکردبوونەوە، گوللەیەک بەر قاچی یەکێکیان کەوتبوو، لەسەر ئەوە ئێستا باوکم و 7 برام فەرمانی دەستگیرکردنمان بۆ دەرچووە، ئەوان منیان بریندار کرد و براکەشمیان کوشت، هێشتاش نەگیراون و هەڕەشەمان لێدەکەن".

بەڵام فازڵ عەزیز کە خاڵی بێستوونە، ڕەتیدەکاتەوە کوژرانی بێستوون پەیوەندی بە جیابوونەوەی لە هاوژینەکەی هەبێت و دەڵێت: "ڕاستە من ویستم کێشەکە لەڕێگەی سوڵح چارەسەر بکەم، ئەوان گوتیان لە مەسەلەی جیابوونەوەیان لایەنگریمان بکە، بەڵام من قبوڵم نەکرد و گوتم لەگەڵ هیچ تەڵاقدانێک نیم، پێشمنەگوتوون بە پارە لەگەڵ ماڵی کچەکە ڕێکبکەون".

فازڵ کێشەکە بۆ هۆکاری دیکە دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت: "فەرەیدوون و باوکی و سێ برای لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە بە دوو ئۆتۆمبێل کەمینیان بۆ کوڕێکی من دانابوو، لێیاندا و وایانزانیبوو مردووە، کوڕەکەم ئێستا سەقەتە. دواتر فەرمانی دەستگیرکردن بۆ حەوت کەسیان دەرچوو. هەروەها دوای کوژرانی بێستوون لەناو ماڵی خۆم تەقەیان لە منیش کرد".

سەبارەت بە کوشتنی بێستوون، فازڵ عەزیز دەڵێت: "ئەو ڕۆژە بێستوون ڕێگەی لە دوو برا و کوڕێکم گرتبوو، ببووە دەمەقاڵێ و شەڕە تەقەیان، ئەوانیش بێستوونیان کوشت، بۆیە ئەوان سکاڵایان لەسەر من و تەقەکەرەکان تۆمار کردووە".

بەهۆی کوژرانی بێستوونەوە ئێستا فەرمانی دەستگیرکردن بۆ 14 کەس لە هەردوولا دەرچووە، بەڵام هیچیان خۆیان رادەست ناکەن و هەڵاتوون. فازڵ عەزیز دەڵێت: "ئێمە غەدرمان لێکراوە، بۆیە با ئەوان خۆیان ڕادەستبکەن، ئێمەش خۆمان ڕادەستی پۆلیس دەکەین".

فازڵ عەزیز دەڵێت ئامادەیە 200 هەزار دۆلار بدات لە بەرامبەر خوێنی بێستوون، بەڵام کەسوکاری بێستوون داوای 800 هەزار دۆلاری لێدەکەن و دەبێ بۆ ماوەی هەشت ساڵیش نەیەتەوە گوندەکەی.



لەسەر کێشەی بێستوون فەرمانی گرتن بۆ 14 کەس دەرچووە

# هەرزەکارێکی 14 ساڵان خۆی دەخنکێنێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

پەیوەند پێشتر چەندجارێک هەوڵی خۆکوشتنی دابوو، بەڵام هەموو جارێک براکەی یان هاوڕێکانی فریای کەوتبوون و نەیانهێشتبوو خۆی بکوژێ، ئەو بەڵێنی پێدابوون کە ئیدی بیر لە خۆکوشتن نەکاتەوە، بەڵام شەوێک لە نێو حەسارێکدا بە پەتێک خۆی هەڵواسی.

پەیوەند ئاسۆ، تەمەن 14 ساڵ، قوتابی پۆلی شەشی بنەڕەتی بوو لە گوندی شاخەپیسکەی سەر بە قەزای کۆیە، سەعات 9:30ی شەوی 2018/12/3 بە پەتێک خۆی خنکاند.

عەمید عەلی عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای کۆیە، لەبارەی خۆخنکاندنی ئەو هەرزەکارە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئیفادەمان لە کەسوکارەکەی وەرگرتووە، ئەوان دەڵێن کوڕەکەیان هیچ کێشەی نەبووە، نەخۆشیش نەبووە، لە قوتابخانەش زیرەک بووە، بەڵام پێشتر چەند جارێکی دیکە هەوڵی خۆکوشتنی داوە".

پۆلیس دەڵێت لە لێکۆڵینەوەکانیان بەردەوام دەبن تاوەکو هۆکاری خۆخنکاندنی پەیوەند ئاشکرا دەکەن.

کەسوکارەکەی دەڵێن بەهۆی ئەو ڕووداوە شۆک بوون، چۆن مێردمنداڵێکی تەمەن 14 ساڵان کە لە ژیانیدا هیچ کاتێک دڵیان نەشکاندووە، بیر لە خۆخنکاندن دەکاتەوە!

ئاسۆ سابیر، 45 ساڵ، ئێستاش وێنەی ئەو ڕۆژەی لەبەرچاوە کە کوڕەکەی بە ڕوخسارێکی گەشاوەوە بینیوە. ئاسۆ دەڵێت: "پەیوەند ئەو ڕۆژە کە لە خەو هەستا، زۆر دڵخۆش دیار بوو، قەت وا بە دڵخۆشیم نەبینیوە، جلی قوتابخانەی لەبەرکرد و نانی خوارد و چوو بۆ قوتابخانە".

مامۆستا دەرباز کەریم کە بەڕێوەبەری قوتابخانەی شاخەپیسکەی بنەڕەتییە، زۆر پەسنی قوتابییەکەی دەدات و دەڵێت: "پەیوەندە ئەو ڕۆژە هات بۆ قوتابخانە، بە زەردەخەنەوە سەلامی کرد، زۆر ئاسایی دیاربوو، بەڕاستی ڕووداوەکە بۆ ئێمەش جێی سەرسوڕمان بوو".

سەبارەت بە هۆکاری خۆکوشتنی پەیوەند، ئاسۆ دەڵێت: "پەیوەند 12 ساڵان بوو، هەر جارێک داواکارییەکمان بۆ جێبەجێ نەکرابا، یان لێمان تووڕە بووایە، دەیگوت ئینشائەڵڵا دەمرم و لە کۆڵ ئێوە دەبمەوە، ئێمە سەرەتا ئەو قسانەمان بە ئاسایی وەرگرتن، بەڵام دواتر چەند جارێک ویستی خۆی بکوژێ، زۆر هەوڵمان لەگەڵی دەدا کە واز لەو بیرکردنەوە هەڵانە بهێنێ".

وەک باوکی باسی دەکات، پەیوەند ئەو ڕۆژە لە قوتابخانە هاتووەتەوە و هیچ نیشانەیەکی نەخۆشی و دڵتەنگییان لێ بەدی نەکردووە، تەنانەت لەسەر داواکاری خۆی، گەوری ئاژەڵەکانی پاک کردووەتەوە، پاشان گەڕاوەتەوە ماڵەوە.

باوکی پەیوەند دەڵێت: "کە پەیوەند لە شوێنی ئاژەڵەکان گەڕایەوە، هەستم پێی کرد ئاسایی نەبوو، ئێمە خەریکی خواردنی نانی نیوەڕۆ بووین، پێمگوت وەرە نان بخۆ، گوتی برسیم نییە، چووە ژوورەکەی خۆی، دایکیشی چوو هەوڵی لەگەڵ بدات بۆ ئەوەی نان بخوات، بەڵام سوودی نەبوو".

ئاسۆ، شەو ئاگای لە کوڕەکەی نامێنێ، بەهۆی ئەوەی میوانیان هەبووە، تەنیا جارێک دەپرسێ پەیوەند لە کوێیە؟ کوڕە گەورەکەشی دەڵێت ڕەنگە لە ماڵی باپیری یان مامی بێ. بەڵام لە ناکاو گوێیان لە هاوارێک دەبێ.

ئاسۆ دەڵێت: "سەعات 9،30 خولەک بوو گوێمان لە دەنگێک بوو لەنێو مەڕوماڵاتەکان، کوڕە گەورەکەمم نارد بۆ ئەوەی بزانێت چی بووە، لە ناکاو گوێم لە هاواری بوو دەیگوت بابە فریام بکەوە، بە پەلە چووم، بینیم پەیوەند بە پەتێک خۆی هەڵواسیوە، لە پەتەکەمان هێنایە خوارەوە و بردمان بۆ نەخۆشخانە، بەڵام پزیشکەکان گوتیان گیانی دەرچووە".

دوای تەواوبوونی پرسەی پەیوەند، براکانی بۆ باوکیان باسکردووە کە چەند جارێک پەیوەندیان بینیوە ویستوویەتی خۆی بخنکێنێ، بەڵام ئەوان ڕێگرییان لێکردووە، هاوڕێکانیشی هەمان شتیان بۆ باوکی باسکردووە و گوتوویانە سێ جار پەیوەندیان بینیوە هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام پەشیمانیان کردووەتەوە و بەڵێنیان لێوەرگرتووە جارێکی دیکە ئەو کارە دووبارە نەکاتەوە، هەر بۆیە برا و هاوڕێکانی ئەو بابەتەیان لە باوکی شاردبووەوە.

باوکی پەیوەند دەڵێت :"ئەگەر کوڕەکانم و هاوڕێکانی باسیان بکردایە کە پەیوەند هەوڵی خۆکوشتنی داوە، نەمدەهێشت بۆ یەک خولەکیش بە تەنیا بێت".

باوکی پەیوەند پێیوایە کوڕەکەی پلانی خۆکوشتنی هەبووە و تەنانەت بۆ ئەو کارە حەبلیشی کڕیوە، چونکە ئەو حەبلەی لە ملی خۆی کردووە، هی خۆیان نەبووە.



پەیوەند پێشتر چەند جارێک هەڕەشەی خۆکوشتنی کردبوو

# پێشمەرگەیەک هاوسەنگەرەکەی خۆی دەکوژێ



شەڕی بێستوون و هاوسەنگەرەکەی لەسەر ئێشکگرتن بوو

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

بێستوون تەلەفۆنی بۆ هاوڕێکەی کردبوو کە کەمێک دوادەکەوێت و لە جیاتی ئەو ببێ بە ئێشکگر، کاتێک دەگاتە دەوام، هاوڕێکەی پێیدەڵێت ئێستا نۆرەی تۆیە لە جیاتی من ببی بە ئێشکگر، بەڵام بێستوون داواکاریی هاوڕێکەی ڕەتدەکاتەوە و لەسەر ئەوە دەبێ بە دەمەقاڵەیان. وەختێک بێستوون پشتی لە هاوڕێکەی دەبێ، هاوڕێکەی گوللەیەکی لێدەدات و دەیکوژێت.

ئێوارەی ڕۆژی 2018/11/29 پێشمەرگەیەکی تەمەن 26 ساڵ بەناوی بێستوون عەزیز، لە فەوجی یەکی لیوای کۆماندۆی هێزەکانی زێرەڤانی، لە گوندی حەسەن شام لە میحوەری خازر، لەلایەن هاوسەنگەرێکییەوە تەقەی لێکراو کوژرا. بێستوون دانیشتووی گەڕەکی حوریەی شاری کەرکووک بوو.

هەر داوای ڕووداوەکە، تۆمەتبارەکە دەستگیرکرا. عەمید ئەفرام یەعقوب، بەڕێوەبەری فەرمانگەی یاسایی هێزەکانی زێرەڤانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی ئەو پێشمەرگەیە تاوانەکەی کرد، دەستبەسەرکرا و دەستمان بە لێکۆڵینەوە کرد، تاوەکو لێکۆڵینەوەش تەواو نەبێت ناتوانین هیچ شتێک بڵێین. ئێمە دادگای سەربازیمان هەیە، دوای ئەوەی ئیفادەی ئەو پێشمەرگەیە وەردەگیرێت لەگەڵ ئەو کەسانەی لە شوێنی ڕووداوەکە بوون، تۆمەتبارەکە دادگایی دەکرێ".

هاوکار عەزیز کە برای بێستوونە بە (ڕووداو)ی گوت: "براکەم چووبوو بۆ دەوام، لەوێ لەلایەن هاوسەنگەرێکی خۆیەوە کوژرا، بەڵام نازانین بۆچی کوشتوویەتی، چاوەڕێی لێکۆڵینەوەی دادگای سەربازی دەکەین".

بەڵام هاوڕێیەکی بێستوون کە ئاگاداری کێشەی نێوان بێستوون و تۆمەتبارەکە بووە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو ڕۆژە بێستوون لە ماڵەوە بوو، دەبووایە بۆ ئێوارە بگەڕێتەوە سەنگەرەکەی چونکە دەوامی هەبوو، ئەو کەسەی کە بێستوونی کوشتووە پەیوەندی پێوەکردووە کە زوو بگەڕێتەوە دەوامی هەیە، بێستوونیش پێیگوتبوو کە تا دەگاتە ئەوێ لە شوێنی ئەو ببێ بە ئێشکگر، ئەویش گوتبووی باشە".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی: "بێستوون کەمێک دواکەوتبوو، کە گەیشتبووە ئەوێ تازە نۆرەی ئێشکگرییەکەی هاتبوو، هاوڕێکەی پێیگوتبوو ئێستا نۆرەی تۆیە و دواتر لە جیاتی منیش ببە بە ئێشکگر، بێستوون ئەوەی قبوڵ نەکردبوو".

بە گوتەی هاوڕێکەی، بێستوون زۆر هەوڵی لەگەڵ هاوسەنگەرەکەی داوە کە کێشەکە گەورە نەکات و هەر یەکێکیان واجبی خۆی بگرێ، بەڵام هاوسەنگەرەکەی کردوویەتی بە دەمەقاڵێ و ئیدی دەبێ بە شەڕیان و پێشمەرگەکان لە یەکدیان جیادەکەنەوە.

ئەو سەرچاوەیە دەڵێت: "دوای شەڕەکە بێستوون داوای لێبوردنی لە هاوڕێکەی کردووە، بەڵام لەوکاتەی کە بێستوون دەچێت بۆ شوێنی ئێشکگرییەکەی، هاوسەنگەرەکەی لە دواوە تەقەی لێدەکات و دەیکوژێت".

ئەو سەرچاوەیە ڕەتیکردەوە کە پێشتر هیچ کێشەیەک لەنێوان بێستوون و تۆمەتبارەکەدا هەبووبێ و گوتی: "ئەوان وەک دوو هاوسەنگەر پێکەوە دەوامیان کردووە. پێشتر هیچ کێشەیەک لە نێوانیاندا نەبووە. تەنیا ئەو ڕۆژە لەسەر واجبگرتن بووەتە شەڕیان، بێستوون نەیویستووە لەلایەن هاوڕێکەیەوە ئیستغلال بکرێ و هاوڕێکەشی هەر لەسەر ئەمە کوشتوویەتی".

براکەی بێستوون دەڵێت ئەوان هیوایان بە دادگای سەربازی هەیە تاوانبار سزا بدات لەسەر ئەوەی کە هاوسەنگەرێکی خۆی لەسەر شتێکی وا سادە کوشتووە.

# نهێنی پشت خەڵاتە نێودەوڵەتیەکەی رووداو



مەجید نیزامەدین گلی*
بەرپرسی نووسینگەی تۆڕی میدیایی رووداوە لە نەتەوەیەکگرتووەکان

دەمەوێت باسی نهێنییەکی رووداوتان بۆ بکەم. نهێنییەک کە لە پشت هەموو سەرکەوتنەکانی رووداوەوەیە.

رۆژی پێنجی کانوونی یەکەم خەڵاتی ریکاردۆ ئۆرتێگام وەرگرت. لە مەراسیمێکدا کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی نەتەوەیەکگرتووەکان بە ئامادەبوونی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان و نوێنەرانی 193 وڵاتەکەی ئەندام لە یوئێن و دەیان کەسایەتی ناسراوی ئەمریکا، وەکو رۆژنامەنووسێکی رووداو خەڵاتێکی نێودەوڵەتیم وەرگرت. ئەو خەڵاتە ساڵانە دەبەخشرێتە باشترین رۆژنامەنووس و کاری میدیایی لە جیهاندا.

من لێرەدا بە شانوباڵی خۆم و رووداودا هەڵنادەم، بەڵکو باسی راستیەکتان بۆ دەکەم بۆ مێژوو. پێش چوار ساڵ کاتێک لە کەناڵی ئەی بی سی ئەمریکییەوە هاتمە رووداو، پێشبینی ئەوەم نەدەکرد بەهۆی کارکردنم لە کەناڵێکی کوردی خەڵاتێکی نێودەوڵەتی وەرگرم. وامدەزانی دوو جار کاندیدبوونم بۆ خەڵاتی ئێمی نێودەوڵەتی بەهۆی کارکردنم لە کەناڵی ئەی بی سیی ئەمریکی دوا خەڵات و پێزانینی نێودەوڵەتیم دەبێت. چونکە ئەو خەڵاتە نێودەوڵەتیانە زۆربەی جار بەو دەزگا میدیاییە دەبەخشرێت کە نێودەوڵەتییە و کاریگەری تەنیا لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا نییە. لە 2014 کە دەستم بەکار کرد بۆ رووداو، میدیای کوردی لۆکاڵی بوو. رووداو کۆتایی بەوە هێنا و بووە یەکەمین دەزگای میدیایی نێودەوڵەتی کە بنکە سەرەکیەکەی لە کوردستان بێت.

دەزانم لای خۆمان وشەی (نێودەوڵەتی) بۆ هەر شتێک بەکاردێت کە بمانەوێت بە موبالەغە گەورەی بکەین. وشەی نێودەوڵەتی زۆر جار وەکو وەسفێکی بێ ناوەڕۆک بەکاردێت. بەڵام من مەبەستم لە (میدیای نێودەوڵەتی) ئەم دوو خەسڵەتەیە:

1 – بەرهەمەکانی نەک تەنیا بە ئینگلیزی و زمانی جیهانی بەردەست بێت، بەڵکو دەزگا میدیاییە جیهانییەکان و لایەنە فەرمییە نێودەوڵەتیەکان متمانەیان پێی هەبێت و بیکەنە سەرچاوە. دەزگایەکی میدیایی زەبەلاحی وەکو ئەسۆشیەتت پرێس و سی ئێن ئێن و ئەلجەزیرە ناوبانگی خۆیان ناخەنە مەترسیەوە بەکارکردن لەگەڵ دەزگایەکی میدیایی کە نەیسەلماندبێت راستگۆیە و هەواڵی ناڕاست بڵاوناکاتەوە. ئینجا من مەبەستم کارکردنی بەردەوامە نەک سی ئێن ئێن جارێک بە رێکەوت ڤیدیۆی کەناڵێکی بەکارهێنابێت. ئەوە مۆری نێودەوڵەتیبوون نابەخشێتە هیچ دەزگایەک.

2– ناوەندە نێودەوڵەتیە کاریگەرەکان وەکو وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە زلهێزەکان و نەتەوەیەکگرتووەکان متمانەیان بەو دەزگا میدیاییە هەبێت بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان بۆ ئەو خەڵکەی کە مەبەستیانە.

ئەو دوو خەسڵەتە لە رووداودا هەن. دەزگای میدیایی نێودەوڵەتیی گەورە بەشێوەی بەردەوام و فەرمی مامەڵە لەگەڵ رووداو دەکەن. زۆربەی ناوەندە نێودەوڵەتییەکان بەشێوەیەکی رۆتینی دەرفەتی میدیایی بە رووداو دەبەخشن بە مەبەستی گەیاندنی پەیامەکانیان بۆ ملیۆنان بینەر و خوێنەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم خەڵاتەی ریکاردۆ ئۆرتێگا دانپێدانانێکی نێودەوڵەتی بوو بەو راستییە.

ئەمەش گرنگە بۆ نەتەوەیەک کە پێش نزیکەی 30 ساڵ دەوروبەری 200 هەزار کەسی زیندەبەچاڵ کرا و رای گشتیی جیهانی ئێستاش نازانێت ئەنفال چییە و بۆچی نوگرە سەلمان پڕی لە ئێسک و پروسکی رۆڵەی گەرمیان و بارزانە.

## بەڵام چۆن دەزگایەکی میدیایی کوردی توانی بگاتە ئەم ئاستە؟

دەیان میدیای کوردی و عێراقی هەن کە پارەی خەیاڵییان تێدا خەرج دەکرێت و زۆر لە رووداو زیاتریش. دەزگای میدیایی کوردی و عێراقی دیکەش هەیە کە پەیامنێریان لە هەموو پایتەختە گرنگەکانی جیهان هەیە و پشتگیری داراییان زۆر لە رووداو باشترە. ئەمانە راستین.

رووداو چەکێکی نهێنی هەیە. ئەو چەکە بریتیە لە ئاکۆ محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی تۆڕی میدیایی رووداو. لەوانەیە بڵێیت کە من بۆ ئەو کار دەکەم و بەشان و باڵیدا هەڵدەدەم. بەڵام کاتێک ئەمەی خوارەوە دەخوێنیتەوە، دەزانیت ئەو بەم نووسینەم دڵی زۆر خۆشنابێت و دەبێت بەبێ ئاگایی ئەو، ئەم بابەتە بڵاوبکرێتەوە. مەبەستی من لەم نووسینە ئاگادارکردنەوەی تۆی خوێنەرە لە راستییەک کە گرنگە رای گشتی کوردی لێی ئاگادار بێت.

رۆژی یەکەمی کارکردنم بوو لە رووداو. کاژێر 7ی بەیانی گەیشتمە دەوام. سێ کەس لە ژووری هەواڵ بوون، یەکێکیان ئاکۆ محەممەد بوو کە لە سووچێکدا هەواڵی دەنووسییەوە. بۆ رۆژی داهاتوو زووتر خۆم گەیاندە دەوام. بەڵام هەر فریای نەکەوتم، بینیم پێش من لەوێیە و وەکو یەکێک لە کارمەندانی رووداو هەواڵ دەنووسێت. سێیەم رۆژیش بەهەمان شێوە. بینیم ئەم پیاوە گەر هەواڵ نەنووسێتەوە و وەڵامی ئیمێڵ نەداتەوە لە کۆبوونەوەدایە. لە کۆبوونەوەکانیشدا تەنیا گرنگی بە دیارترین بەرنامەکانی تەلەفزیۆن نادات، بەڵکو زیاتر تەرکیزی لەسەر ئەو بەشانەی رووداو بوو کە بۆ نموونە بینەر و خوێنەر و بیسەریان کەم بوو یان کێشەیەکیان هەبوو. بینیم ئەم پیاوە لە پشت سەرکەوتن و هەڵکشانی ناوبانگی دەیان کەسە. حەزدەکات ئەوەی تەنیشتی سەربکەوێت و ناوبانگی هەبێت و خۆی لە پشتەوە چەپڵەی بۆ لێبدات. حەزناکات خۆی دەربکەوێت یان باس بکرێت، لەبەر ئەوە دڵنیام کە ئەم وتارەمی پێ خۆش نییە. بەڵام گرنگە رای گشتی ئەم راستیانە بزانێت دەربارەی بەڕێوەبەرێک کە لە جیاتی ئەوەی لە نووسینگەکەی لە پشت دەرگا و سکرتێر خۆی بشارێتەوە، لە سووچێکی ئەو باڵەخانە بچووکەی رووداو (کە لە بارەگای زۆر میدیای کوردیی دیکە بچووکتر و سادەترە) گوێ لە کامێرامانێک یان پەیامنێرێک دەگرێت باسی کێشەیەک یان بیرۆکەیەکی نوێی بۆ دەکات. کاتێک قسەی لەگەڵ دەکەیت، شەرم ناکات کە بڵێت لەو بابەتە نازانم و پرسیاری دنیات لێدەکات و پەرۆش و کراوەیە بۆ بیرۆکەی نوێ.

ئەم خەسڵەتانە لە زۆربەی بەڕێوەبەر و بەرپرسانی ئەم وڵاتەدا نییە. هیچ دەزگایەک سەرکەوتوو نابێت ئەگەر کەسی یەکەمی سەرکەوتنی دەزگاکە بە سەرکەوتنی خۆی نەبینێت. بوونی کارمەندی باش و بودجەی زەبەلاح بەس نییە بۆ ئەوەی بتوانی دەزگایەکی سەرکەوتوو دروست بکەی. بێگومان رووداو و بەڕێوەبەرەکەشی کەموکوڕییان هەیە، بەڵام شێوازی بەڕێوەبردنی رووداو یەکێکە لەو نهێنییە باسنەکراوانەی میدیای کوردی کە دەکرێت ببێتە نموونە بۆ دەزگا حکومی و تایبەتەکانی دیکەی کوردستان. کەسی یەکەمی هەر دەزگایەک دوو بژارەی لەپێشە. یان وەکو پادشا هەر فەرمان بدات و فەرمانبەرەکانی وەکو رکابەری خۆی تەماشا بکات. یانیش ئەوەیە ببێتە سەرکردەیەک کە فەرمانبەرەکانی بخاتە پێش و خۆی لەپشتەوە هانیان بدات. ئەوکات خۆی و دەزگاکەی سەرکەوتوو دەبێت و کاتێک کارمەندێکی بۆ دەزگاکەی خەڵاتێکی نێودەوڵەتی وەرگرت، ئەو لە کارمەندەکەی دڵخۆشتر بێت و وەکو سەرکردەیەک لە پشتەوە چەپڵە بۆ سەرکەوتنەکانی دەزگاکەی لێبدات.



# بایەخی جیۆمیدیایی رووداو بۆ کوردستان



زریان رۆژهەڵاتی
ziryan.rojhelati@rudaw.net

خەڵاتکردنی (مەجید نیزامەدین گلی) لە تۆڕی میدیایی رووداو، بیانوویەکی باشە تاوەکو بایەخی جیۆمیدیایی ئەم براندە کوردییە شەنوکەو بکرێت. دەمێکە رووداو شوێنی خۆی لە نەخشەی جیۆمیدیایی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا کردووەتەوە و وەک ئامرازێکی گرنگی "دیپلۆماسی نیچەیی" کوردی، توانیویەتی بەدەر لە کارە میدیاییەکەی، براندێکیش بۆ کورد بەرهەمبێنێت و کاریگەری راستەخۆ لەسەر پرسی کورد دروستبکات. ئەمە هەنگاوی یەکەمە و بێگومان، تێزی "یەکەمی بێ رکابەر" راستە، بەڵام رووداو پێویستی بە قەڵەمبازێکی دیکەیە تاوەکو بتوانێ پێگەی خۆی لە نەخشەی جیۆمیدیایی کوردستان و جیهاندا بپارێزێ و وەک براندێکی کوردیش خۆی بەهێزتر بکات.

پێگەی رووداو لە کوردستان

ئەو وەختەی هێنری کسینجەر دەیگوت "جاران، بەرپرسان پێیاندەگوتم چی بکەین، بەڵام ئێستا دەیانەوێ بزانن چی بڵێن". گرنگیی حاشاهەڵنەگری میدیا و کەناڵەکانی پەیوەندیی جەماوەری بۆ سیاسەتمەداران خستە پێشچاو. رۆڵی سیانەی "زۆر و زێر و زانیاری" لە بەرهەمهێنان و جێگۆڕکێی هێزدا وای کردووە تاوەکو سەرنجەکان لەسەر رۆڵی میدیا وەک سەرچاوەیەکی گرنگی دروستکردنی زانیاری-هوشیاری لە هاوکێشە جیۆپۆلەتیکییە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا زیاتر بێت. رەنگە هێز بتوانێ میدیا دروستبکات، بەڵام سەرئەنجام میدیاش بۆخۆی دەبێتە سەرچاوەی دروستکردنەوەی هێز، بۆیە لە باسەکانی تایبەت بە جیۆمیدیا و وردبوونەوە لە فاکتەری میدیا وەک رەگەزێکی جیۆپۆلەتیکی، دەتوانین باسی پەیوەندییەکی دوولایەنە لەنێوان هێز و میدیادا بکەین.

ئەگەر لێرەوە تەماشای رووداو بکەین، دەتوانین بڵێین رووداو سمیبولی دەرکەوتن و زەقبوونی فاکتەری زانیارییە لە سووڕی هێز و دەسەڵاتی ناوخۆیی و دەرەکیی کوردستاندا. لەڕووی ناوخۆییەوە، سنوورەکانی بەزاندووە و واقیعی جیۆپۆلەتیکی زاڵی بەسەر کوردستاندا هەڵتەکاندووە. تەنیا بە باشووری کوردستانەوە سنووردار نەماوە و لە جوگرافیایەکی پان و بەرینی کوردستاندا و تەنانەت لەنێو کوردانی تاراوگەشدا شوێنێکی فراوانی بۆخۆی کردووەتەوە . بەوجۆرەش رۆڵی لە بنیاتنانی کوردستانێکی مەجازیدا گێڕاوە کە دەتوانێ سەرەتایەک بێت بۆ گۆڕانکاری لە کوردستانی راستەقینەدا .

ئەگەر ئاوا بڕوات، کاریگەرییە سیاسییەکانی ئەم میدیایە لەسەر جیۆپۆلەتیکی ناوخۆیی کوردستان وەک باڵادەستیی گوتار و هەژموونی سیاسی باشووری کوردستان بەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان و کوردانی تاراوگەدا خۆی دەنوێنێت. هەر ئەمەشە وایکردووە گەلێک لە دەوڵەتانی ناوچەکە و تەنانەت هەندێک لە هێزە کوردییەکانیش هەستیارییان بەرامبەر رووداو هەبێت . چەندەی هێزەکان میدیا بۆ گەیاندنی گوتار و پەیامەکانیان دروستبکەن و گەشەی پێبدەن، ئەوەندەش میدیا کاریگەری لەسەر خودی هێزەکانیش دادەنێت . واتە میدیا بۆ خۆی دەبێتەوە بە سەرچاوەیەک بۆ دروستکردنی هێز و دەتوانێ کەموزیادی بکات . بۆیە یەکێک لە بایەخە جیۆ میدیاییەکانی رووداو لەوەدایە کە دەتوانێت، وەک سەرچاوەی کوردستانیبوون و پەلهاوێشتنی هێزی سیاسی باشووری کوردستان رۆڵ بگێڕێت و وەک سەرچاوەیەک بۆ گۆڕینی رەفتار و سرووشتی هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیش قورسایی خۆی دابنێت. بۆیە لە سیاسەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا، رووداو وەک جەمسەرێکی یاریگۆڕ رۆڵی هەیە. بۆ یەکەمجار لەڕێگەی رووداوەوە خەریکە لە کوردستان دەستەیەکی میدیاکرات پێدەگەن کە دنیابینی و جوڵەی ئەوان کاریگەری لەسەر رەوتی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دادەنێت. ئەمەش هێزێکە کە ناکرێ نادیدە بگیرێت.

بێگومان بێلایەنی لە میدیادا قسەیەکی شاخدارە و ئەو پەیامنێر و بەرنامەسازەی کە کاردەکات لە هەڵبژاردنی تەوەرەوە تاوەکو بەکارهێنانی دەستەواژەکان، بەئەنقەسەت یان بەبێ ئەوەی بزانێت، بەشێک لە دنیابینی و بۆچوونی خۆی تێکەڵاوی کارەکەی دەکات! پیشەییبوونیش بەگوێرەی کەمی و زۆری ئەو تێکەڵاوکردنە دەستنیشان دەکرێت. هونەر لەوەدا نییە کە بێلایەن بیت، هونەر لەوەدایە کە سەرەڕای لایەنەکەت، رێگە بەوە بدەی لایەنەکانی دیکەش خۆیان لە کارەکەی تۆدا ببیننەوە. رووداو ئەمەی کردووە ، لەبەرئەوەشە کە یار و نەیاریشی بەردەوام چاوێکیان لە رووداوە!

بایەخی دەرەکیی رووداو: دیپلۆماسیی نیچەیی بۆ کورد

رووداو شوێنی خۆی لە میدیای جیهانیدا کردووەتەوە. بە تایبەتی رووماڵەکانی تایبەت بەشەڕی داعش و ئۆپەراسیۆنی مووسڵ خاڵێکی وەرچەرخانی لەوبارەیەوە دروستکرد. هاوشانی ئەوەی کە پێشمەرگە وەک هێزێکی پیادەی کاریگەر توانای خۆی لە دژایەتی تیرۆر نمایش کرد، رووداویش لە گواستنەوەی زانیاری ماریفەتێکی گەورەی نیشاندا و سەرکەوتنێکی هاوشێوەی رووماڵەکانی (الجزیرە)ی بۆ رووداوەکانی بەهاری عەرەبی تۆمارکرد. بەمەش سەرنجی دنیای بۆ سەر میدیای کوردی راکێشا.

هەڵبەت دەبێ رووداو ئەوەی لە پێشچاوبێت کە ئەگەر ستراتیژی خۆی لەسەر بنەمای کێبڕکێ لەگەڵ هێزە گەورە میدیاییەکانی جیهان دانێت، ئەوا پێویستی بە سامانێکی گەورەی مادی و مرۆیی دەبێت تاوەکو دەرەقەتی ململانێ بێت. خۆ ئەگەر ستراتیژەکەیشی لەسەر بنەمای براندسازیی کوردی دانێت، ئەوا سەرکەوتوو دەبێت. ئەمەش رێک ئەو شتە بوو کە (الجزیرە) بۆ وڵاتێکی بچکۆلانەی وەکو قەتەر کردی.

لەوبارەوە، گرێت ئیوانز یەکێک لە وەزیرانی دەرەوەی ئوسترالیا تیۆرییەکی بە ناوی "دیپلۆماسی نیچەیی" هەیە کە دەتوانێ بۆ کورد سوودبەخش بێت. کرۆکی ئەم تیۆرە باس لەوە دەکات کە ئەو وڵاتە بچووکانەی توانای سەختەهێزیان کەمە، دەتوانن لەڕێگەی تەرکیزکردن لەسەر بابەتێکی دیاریکراو و تەرخانکردنی هێزی ماددی و مرۆیی بۆ پێشخستنی ئەو بوارە، سەرنجی دنیا بۆ لای خۆیان رابکێشن و بەوجۆرەش براندێکی نەتەوەیی دروستبکەن و بەوە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بەهێزبن. قەتەر بە مەساحەیەکی نزیکەی 12هەزار کیلۆمەتر و نفوسێکی کەمەوە دەوڵەتێکی بچکۆلانەیە، بەڵام لە سایەی میدیاوە شوێنی خۆی لە هاوکێشە جیۆپۆلەتیکییە ناوخۆییە عەرەبی و نێودەوڵەتییەکاندا کردووەتەوە و براندێکی قەتەری دروستکردووە .هەرێمی کەتەلۆنیای ئیسپانیاش لەڕێگەی تیپێکی فوتبۆڵەوە براندێکی کەتەلۆنی بۆخۆی بەرهەمهێناوە. کوردستانیش وەک ناوچەیەکی جوگرافی بچووک کە سەرچاوەکانی سەختەهێزی کەمن یان لانیکەم لێی زەوتکراون، دەتوانێ میدیا وەک دەرچەیەک بۆ تیکشکاندنی بەربەستە جیۆپۆلەتیکییەکانی خۆی بەکاربێنێت و رووداویش چانسێکی زۆری هەیە تاوەکو ئەم ئەرکە ستراتیژییە جێبەجێ بکات. هەمووومان دەزانین کە لە چەند ساڵی رابردوودا و بە دیاریکراوی لە قۆناغی پۆست- ریفراندۆمدا، رووداو چ کاریگەرییەکی لەسەر تێکشکاندنی هەوڵەکانی تەجریدی هەرێمی کوردستان دانا .

### ئەنجام

ئەو تێزە راستە کە "رووداو یەکەمی بێ رکابەرە"، بەڵام لە جیۆپۆلەتیکی میدیادا چەندە بەدەستهێنانی پێگە گرنگە، ئەوەندەش پاراستن و گەشەپێدانەکەی بایەخی هەیە. چونکە سرووشتی هێز، جا چ هێزی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی بێت یان میدیایی، بگۆڕە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێک و لە دەوڵەتێک و دەزگا و تۆڕێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگوازرێتەوە. بۆیە دەبێ رووداو خاوەنی شیکردنەوەیەکی بەردەوام بێت بۆ ئەم پێگەیەی خۆی، تاوەکو دەرفەت و مەترسییەکانی بەردەمی بناسێت.

یەکەم: لە جیۆپۆلەتیکی زانیاریدا کە پەیوەندییەکی راستەوانەی بە کاری میدیاوە هەیە، سێ فاکتەری باڵادەستی زانیاری، سەرەوەریی زانیاری، جیاوازیی زانیاری رۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەیە. هەڵەیەکی باویش لە میدیای کوردیدا هەیە کە زیاتر لەوەی خۆی بەرهەمهێنەری زانیاری بێت وەک وەرگێڕێکی زانیارییە بەرهەمهاتووەکانی وڵاتانی دیکە رۆڵ دەبینێت. ئەمەش جگە لەوەی کە جیاوازی و باڵادەستی و سەروەریی زانیاری لە کیس کورد دەدات، بارە واتاییەکانی زانیارییە بەرهەمهاتووەکانی دیکەش پەلکێشی زەینی مرۆڤەکانی کوردستان دەکات کە ئەویش سەرئەنجام ئیستیعمار و داگیرکاری زەینی لە مێشکی مرۆڤی کورددا بەرهەم دەهێنێتەوە .

رووداو تاوەکو ئەندازەیەکی باش ئەمەی شکاندووە و لەڕێگەی تۆڕی پەیامنێرەکانییەوە هەوڵی گواستنەوەی زانیاری تایبەت بە خۆی دەدات، بەڵام هەرگیز نابێ لە مەترسییەکانی سستبوون لەمە خافڵ بێت .

دووەم: بۆ ئەوەی رووداو وەک براندێکی نەتەوەیی کوردی بەهێزتربێت، دەبێ قەڵەمبازێک بدات و لەورووەشەوە، کردنەوەی کەناڵی رووداوی ئینگلیزی و عەرەبی دەتوانێ وەرچەرخانێکی گەورە دروستبکات. نابێ کورد تەنیا قسە بۆ خۆی بکات!

# ئەنفلەوەنزا.. سەرچاوەیەکی گەورەی دڵەڕاوکێ



"ئەنفلوەنزای وەرزی، ساڵانە نزیکەی 500 هەزار کەس دەکوژێت"

ڕووداو– هەولێر

ئەنفلەوەنزا لە سەردەمە هەرە کۆنەکانەوە لەگەڵ مرۆڤ بووە و هیپۆکراتی باوکی پزیشکیی مۆدێرن باسی کردووە، لە مێژووشدا کارەساتی زۆر گەورەی قەوماندووە، کەچی هیچ سەردەمێک وەک ئێستا ئەنفلەوەنزا جیاوازەکان نەبوونەتە سەرچاوەی دڵەڕاوکێ بۆ خەڵکی. ڕەنگە هۆکارێکی سەرەکی ئەمەش پێشکەوتنی بوارەکانی پەیوەندی و دەستگەیشتنی میدیاکان بێت بە زانیاریی تایبەت بە کارەساتە تەندروستییەکانی ئەم نەخۆشییە.

ئەنفلەوەنزا خێزانێکی بەرفراوانە لە جۆری جیاواز کە سێ گرووپی سەرەکین (A،B،C) ، بەڵام هەر جۆرێکیان چەند لقێکی جیاوازی لێ دەبێتەوە. ئەوەی لەنێو خەڵکیدا زۆر جێگەی دڵەڕاوکێیە، ئەنفلەوەنزای بەراز و باڵندەن. خەڵکی وا تێگەیشتوون کە ئەنفلەوەنزای وەرزی جۆرێکی زۆر سادەیە و مەترسی نییە و تەنیا ئەنفلەوەنزای بەراز و باڵندە مەترسیدارن، بەڵام ڕاستییەکەی ئێستا و دوای ئاشنابوونی سیستمە تەندروستییەکان بە ئەنفلەوەنزای بەراز و باڵندە، نە ئەنفلەوەنزای وەرزی هێندە سادەیە و نە ئەو دووانەی دیکەش هێندە کوشندە و مەترسیدارن کە میدیا و خەڵکی وێنای دەکەن.

## ئەنفلەوەنزای ئیسپانی

گەورەترین پەتای ئەنفلەوەنزا کە تۆمار کرابێت و زۆرترین قوربانیی نابێتەوە، ئەنفلەوەنزای ئیسپانییە کە ساڵی 1918–1919 بڵاوبووەوە و نزیکەی 100 ملیۆن کەسی لەنێوبرد. لە مێژووی کۆندا باسی ئەنفلەوەنزای ئەوتۆ کراون کە چەندین میللەت و نەژادیان لە سڕینەوەی تەواوەتی نزیک کردووەتەوە.

## ئەنفلەوەنزای بەراز

بۆیە پێیدەگوترێت ئەنفلەوەنزای بەراز، چونکە یەکەمجار لە نێو ئەوانەدا بڵاوبووەوە کە کۆنتاکتی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ بەرازدا هەبوو. ڤایرۆسی هۆکاری ئەم نەخۆشییە ڤایرۆسێکە بەناوی H1N1کە لە ڕێگەی هەواوە دەگوازرێتەوە، کەسە تووشبووەکە دەپژمێت یان دەکۆخێت، ئیتر ڤایرۆسەکە بە هەوادا بڵاودەبێتەوە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێتەوە.

## ئەنفلەوەنزای باڵندە

هۆکاری تووشبوون بەم نەخۆشییە ڤایرۆسێکە بەناوی H5N1 کە لە باڵندەیەکەوە بۆ باڵندەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە، خێرا بڵاودەبێتەوە لە نێو باڵندەکاندا، بەڵام لە نێوان مرۆڤەکاندا وا خێرا نییە، تەنیا لە هەندێک حاڵەتی زۆر دەگمەن نەبێت وەکوو تووشبوونی کۆرپەیەکی نەخۆش لە دایکە شیردەرەکەیەوە.

## گۆڕانی لەپڕ

کێشەی سەرەکی ڕێکخراوە تەندروستییە جیهانییەکان و زانستی پزیشکی بە گشتی لە بەرامبەر ئەم ڤایرۆسانەدا ئەوەیە کە لە پڕ گۆڕانکاری بەسەر ڤایرۆسەکەدا دێت، واتە ئێمە بە وردی جۆری ڤایرۆسەکە دیاری دەکەین و ڤاکسینی بۆ دابین دەکرێت، بەڵام لەپڕ ڤایرۆسەکە دەگۆڕێت و دەبێت هەموو شتەکانمان دووبارە بگۆڕین.

## ئەنفلەوەنزای وەرزی

کێشەی ئێستای ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەنفلەوەنزای وەرزییە، هۆکارەکەی چەند ڤایرۆسێکە و لە هەندێک کەسدا ئەنجامی زۆر ترسناکیان هەیە.

## نیشانەکان

- تا
- کۆخە
- ئازاری قورگ
- داهێزرانی لەش
- سەرئێشە
- بێتاقەتی

## ئێستا

بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، ئێستاش ئەنفلەوەنزای وەرزی، ساڵانە 250-500 هەزار کەس دەکوژێت. واتا مردن بە ئەنفلەوەنزا شتێکی هێندە سەیر و دەگمەن نییە، بەڵکو ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی دەکاتە قوربانی.

## هەڵامەت و ئەنفلەوەنزا

لە سەرەتای تووشبووندا جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان هەڵامەت و ئەنفلەوەنزا نییە و دواتر جیاوازییەکان دەردەکەون. سەرەتا ئەنفلەوەنزاش وەک هەڵامەت دەستپێدەکات بە نیشانەکانی وەک لووتگیران و سووتانەوەی قورگ و لووت و تای کەم، بەڵام لە ئەنفلەوەنزادا دواتر ئازاری ماسولکەکان و لەش داهێزران و هەوکردنی سییەکانی بەدوادا دێت.

هەڵامەت بە سادەیی و بەبێ ماک کۆتایی دێت، بەڵام لە ئەنفلەوەنزادا ئەگەری هەوکردنی چەندین ئەندامی سەرەکی وەک سییەکان و دڵ و مێشک هەیە و هەر ئەو ئاڵۆزکارییانەن کە دەبنە هۆی مردن.

پسپۆڕان دەڵێن نابێت فۆبیای ئەنفلەوەنزا لەنێو خەڵکی بڵاوبکرێتەوە "لەبری ئەوە با خەڵکی بیر لە خۆپاراستن بکەنەوە و لەسەر ڕێنماییە زانستییەکان بڕۆن".

## بۆچی لە زستاندا بڵاودەبێتەوە؟

ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی بە هەڵە وەها لە هەڵامەت و ئەنفلەوەنزا گەیشتوون کە بەهۆی سەرمابوونەوە دروستدەبێت. بەڵام لەڕاستیدا نەخۆشییەکە بەهۆی ڤایرۆسەوەیە و بەخێرایی لەنێو خەڵکیدا بڵاودەبێتەوە لە ڕێگەی ئەو پرژانەی لەکاتی پژمین و کۆکیندا لە دەم و لووتی تووشبووەوە دەردەچن، بەڵام بۆچی ئەم نەخۆشییە لە وەرزی زستان و سەرمادا بڵاودەبێتەوە؟ پسپۆڕان بۆ وەڵامی ئەمە، ئەم هۆکارانە دیاری دەکەن:

–1چونکە لە وەرزی سەرمادا خەڵکی لە ژوورەوە و لە شوێنی داخراودا دەمێننەوە و بەوەش کاتێک کەسێک تووش دەبێت، بە ئاسانی خەڵکی چواردەوری تووش دەکات.

–2 لە زستاندا هەوا سارد و وشکە، ئەوەش نێو لووت و کەناڵەکانی هەوا وشک دەکاتەوە و شلە لینجەکەی ناوی نامێنێ، بەوەش لووت و کەناڵەکانی هەوا ناتوانن بە ئاسانی ڤایرۆسەکە لەگەڵ شلەکانی نێویان فڕێ بدەنە دەرەوە.

–3 کەشی فێنک و وشک، ژینگەی نموونەیین بۆ مانەوەی ڤایرۆسەکە و گواستنەوەی.

## دەبێت کێ بکوترێت؟

ئەنفلەوەنزا هەموو ساڵێک گۆڕانکاریی سادە لەخۆیدا دەکات و بە چەند ساڵ جارێک گۆڕانکاریی گەورەی تێدا ڕوودەدات. بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گۆڕانکارییە سادەکان، ساڵانە ڤاکسینی تایبەت دژی ئەنفلەوەنزا دروستدەکرێت.

بەگوێرەی ڕێنماییەکانی سەنتەری کۆنتڕۆڵکردن و پێشگیری لە نەخۆشییەکان لە ئەمریکا، چەند توێژێکی کۆمەڵگە زیاتر لە مەترسیی ئاڵۆزکارییەکانی ئەنفلەوەنزادان، بۆیە گرنگترە بکوترێن:

– منداڵانی سەرووی 6 مانگ.
– ژنانی سکپڕ
– کەسانی بەتەمەن
– ئەوانەی نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە، بەتایبەت نەخۆشییە درێژخایەنەکانی سییەکان، شەکرە، شێرپەنجە و ئایدز.
– ئەو کەسانەی هەستەوەرییان بە هێلکە هەیە، نابێت ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا لەخۆیان بدەن، چونکە بە هەمانشێوە هەستەوەری پەیدا دەکەن.

# حەوت سوودی خۆراکە بەخۆڕاییەکەی منداڵ



ڕووداو – هەولێر

هیچ پێویست ناکات بەدوای گرانبەهاترین، یان مارکەی باشی شیردا بگەڕێی بۆ کۆرپەکەت، هەر چۆنێک بێت خۆت ڕابهێنە لەسەر شیرپێدانی منداڵەکەت، ئەو خۆراکانەش بخۆ کە شیری مەمکەکانت زیاد دەکەن. دواتر بەرهەمی ئەو ڕێنماییەی کە بە خۆڕایی پێشکەشمان کردی، دەچنییەوە. ئەمانە حەوت سوودی شیری دایکن بۆ کۆرپەکەت:

– باشترین خۆراکە بۆ کۆرپە "خاوێن، بە سوود و هەرزان"
– مژین و هەرسکردنی ئاسانە بۆ کۆرپە
– گشت ئەو پێداویستییانەی تێدان کە کۆرپە پێویستی پێیانە.
– سیستەمی بەرگریی کۆرپە بەهێز دەکات
– ئەگەری تووشبوونی کۆرپە بە نەخۆشیی شەکرە، قەڵەوی و چەند جۆرە شێرپەنجەیەک لە ئایندەدا کەم دەکاتەوە.
– بەشێوەیەکی گشتی ئەو منداڵانەی شیری دایکیان دەخۆن زیرەکتر دەردەچن کە گەورە دەبن.
– شیری دایک ڕۆڵی هەیە لە پاراستنی منداڵ لە مردنی کتوپڕ.

# خۆراکە دۆستەکانی دڵ بناسە



ڕووداو– هەولێر

دۆستێکی دێرینی دڵ، ماسیی سەلەمونە، سەلەمون چەوریی ترایگلیسراید کەم دەکاتەوە، ئەگەر خوداپێداوی و پارەت هەیە، هەفتانە دوو جار بیکە میوانی خوانەکانت.

ریشاڵێکی زۆر لە پێکهاتەکانی شۆفاندا هەیە، دیوارەکانی دڵ بەهێز دەکات، زوو زوو بە دیداری شاد بە. شلیک، توو، گێلاس و شاتوو، دڵ وەک شا دەژیێنن، ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی دڵ کەم دەکەنەوە. پەتاتە بە کوڵاوی پۆتاسیۆمی تێدایە و فشاری خوێن دادەبەزێنێ.

تۆوی کەتان سوودی بۆ دڵ زۆرە، ڕۆژانە دوو جار بیخۆ. چا و قاوە بۆ دڵ باشن، بەڵام بە ڕێژەیەکی دیاریکراو، زیادەڕەوی لە خواردنەوەیان باشییەکەیان ناهێڵێت.

سندی، پرتەقاڵ، لیمۆ و نارنج و هەنار هاوڕێی دڵن. بادەم، گوێز و عەلی بابا دۆستێکی زۆر باشی دڵن و لە قازانج زیاتر هیچی دیکەیان بۆی نییە. نیسک، نۆک، فاسۆڵیا و ماش، بە قەبارە بچووکن، بەڵام بە سوود گەورەن.

# ئایا گەشتکردن بە فڕۆکە بۆ خانمانی دووگیان سەلامەتە؟



ڕووداو– هەولێر

پسپۆڕانی خانمان و منداڵبوون لە ئەمریکا سەبارەت بە گەشتکردن بە فڕۆکە بۆ خانمانی دووگیان دەڵێن، ئەگەر خانمەکە دووگیانییەکی تەندروستی هەبێت، واتە خۆی و منداڵەکەی هیچ گرفتێکی تەندروستییان نەبێت، گەشتکردن بۆیان تاوەکو هەفتەی 36ەمینی دووگیانی ڕێگەپێدراوە، بەڵام ئەمە بۆ گەشتە نێوخۆییەکان، هەرچەندە بۆ گەشتە نێودەوڵەتییەکان پسپۆڕان ڕێنمایی دەدەن کە گەشتەکە بەر لە هەفتەی 26ەمین بکرێ.

پسپۆڕەکانی خانمان و منداڵبوون ڕوونیدەکەنەوە، ئەو خانمانەی بەشێوەیەکی گشتی لەکاتی دووگیانی بەرزەپەستانی خوێن و شەکرە و گرفتەکانی دیکەیان هەیە، پێویستە لە گەشتکردن بە فڕۆکە دووربکەونەوە یاخود بەپێی ڕێنمایی پزیشک گەشت بکەن.

پسپۆڕەکان دەشڵێن هەر خانمێکی دووگیان بەر لە گەشتکردن بە فڕۆکە، دەبێت ڕاوێژ بە پزیشکی پسپۆڕ بکات و پێویستە ڕێنماییننامەی ئەو هێڵە ئاسمانییە فڕۆکەوانییە وەربگرێت کە گەشتەکەی پێ دەکات. بۆ نموونە بەشێک لە هێڵە ئاسمانییەکان وەکو هێڵی ئاسمانیی ئەمریکی داوای ڕاپۆرتی پزیشکی دەکەن، بەڵام بەشێکی دیکەیان وەکو هێڵی ئاسمانی دیڵتا پێویستە لەسەر خانمە دووگیانەکە بەر لە گەشتکردن ڕاپۆرتی پزیشکی پسپۆڕیان بۆ بەرێت.

هەندێکی دیکە لە هێڵە ئاسمانییە فڕۆکەوانییەکان پشت بە ژمارەی کۆرپە لەنێو سکی دایکەکە دەبەستن، ئەگەر خانمەکە یەک کۆرپەی هەڵگرتبوو، دەتوانێت بەر لە هەفتەی 36ەمینی دووگیانییەکەی گەشت بکات، بەڵام ئەگەر دووانە یان زیاتر بوو ئەوا دەبێت بەر لە هەفتەی 32ەمینی دووگیانییەکەی گەشتەکەی بکات.

سەبارەت بە دووریی ئەو گەشتەی دەکرێ، پسپۆڕان ڕێنمایی دەدەن، هەر خانمێکی دووگیان ئەگەر بیەوێت گەشت بکات بۆ شوێنێکی دوور، دەبێت 48 کاژێر بەر لە گەشتەکە پشکنینی تەواو بکات، باشتر وایە 4 هەفتە بەر لە منداڵبوونەکەی گەشت بۆ شوێنی دوور نەکات. وەک پسپۆڕان دەڵێن باشترین کات بۆ گەشتی دوور لە 6 مانگی یەکەمی دووگیانییە.

## مەترسییەکانی چین؟

خانمانی دووگیان لەکاتی گەشتکردن بە فڕۆکە، زۆرتر مەترسی تووشبوون بە کلۆبوونی خوێن لە لوولە خوێنهێنەرە قووڵەکانیان لەسەرە. بۆ دووربوون لەم گرفتەش لەکاتی گەشتەکە زۆر گرنگە کە خانمە دووگیانەکە بەردەوام ئاو بخواتەوە، جلی تەسک نەپۆشێت و هەر دوو کاژێر جارێک بۆ چەند خولەکێک پیادەڕەوی بکات، خۆراکە تەندروست و فرێشەکان بخوات. بەر لە گەشتکردن سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکات. هەروەها نابێ گەشت بۆ ئەو وڵاتانە بکات کە نەخۆشیی درم و گوازراوەیان تێدا بڵاوە.

# قەیرانی ئابووری هەڕەشە لە وڵاتانی عـ

**رووداو- هەولێر**

لـە چەنـد سـاڵی رابـردوودا زۆربـەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا سیاسەتی دەستپێوەگرتنیان پەیڕەو کردووە و خەرجییەکانی حکومەت کەمکراونەتەوە، ئەم سیاسەتە گوشارێکی زۆری لەسـەر چینی ناوەڕاسـت دروستکردووە کە بە بڕبڕەی پشـتی گەشە و سـەقامگیریی ئابووری و ئەمنـی لـە قەڵـەم دەدرێ. کـەم نیـن ئەوانەی پێیانوایە دۆخی ئێستای وڵاتەکەیان لە دۆخی پێش سەرهەڵدانەکانی بەهاری عەرەبی لە 2011 دەچێ.

بە گوێرەی راپۆرتێکی (وۆڵ سـتریت جورناڵ)ی ئەمریکـی، میسـرییەکان ناچـارن بـە دوای کاری دووەمـدا بگەڕێن، ئوردنییـەکان ناچاربوونە منداڵەکانیـان لە خوێندنگای تایبـەت دەربهێنن و فەرمانبەرە حکومییەکانی تونسـیش لە ئێسـتاوە دەستیان بە خۆپیشاندان کردووە و داوای زیادکردنی مووچەکانیان دەکەن.

تۆفیق ئەکلیماندۆس، مامۆسـتای سیاسـەت و مێـژوو لە زانکۆی قاهیرە، بە رۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵـێ: "پێشـتر لـە بەشـی دەوڵەمەنـدی چینی ناوەڕاسـت بووم، بەڵام ئێستا لە بەشە هەژارەکەی ئـەو چینـەدام". حکومەتـی میسـر پلانێـک بـۆ کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجە جێبەجێ دەکات، لـەو کاتەشـەوە بەهـای جونەیهی میسـری 50% دابەزیوە، بەم حاڵەشـەوە مووچـەی فەرمانبەران هەر وەک خۆی ماوەتەوە. ئەمەش کەسـانی وەکو تۆفیقـی ناچار کردووە بۆ پاشـەکەوتکردنی پارە، کەمتر گۆشت بخۆن و تەنانەت واز لە خواردنەوەی نێسکافەش بهێنن. تۆفیق پێیوایە ناکرێ ئەم دۆخە بۆ ماوەیەکی درێژ بەم شێوەیە بەردەوام بێ.

رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و باکـووری ئەفریقا رووبەڕووی کۆمەڵێک تەنگژەی ئابووری بوونەتەوە. بەشێکیان بۆ ئەو مەرجانە دەگەڕێنەوە کە سندووقی نێودەوڵەتیی نەختینە (IMF) بۆ وڵاتانی ناوچەکەی دانـاوە، بۆ ئەوەی لەبەرامبـەردا 57 ملیار دۆلاریان وەکـو قـەرزی دەربازکـردن لـە قەیـران پێبدات. سندووقە نێودەوڵەتییەکە داوای لەو وڵاتانە کردووە خەرجییەکانی کەرتی گشتی دابەزێنن و بودجەیان هاوسـەنگ بکەنەوە، ئەمەش حکومەتەکانی ناچار کردووە بە مووچەکاندا بچنەوە، پشـتیوانی دارایی خـۆراک، وزە و کاڵا رۆژانەییـەکان کـەم بکەنەوە. کـۆی ئەم میکانیزمانە لە چوارچێوەی سیاسـەتی دەستپێوەگرتنی ئابووریدا جێبەجێ دەکرێن.

لـە چەنـد مانگـی رابـردوودا خۆپیشـاندانی سەرانسـەری لە تونـس و ئوردن سـەریانهەڵداوە کـە تێیدا جەخـت لەسـەر نەهامەتییەکانی چینی نێوەڕاست دەکرێتەوە. ئەم خۆپیشاندانانە یادەوەری رۆژانی پێش سـەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی زیندوو دەکەنـەوە کە تێیاندا چینی نێوەڕاسـت و هەژاری کۆمەڵگا یەکدەگرنەوە.

مەسـعود رەمەزانی، سـەرۆکی مونتەدای مافە ئابـووری و کۆمەڵایەتییەکانـی تونـس هۆشـداری دەدات کە سـەرۆک وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و




له میسر و ئوردن و تونس داهاتی چینی ناوەڕاست لە چینی هەژار نزیک دەبێتەوە

# ئەمریکایەکی بێ ستراتیژ لە سووریا

**رووداو- هەولێر**

لە سیسـتەمی سیاسـیی ئەمریکادا کۆشکی سـپی هەموو کات دەسـتی بەهێزی لە داڕشتن و ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا هەبـووە، بـەڵام زۆرینـەی ئـەوەی واژۆی سەرۆکیان لەسەر بکرێ، بە ئاژانس و دامەزراوە جیاجیاکانـی حکومەتدا تێدەپەڕن. لە ئیدارەی نوێدا بڕیارەکان هەم شەخسیتر و هەم مەزاجیتر کراونەتـەوە. دامـەزراوەی سـەدەی ئەمریـکا (TCF) لـە راپۆرتێکـدا و بـە پشتبەسـتن بە لێدوانی بەرپرسـانی ئێستا و پێشووی ئەمریکا تیشـک دەخاتـە سـەر کاریگـەری گۆڕانی ئەو رێچکەیە لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە سووریا.

مانگـی ئەیلولـی رابـردوو، دوو ئەمریکـی بەرەچەڵەک سووری بە هاوکاریی لۆبیستێکی کۆمارییـەکان توانیـان لـە بۆنەیەکدا بەشـدار بـن کە دۆناڵد ترەمپ، سـەرۆکی ئەمریکاشـی لێبوو. لە بۆنەکەدا یەکێکیان بەو جۆرە باسـی پارێزگای ئدلیب بۆ ترەمپ دەکات: "پارێزگایەک لە سووریا هەیە سێ ملیۆن خەڵکی تێدا دەژی و ئێرانییەکان، رووسەکان و هێزەکانی حکومەت گەمارۆیان داوە. ئەوان خۆشکم دەکوژن".

بـە گوێرەی راپۆرتەکـە، ترەمپ خۆی دانی بەوەدا ناوە کە پێشتر ناوی ئدلیبی نەبیستبوو، بۆیەش ئەو شـەوە دەسـت دەداتە راپۆرتێکی (نیویـۆرک تایمـز) و لـەوێ بـۆی دەرکـەوێ کە بەڕاسـتی شـوێنێک بـەو ناوە هەیـە و لە کێشەشـدایە. لەدوای خوێندنـەوەی راپۆرتەکە لـە تویتێکـدا هەڕەشـە لـە رژێمی سـووریا و هاوپەیمانەکانـی دەکات کە نابێ "تراژیدیایەکی مرۆیی" دروسـت بکەن، چونکە "سـەدان هەزار کەس لەناودەچن". چەنـد رۆژێک دواتر تورکیا و رووسیا رێککەوتنێکیان لەبارەی ئدلیبەوە واژۆ کرد، بێ ئەوەی ترەمپ یان حیساباتی سیاسی ئەمریکا رۆڵێکی تێدا هەبووبێ.

ئەمریـکا زیاتـر لـە 2000 سـەربازی لـە سـووریا هەیە، هێزەکانی سـووریای دیموکرات (هەسـەدە) کە گەورەترین هاوبەشی ئەمریکان لـە سـووریا 30%ی خاکـی سـووریایان لەژێر دەسـتدایە. ئەمریـکا رایگەیانـدووە بەنیازە بۆ ماوەیەکی "نادیار" لە سـووریا بمێنێتەوە، بەڵام پلانـە سـەربازی و مەیدانییەکانی ئەمریکا هیچ ئاماژەیەکیان تێـدا بەدی ناکرێ کە ئەمریکا لە سووریا بەنیازی چییە.

## سێ ئامانجەکەی ئەمریکا لە سووریا

لـە نزیـک دوو سـاڵی دەسـەڵاتی خۆیـدا، ئەمریکا دوو جار بە هێرشـی مووشەکی بنکە و بارەگاکانی سوپای رژێمی سووریای کردووەتەوە ئامانج، بەڵام ژمارەیەکی زۆر بەرپرسـی ئێستا و پێشـووی ئەمریـکا بە راپۆرتەکـەی ناوەندی سـەدەیان راگەیانـدووە: "ترەمـپ زۆر گوێ بە کێشە سەرەکییەکە نادات، واتە شەڕی نێوخۆی سـووریا بەرەو چ ئاکامێک دەچێ". بەرپرسانی ئەمریکی ئاشـکرایان کردووە سەرۆکی ئەمریکا و دەوروبەرەکـەی پەیڕەوی لە لیسـتێکی سـێ خاڵی دەکەن کـە هیچکامیان پەیوەندیی تەواو و راسـتەوخۆیان بە داهاتووی سیاسـی سووریا خۆیەوە نییە، واتە لەناوبردنی داعش، نزیکبوون لە سووریا و دوژمنایەتیکردنی ئێران.

## شکستی تیلەرسن

رێکس تیلەرسن، وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریـکا، لـە کۆتایی هاوینـی 2017 پلانێکی بۆ سـووریا راگەیاند کە تێیـدا دژایەتی رژێمی سـووریا و نەکشـانەوەی هێزەکانـی ئەمریـکا خاڵـی هەرە دیاری بـوون. لە کانوونی دووەمی 2018، تیلەرسـن جەختـی لـەوە کـردەوە کە ئەمریـکا دەیـەوێ بـە رێگـەی "ناسـەربازی" کۆتایی بە دەسـەڵاتی بەشار ئەسەد، سەرۆکی سـووریا بهێنـێ، بە جۆرێک نە گروپە سـوننە جیهادییـەکان جارێکـی دیکـە دەرفەتـی ئەوەیـان هەبێ سـەردەربکەنەوە و نە ئێرانیش کاریگەرییەکەی جارانی هەبێ.

ئەو کات پرسـیاری سەرەکی ئەوە بوو ئاخۆ ئەمریکا ئامرازی پێویسـتی بـۆ جێبەجێکردنی ئـەو پلانە تەرخانکـردووە یان نـا، بەڵام وەک لـە راپۆرتەکـەی ناوەنـدی سـەدەدا هاتـووە هۆکاری سـەرەکی شکسـتی پلانەکە ناکۆکیی ترەمـپ لەگـەڵ تیلەرسـن بـوو، کـە مانگـی ئاداری 2018 لەسـەر کارلادرا. سێ مانگ پاش لادانی تریلەرسـن، ترەمپ رایگەیاند سـەربازە ئەمریکییـەکان "بـە زوویـی" لـە سـووریاوە دەگەڕێنـەوە، بەڵام چوار مانـگ دواتر لەوەش پاشگەز بوونەوە و نوێنەری ئەمریکا بۆ کاروباری سووریا راگەیاند هێزەکانیان بۆ ماوەیەکی نادیار لە سووریا دەمێننەوە.

یەکێـک لە هۆکارەکانی پاشـگەزبوونەوەی ئەمریکا لە کشانەوەی هێزەکانی ئەوە بوو کە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە کەنداو قایل ببوون خەرجییەکانـی گەڕاندنەوەی سـەقامگیری بۆ ناوچـە ئازادکراوەکانی ژێر دەسـەڵاتی داعش بگرنـە ئەسـتۆ و پێویسـت نـاکات پـارەی باجدەرانـی ئەمریکا بۆ سـووریا خەرج بکرێ. سـەرۆک بەمـە دڵخۆش بـوو، بـەڵام گۆڕانی مێشـکی ترەمـپ هۆکارێکی نێوخۆییشـی لە پشـت بـوو، لـە بەهـاری 2018ەوە ئەمریکا ئامادەکاری دەکرد بۆ دەرچوون لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکـەی ئێـران. ئـەو کات مایـک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئێسـتای ئەمریکا، دەسـتبەکاربوو، لە مانگی نیسانیشدا ترەمپ دەسـتکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کۆشـکی سپی کرد و جۆن بۆڵتنی لە شوێنی ژەنەراڵ مەکمەسـتەر دانا. پۆمپیۆ و بۆڵتن لە گۆشـەنیگای بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی ئێرانـەوە سـەیری دۆخی ئێسـتا و داهاتووی سووریایان دەکرد.

بۆڵتـن لـە کاتـی دەسـتبەرکاربوونی لـە کۆشکی سـپی جەخت لەوە دەکاتەوە: "ئێمە سووریا جێناهێڵین هەتا ئەو کاتەی هێزەکانی ئێران بە میلیشیاکانیشەوە لە دەرەوەی خاکی ئێـران چالاکی بکەن". سـەرەڕای ئەو لێدوانە توندانەش، خاڵی هاوبەشی هەڵوێستی ئێستا و حەوت سـاڵی رابـردووی هـەردوو ئیدارەی ئەمریکا ئەوەیە لە هیچکامیاندا سـتراتیژێکی روون بـۆ داهاتـووی سـووریا و وەدیهێنانـی بەرژەوەندییەکانـی ئەمریـکا لـەو وڵاتە بەدی ناکـرێ، لـە کاتێکـدا سـەرۆک بـەردەوام لە بیرۆکەیـەوە بـۆ بیرۆکەیەکی دیکـە دەچێ و ئێران و هاوپەیمانەکانی لە دیمەشـق سـوورن لەسـەر هەڵوێسـتی نەگـۆڕی خۆیـان، کـە کۆنترۆڵکردنەوەی هەموو خاکی سووریایە.

## دووبەرەکـی لەنـاو ئیـدارەی ئەمریکیدا

لە ناوخۆی ئیدارەی ترەمپدا کەسانێکی زۆر هـەن کە دژی فراوانکردنەوەی ئەرکی ئەمریکا لـە سـووریان، بـە تایبەتیش بەو سـەرچاوە مرۆیـی و سـەربازییانەی ئێسـتا واشـنتن لە سـووریا هەیەتـی. ژمارەیـەک سـەرچاوە لە ئیـدارەی ئەمریکی بە دامەزراوەی سـەدەیان راگەیاندووە برێت مەکگۆرک، نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعـش، یەکێک لەو کەسـانەیە کە دژی ئەوەیـە سـتراتیژی وڵاتەکـەی لـە سـووریا رووخاندنی رژێمی ئەسـەد و دەرکردنی ئێران لەخۆبگرێ.

بەگوێـرەی راپۆرتەکـە ئـەو بۆچوونـەی مەکگـۆرک کە پەیوەنـدی نزیکی لەگەڵ هێزە کوردییەکانی رۆژئاڤـا هەیە، لەگەڵ بۆچوونی بەرپرسانی فەرماندەیی ناوەندی و پێنتاگۆندا یەکدەگرێتـەوە، بـەڵام پێچەوانـەی بۆچوونی بەرپرسانی باڵای کۆشکی سپییە. سەرچاوەکان ئاماژەیـان بۆ ئەوەش کـردووە کە مەکگۆرک هەوڵەکانی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش و بەهێزکردنـی هەسـەدە چڕکردووەتـەوە، لـە کاتێکـدا لـە واشـنتن مقۆمقـۆی ئەوەیە کـە مەکگـۆرک لـە داهاتوویەکـی نزیکـدا لە پۆستەکەی ئێستای لابدرێ.



ترەمپ بۆی گرنگ نییە قەیرانی سووریا بەرەو کوێ دەچێ



هەتا مانگی ئەیلولی ئەمساڵ ترەمپ نەیزانیوە ئیدلیب پارێزگایەکی سووریایە (فۆتۆ: AFP)

## ناوەند و کەسایەتی

# چین دەس

**رووداو- هەولێر**

حکومەتـی چین دەسـتی بـە کڕینەوەی ناوەنـدە میدیاییەکان کـردووە و راهێنان بە میدیاکارانـی بیانی دەکات، هەموو ئەمانەش لە چوارچێـوەی هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەدان کـە پانتایی و ئامانجەکانی لە مێژووی نوێی چینـدا بێ وێنـەن. بە گوێـرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانی، هەوڵەکانی بەیجینـگ لـە سـنووری چینـدا نەمـاون و رەهەندێکی جیهانییان وەرگرتووە.

هەتا سـەرەتای ئەم سەدەیە، هەوڵەکانی حکومەتـی چیـن بـۆ دروسـتکردنی وێنەی خـۆی زیاتـر بەرگریکارانـە بـوو، ئامانجی ئـەو هەوڵـەش خەڵکـی ناوخـۆی چیـن بـوو، ئامرازەکانـی چیـن لـەو قۆناغـەدا سانسـۆرکردنی راپـۆرت و هـەواڵ، ناردنی گازنـدە و گلەیـی بـۆ میدیـا جیهانییەکان و وەدەرنانـی میدیـاکارە بیانییـەکان بوو. بـەڵام راپۆرتەکـەی (گاردیـەن) جەخـت لـەوە دەکاتەوە کە لە 10 سـاڵی رابردوودا چیـن چیدی پەیڕەوی سـتراتیژی بەرگری و پەرچەکردار ناکات و رووی قسەی لە خەڵکی دەرەوەی سنوورەکانی کۆماری چینە.

لـە چەنـد سـاڵی رابـردوودا، ناوەنـدە میدیاییەکانی رۆژئاوا بە هۆی کەمبوونەوەی بینەر و دابەزینی ژمارەی ریکلام دەسـتیان بە کەمکردنەوەی بودجە و سـتاف کردووە، ئەمەش لـە کاتێکدایە کە تۆڕی تەلەفزیۆنی جیهانیـی چیـن (CGTN) مووچەیـەک دەخاتـە بەردەسـتی میدیـاکارە ئەوروپـی و ئەمریکییـەکان شـان لە شـانی مووچەی ناوەندە میدیاییەکانی رۆژئاوا دەدات.

(CGTN) لقی نێودەوڵەتیی تەلەفزیۆنی ناوەندیی چین (CCTV) ـەو پێکهاتەیەکی سـەرەکیی هەوڵـە میدیاییەکانـی چینە لە جیهاندا.

حکومەتـی چیـن لـە سـاڵی 2003 وە پێداچوونـەوەی بـە کارنامـەی ئامانجـە سیاسییەکانی سوپای رزگاری گەل (PLA) دا کرد، لەو گۆڕانکارییەشدا شەڕی میدیایی توخمێکـی سـەرەکی سـتراتیژە نوێیەکـە پێکدەهێنـێ کـە ئامانج لێی دروسـتکردنی کاریگەرییە لەسـەر رای گشتی وڵاتانی دیکە بەرامبەر بە حکومەتی بەیجینگ.

هەوڵەکانـی حکومەتـی چیـن تەنیـا بە کڕینەوەی ناوەندە میدیاییەکان و راکێشـانی میدیـاکارە بیانییـەکان نەوەسـتاوە، بەڵکو کۆنترۆڵکردنی تەکنەلۆژیا و ژێرخانی میدیاش ئامانجێکی دیکەیەتی. رۆژنامە بەریتانییەکە ئاشـکرای دەکات کـە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی چین دەسـتیان بـە دانانی کەناڵی ئانالـۆگ و دیجیتـاڵ، دانانی تـۆڕی کێبڵی فایبـەر ئۆپتیک و سـەنتەری زانیاری و داتا کـردووە. بـەو پێیـەش چین تەنیـا چاوی لەسـەر ئامرازەکانـی بەرهەمهێنانـی هەواڵ و زانیـاری نییە، بەڵکو دەیـەوێ کۆنترۆڵی

# ـەرەبی دەکات

باکووری ئەفریقا دەبێ نارەزایەتی چینی ناوەڕاستی وڵاتەکانیان بەجدی وەربگرن. رەمەزانی لەمبارەیەوە بە (جورناڵ)ی ئەمریکی دەڵێت: "دەیان ساڵ بوو چینی ناوەڕاست ئارامییان لە کۆمەڵگادا دەپاراست، بەڵام ئەم چینە خەریکە ئیمتیازاتەکانی خۆی لەدەستدەدات. فەرمانبەرانی کەرتی خزمەتگوزاری خەریکە (لەڕووی پێگەی ئابوورییەوە) لە چینی هەژاری کۆمەڵگا نزیک دەبنەوە".

سەرهەڵدانەکانی بەهاری عەرەبی لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەدا نەک هەر چارەسەری دۆخی ئابووری نەکرد، بەڵکو درز و ناکۆکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتانەشی تۆخکردەوە کە لە ئاکامدا لە هەندێک وڵات شەڕی نێوخۆی دوورودرێژی لێکەوتەوە، لەوانەش سووریا، یەمەن و لیبیا. ئەزموونی بەهاری عەرەبی و ئاکامە ئەمنی و سیاسییەکانی خەڵکی ساردکردووەتەوە لەوەی جارێکی دیکە بە روئیای گۆڕینی رژێم خۆپیشاندان بکەن. بەم حاڵەشەوە شارەزایان پێیانوایە نارەزایەتی ئابووری کاریگەری لەسەر روانگەی سیاسیی خەڵک دەبێ.

ئیساندەر عەمرانی، شارەزای کاروباری باکووری ئەفریقا لە گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، لەمبارەوە بە (جۆرناڵ)ی راگەیاند :"خەڵک پڕ بوون، فۆکەسێکی زۆر خراوەتە سەر کێشەی نان و بژێوی، ئەمەش شوێنی ئەو پرسە ئایدیۆلۆژییانەی گرتووەتەوە کە چەند ساڵ لەمەوبەر هەبوون".

بەگوێرەی راپۆرتەکە، هیچ وڵاتێکی ناوچەکە هێندەی میسر ئاسەواری شکانی ئابووری پێوە دیار نییە. میسر پڕ دانیشتووترین وڵاتی عەرەبییە، یەکێکە لەو وڵاتانەی بەر تەوژمی بەهاری عەرەبی کەوت و لە ماوەی دوو ساڵدا دوو سەرکردەی سیاسی گۆڕی، دواجاریش لەدوای کودێتایەکی سەربازیدا عەبدولفەتاح سیسی هاتە سەر کورسی سەرۆکایەتیی میسر. حکومەتەکەی سیسی لە ساڵی 2016 رێککەوتنێکی بۆ وەرگرتنی قەرزێکی 12 ملیار دۆلاری لەگەڵ سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی واژۆکرد. لە ئەنجامی ئەو رێککەوتنەدا نرخی کارەبا، سەوزە و میوە و خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بەرزبوونەوە. رێژەی هەڵاوسانی ئابووریش لە حوزەیرانی 2017 گەیشتە 30%. حاڵی حازر ئاستی هەڵاوسانی ئابووری 18%.

رانیە نەدیم، ژنی ماڵەوە، لەبارەی گۆڕانی نرخی کەلوپەل لە قاهیرە بە رۆژنامە ئەمریکییەکەی گوت "ئەوەی پێشتر بە 50 جونەیە دەستدەکەوت، ئێستا بە 200 جونەیە دەستناکەوێ". بەهۆی ئەم دۆخەوە خێزانی رانیە ناچار بوونە خەرجییەکانی خواردن و جل کڕین کەم بکەنەوە، بەشێکی زۆر لە خەڵک چیدی ناتوانن وەکو جاران لە دەرەوە نان بخۆن، ژمارەیەکی زۆر لە میسرییەکانیش ناچارن دوو کار بکەن.

بەرپرسانی حکومەتی میسر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئاستی گەشەی ئابووریی میسر گەیشتووەتە 5.4٪، بۆ یەکەمجاریش لە 15 ساڵی رابردوودا بودجەی حکومەتی میسر زیادیهێناوە، ئەمەش وایکردووە حکومەتی قاهیرە بیر لە درێژکردنەوەی رێککەوتنەکەی لەگەڵ سندووقی نەختینەی نێودەوڵەتی نەکاتەوە. ئەحمەد کوشوک، بریکاری وەزیری دارایی میسر، لەمبارەوە بە (جورناڵ)ی ئەمریکی گوت "شانازی ئەمە بۆ خەڵکی میسر دەگەڕێتەوە".

حکومەتی ئوردنیش لە ساڵی 2016 رێککەوتنێکی قەرزی بە بەهای 723 ملیۆن دۆلار لەگەڵ (IMF) واژۆکرد. لەو وڵاتەش قەرزەکە حکومەتی ناچارکرد سیاسەتی دەستپێوەگرتن پەیڕەو بکات، ئەم سیاسەتەش لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ هەزاران کەسی رژاندە سەر شەقامەکان و لە ئاکامدا سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە ناچاربوو دەستلەکار بکێشێتەوە. لە سێ مانگی رابردوودا 50 هەزار خوێندکاری خوێندنگا تایبەتەکانی ئەم وڵاتە ناچاربوونە روو لە خوێندنگا حکومییەکان بکەن.

تونس یەکێکی دیکە لەو وڵاتانەیە کە قەرزی لە سندوقە نێودەوڵەتییەکە وەرگرتووە، لە کاتێکدا رێژەی گەشەی ئابووری ئەو وڵاتە تەنیا 2.6٪ە و بەهای دیناری تونسیش لە 2018 بە رێژەی 21٪ دابەزیوە، فەرمانبەرانی حکومەتیش داوای بەرزکردنەوەی مووچە دەکەن کە لە گەڵ سیاسەتی دەستپێوەگرتندا لێکدژە. لە تشرینی یەکەمدا 650 هەزار فەرمانبەری حکومی ئەو وڵاتە مانیان گرت، حکومەتیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو سیاسەتە بە قازانجی ئابووریی وڵاتە.

## ـیە میدیاییە بیانییەکان بۆخۆی کێش دەکات

# ـت بە شەڕی میدیا دەکات



چین نزیکەی 7 ملیار دۆلاری بۆ بەهێزکردنی وجودی میدیایی خۆی لە جیهاندا تەرخان کردووە (فۆتۆ: AFP)

> هەوڵەکانی چین تەنیا بە کڕینەوەی ناوەندە میدیاییەکانەوە نەوەستاوە، بەڵکو کۆنترۆڵی تەکنەلۆژیا و ژێرخانی میدیاشی گرتووەتەوە

تەکنەلۆژیای گواستنەوەی هەواڵیش بکات.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی گاردیەن، هەوڵەکانی حکومەتی چین لە دوای یارییەکانی ئۆڵۆمپیادی 2008 بەهێزتر بوون کە لە بەیجینگ بەڕێوەچوون و دروشمی سەرەکی یارییەکان "یەک جیهان، یەک خەون" بوو. ئەوکات میدیا و ناوەندە مرۆییەکانی جیهان رەخنەیان لە ریکۆردەکانی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ دەگرت و رووماڵی خۆپیشاندانەکانی لایەنگری لە خەڵکی ناوچەی تبتی چینیان دەکرد.

ساڵی دواتر حکومەتی چین شەش ملیار و 600 ملیۆن دۆلاری بۆ بەهێزکردنی وجوودی میدیایی خۆی لە جیهاندا تەرخان کرد، کیشوەری ئەفریقاش شوێنی تاقیکردنەوەی کاریگەریی ئەو هەڵمەتە بوو، بۆیەش یەکەم بەشی هەڵمەتی نێودەوڵەتی چین دانانی (CCTV Africa) بوو، یەکەم هەنگاویشیان راکێشانی ئەو رۆژنامەنووسانە بوو کە لە کۆمەڵگای وڵاتانی ئەفریقیدا جێگەی رێزی جەماوەر بوون.

بیاتریس مارشاڵ، رۆژنامەنووسی کینیایی، یەکێکە لەو رۆژنامەنووسانەی پێیوایە دانانی کەناڵە چینییەکان رێگەی خۆشکردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ بیسەر و بینەری ئەفریقیدا پەیوەندی دروستبکەن. مارشاڵ لەمبارەوە بە (گاردیەن) دەڵێ: "ئەوەی لەم کارەدا بە دڵمە ئەوەیە لە روانگەی خۆمانەوە باسی ستۆرییەکانمان دەکەین".

بەڵام ڤیڤیان مارش، ئەکادیمیسیەن لە زانکۆی وێست مینیستەری بەریتانی، پێیوایە رووماڵەکانی (CCTV) لە ئەفریقا ئەوەندەی جەخت لەسەر هێز، بەخشندەیی و سەرەکیبوونی چین لە کاروباری جیهاندا دەکاتەوە، ئەوەندە باسی ستۆرییەکانی ئەفریقا ناکات.

بەشێک لە هەڵمەتەکە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی پەسندکراوی کۆماری چینە لە رێگەی وێستگە رادیۆییەکانەوە. راپۆرتێکی 2015ی رۆیتەرز ئاشکرای کردووە کە گروپی میدیایی (CAMG)ی چینی کە ناڕاستەوخۆ سەر بە رادیۆی نێودەوڵەتی چینە، خاوەنی 33 وێستگەی رادیۆیە کە هەواڵ و زانیارییەکانی رادیۆی نێودەوڵەتی چین لە 14 وڵاتی جیهاندا بڵاودەکەنەوە. بەگوێرەی راپۆرتەکەی گاردیەنیش ئێستا ئەم تۆڕە خاوەنی 58 وێستگەی رادیۆیە و لە 35 وڵات کاردەکەن.

هەوڵەکانی بەیجینگ تەنیا لە میدیای بیستراو و بینراودا نەماونەتەوە، بەڵکو رووی لە رۆژنامەکانی بەریتانیا و ئەمریکاش کردووە. رۆژنامەی حکومی (چاینا دەیلی) گرێبەستی لەگەڵ 30 رۆژنامەی بیانیدا کردووە بۆ ئەوەی مانگانە 4 بۆ 8 لاپەڕە پاشکۆی (چاینا وۆچ) دابنێن، لەناو ئەو رۆژنامانەدا نیویۆرک تایمز، وۆڵ ستریت جورناڵ و واشنتن پۆستی ئەمریکی و دەیلی تێلێگرافی بەریتانی بەرچاو دەکەن. راپۆرتەکەی (گاردیەن) بە پشت بەستن بە سەرچاوەی هۆنگ کۆنگی ئاشکرای دەکات کە رۆژنامەی (دەیلی تێلێگراف) ساڵانە 750 هەزار پاوند وەردەگرێ بۆ ئەوەی مانگی جارێک پاشکۆی (چاینا وۆژ) دابنێن.

---

**ناوەندی (ستراتفۆر)ی ئەمریکی پێشبینییەکانی بڵاودەکاتەوە**

# ساڵی داهاتوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چی ڕوودەدات؟



**رووداو- هەولێر**

ناوەندی (ستراتفۆر)ی ئەمریکی وەک نەریتێکی ساڵانە، پێشبینییەکانی خۆی بۆ ساڵی 2019 خستووەتەڕوو کە بەشێکی تایبەتە بە دۆخی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. لە پێشبینییەکانی ئەمساڵیدا فۆکەس لەسەر ململانێکانی ئەمریکا و ئێران، پێگەی نێودەوڵەتی و ناوچەیی سعودیە دوای کوژرانی جەمال خاشوقچی، ململانێی زلهێزەکان لەسەر نفووز و چاودێریی دۆخی سووریا و هەوڵەکانی تورکیا بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی ئابووری و کۆنترۆڵکردنی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکات.

## تاران ناکەوێ

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە مانگی ئایاری 2018 کشانەوەی وڵاتەکەی لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران و کۆمەڵەی 5+1 و گەڕانەوەی قۆناغ بە قۆناغی سزا ئەتۆمییەکان بۆ سەر ئێران راگەیاند. راپۆرتی ناوەندە ئەمریکییەکە پێشبینی دەکات کە سزاکانی ئەمریکا :"زیان بە ئێران دەگەیەنن، بەڵام رووخانی حکومەتی ئێرانی لێناکەوێتەوە، هەرچەند ئابووریی ئێران تووشی زەحمەتیی زۆر بووەتەوە".

ئیدارەی ئێستای کۆشکی سپی پێش دەستبەرکاربوونی رەخنەی ئەوەی لە رێککەوتنەکە دەگرت کە گشتگیر نییە، واتە بەرنامەی مووشەکی بالستیک و چالاکییە ناوچەییەکانی ئێرانی لەخۆنەگرتووە. بۆیەش یەکێک لە ئامانجەکانی دەرچوون لە رێککەوتنەکەی 2015 و گەڕانەوەی سزاکان ئەوەیە ئێران بۆ واژۆکردنی رێککەوتنێکی دیکە پەلکێشی سەر مێزی دانوستاندن بکرێ. ناوەندی (ستراتفۆر) جەخت دەکاتەوە لەوەی کە "ئەمە سەرناگرێ".

مانگی رابردوو، ناوەندی ئاماری ئێران رایگەیاند رێژەی هەڵاوسانی ئابووری لە نێوان مانگی تشرینی یەکەم و دووەمی ئەمساڵ 35٪ لەچاو هەمان ماوە لە 2017 بەرزبووەتەوە. بەو پێیەش تێچووی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە چاو ساڵی رابردوو بە رێژەی 35٪ هەڵکشاوە. بەرزبوونەوەی رێژەی هەڵاوسان و دابەزینی بەهای ریاڵی ئێرانی نارەزایەتی جەماوەری لێکەوتووەتەوە. (ستراتفۆر) پێشبینی دەکات ئەم نارەزایەتییە جەماوەرییە دەستی موحافزکارەکان لە بەرامبەر کابینەی میانڕەوی ئێران بەهێزتر بکات.

بەگوێرەی راپۆرتەکە، ئێران لە یەک ساڵی داهاتوودا و "لە کاتی پێویستدا" چالاکییەکانی خۆی "بۆتۆقاندنی کەشتییەکانی ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی لە کەنداو" زیاتر دەکات، مووشەکی باڵستیک تاقی دەکاتەوە یان دەست بە تاقیکردنەوەی ئەتۆمی دەکاتەوە، هێرشی سایبەری و چالاکی نهێنی دەکات و هێزە وەکیلەکانی لەناوچەکە بەکاردەهێنێ بۆ لێدانی ئەمریکا، ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو. راپۆرتەکە جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئێران نایەوێ هانی جەنگ لەدژی خۆی بدات.

وڵاتانی کەنداو و ئیسرائیل رۆڵی سەرەکی لە جێبەجێکردنی ستراتیژی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەگێڕن کە بەگوێرەی (ستراتفۆر)، خۆی لە "جڵەوکردنی ئێران"دا دەبینێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەسەر دوو گروپدا دابەش دەبن. گروپی یەکەم ئەو هاوپەیمانانەی ئەمریکا دەگرێتەوە "کە زیاترین نیگەرانییان لەبارەی ئێرانەوە هەیە و ئامادەن پشتگیری لە سیاسەتی توند لەدژی ئێران بکەن، ئەمانەش بریتین لە ئیسرائیل، سعودیە و ئیمارات".

گروپی دووەمی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا قەتەر، عوممان و کوەیت لەخۆدەگرێ، کە ئامادەگییەکی کەمتریان هەیە بۆ ئەوەی هەڵوێستی توند لەدژی ئێران وەربگرن. بەپێی راپۆرتەکە، ئەم وڵاتانە دەتوانن لە شەڕ و قەیرانە ناوچەییەکاندا بایەخێکی "ستراتیژی، دیپلۆماتیک، ئابووری"یان بۆ ئەمریکا هەبێ، لە کاتێکدا یەکگرتنی ئەو گروپە وڵاتەش دەتوانێ لە هێزی ئابڵوقەکەی سەر قەتەر کەمبکاتەوە، هەرچەندە ململانێی نێوان ئەندامانی ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداو درێژە دەکێشێ.

لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ئەمساڵەوە کەیسی کوژرانی جەمال خاشوقچی، رۆژنامەنووس و کۆنەبەرپرسی سعوودی لە دۆسیەیەکی مرۆیی و یاساییەوە بۆ خاڵی یەکلاکردنەوەی ململانێ جیۆپۆلیتیکییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕا. ناوەندە ئەمریکییەکە پێیوایە لە ساڵی 2019دا، خێزانی شاهانە ناچارن ئیدارەی ئەو نیگەرانییانە بکەن کە لەبارەی محەممەد بن سەلمان، شازادەی جێنشین دروستبوون، لە کاتێکدا هەموو کردەوەکانی بن سەلمان دەکەونە ژێر زەڕەبینی نێودەوڵەتییەوە.

راپۆرتەکە پێشبینی دەکات "بەرەنگاربوونەوەیەکی بێدەنگ لە ناو خێزانی شاهانە درێژە دەکێشێ، لە کاتێکدا هەندێک لە هاوپەیمانە سەرەکییەکانی ریازیش پشتگیری سەربازی و وەبەرهێنانی خۆیان لە سعوودیە کەمدەکەنەوە، هەرچەند ئەستەمە پەیوەندییە گرنگەکان گۆڕانیان بەسەردا بێ".

لە ساڵی 2016ەوە، حکومەتی سعوودیە پڕۆژەی "روئیای 2030"ی راگەیاندووە کە ئامانج لێی کەمکردنەوەی وابەستەیی ئابووریی سعودیە بە نەوت، فرەڕەنگکردنی ئابووری و پەرەپێدانی کەرتە حکومییەکانی وەکو پەروەردە، تەندروستی، ژێرخان و گەشتیارییە. (ستراتفۆر) پێشبینی دەکات هەوڵەکانی ریاز بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو پڕۆژەیە بەردەوام دەبێ، هەرچەند گازندەکانی هاووڵاتیان سەبارەت بە "نیشتەجێکردن، مووچە و ئاستی ژیان، حکومەت ناچار دەکات دەست بۆ خەزێنەی حکومەتی بەرێ بۆ ئەوەی نارەزایەتییەکان هێور بکاتەوە".

## بڵاوبوونەوەی قەیرانی سووریا بە ناوچەکەدا

شەڕی نێوخۆی حەوت ساڵەی سووریا بەرەو قۆناغی کۆتایی خۆی هەنگاو دەنێ، لە کاتێکدا زۆربەی ئەو ناوچانەی پێشتر بەدەست ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سوننەی سووریاوە بوون ئێستا کەوتوونەتەوە دەست هێزەکانی لایەنگری رژێم. ناوەندی (ستراتفۆر) کە بارەگای سەرەکی لە تێکساسە، پێیوایە لەم قۆناغەدا "پێنج زلهێزەکە (واتە تورکیا، رووسیا، ئێران، ئەمریکا و ئیسرائیل) لەسەر نفووز و چاودێری خۆیان (لە سووریای داهاتوودا) ململانێ دەکەن".

مۆسکۆ سەرمایەگوزارییەکی گەورەی سەربازی، مرۆیی و دیپلۆماتیکی لە شەڕی سووریا و سەرکەوتنی هێزەکانی دیمەشقدا کردووە، لە کاتێکدا ئەم شەڕە دەرفەتی فراوانبوونەوەی پێگەی رووسیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بەهێزتر کردووە، بۆیەش لێکۆڵەرانی ناوەندە ئەمریکییەکە پێیانوایە رووسیا دەستکەوتەکان و ئامێرە سەربازییەکانی خۆی لە سووریا دەپارێزێ، هەرچەند رووسەکان حەزێکی زۆر کەمیان هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ تورکیا، ئەمریکا و ئیسرائیل تووشی شەڕ ببن.

لە حەوت ساڵی رابردوودا، ئێران سەرسەختترین هاوپەیمانی بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریا، بووە، لە کاتێکدا سووریا بەشێکی سەرەکی لە کۆریدەری شیعە و پاراستنی هێڵی پەیوەندی لەگەڵ حیزبوڵڵا پێکدەهێنێ. ناوەندی (ستراتفۆر) پێشبینی دەکات هەوڵەکانی تاران بۆ پشتگیری لە ئەسەد توندتر ببن، بەتایبەتیش ئەو هەوڵانەی دژی بەرژەوەندییەکانی تورکیا و واشنتن لە سووریا.

بەگوێرەی راپۆرتەکە هەوڵەکانی واشنتن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران بەردەوام دەبن، بەڵام ئەم هەوڵە "گرژی لە نێوان ئەمریکا و رووسیاش دروستدەکات، لەبەر ئەوەی رووسیا ناتوانێ و نایەوێ ئێران (لە سووریا) دەربکات". لە هەمانکاتدا سەرهەڵدانی "رووداوی سەربازی لە نێوان هێزەکانی ئەمریکا و رووسیاش ئەگەرێکی دوور نییە".

تورکیا لە یەک ساڵی رابردوودا دوو ئامانجی سەرەکیی لە سووریا پەیڕەوکردووە کە یەکەمیان جڵەوکردن و لاوازکردنی هێزە کوردییەکانی رۆژئاوای کوردستانە و ئەوەی دیکەیان پاراستنی ئۆپۆزیسیۆنی سوننەیە لە ئدلیب. ئامانجی یەکەمیان دژی ئامانجێکی ستراتیژی ئەمریکا لە سووریا دەوەستێتەوە کە لەناوبردنی دوایین شانەکانی داعشە لە سووریا. ئامانجی دووەمیشیان پێچەوانەی ئامانجی درێژخایەنی سووریا، ئێران و رووسیایە. (ستراتفۆر) بە دووری نازانێ لە ساڵی 2019دا ئەگەر شەڕی نێوان دەوڵەتان لە سووریا لە هەمووکاتێک زیاتر بێ، هەرچەندە هەموو وڵاتەکان هەوڵدەدەن خۆیان لەو ئەگەرە بەدوور بگرن.

## تورکیا.. راستکردنەوەی ئابوورییەکی لاواز

لە ساڵی 2018دا، تورکیا ساڵێکی ئابووریی سەختی بەڕێکرد، ناوەندە ئەمریکییەکە پێیوایە "رەجەب تەیب ئەردۆغان کارەکانی خۆی لە 2019 کەمدەکاتەوە بۆ ئەوەی بەوە رابگات ئابووریی تورکیا سەقامگیر بکاتەوە". لە کاتێکدا ناچارە پێش هەڵبژاردنەکانی شارەوانی لە بەهاری 2019 خەم لە پێگەی جەماوەریی خۆی و حیزبەکەی بخوات.

بەپێی راپۆرتەکە، مەترسییەکانی گوشاری ئابووریی واشنتن و بەرزکردنەوەی وەبەرهێنانی بیانی، ئەنقەرە ناچار دەکات پەیوەندییە سەقامگیرە ئابوورییەکانی لەگەڵ ئەورووپادا بپارێزێ. بەڵام لە پاڵ ئەو خەمە نێوخۆییە، ئەنقەرە هەوڵی جڵەوکردنی بزووتنەوەی ئۆتۆنۆمیخوازی کوردی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمراتورییەتی عوسمانی دەدات"، واتە تورکیا و سووریا و عێراق.

### هەندێک لە پێشبینییەکانی ستراتفۆر بۆ 2019:

- ئێران مووشەکی بالستیک تاقی دەکاتەوە یان دەست بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی دەکاتەوە.
- پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ ئابووری و سەربازیی ریاز کەم دەبێتەوە.
- ململانێی زلهێزەکان لەسەر داهاتووی سووریا بەردەوام دەبێ.
- ئەگەری پێکدادانی سەربازی لە نێوان هێزەکانی ئەمریکا و رووسیا لە سووریا هەیە.
- ئەردۆغان ئابووریی تورکیا سەقامگیر دەکاتەوە.
- هەوڵەکانی تورکیا بۆ جڵەوکردنی کورد لە تورکیا و عێراق و سووریا بەردەوام دەبن.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# ئێستا کاتی پرۆژەکەی تاڵەبانییە

لە دوای کەوتنی سەدام و گەڕانەوەی کورد بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، لەنێوان کورد و بەغدا، کورد و عەرەبی ناوچەکە، کورد و تورکمان، لەنێوان ئەم تەرەفانەی کێشەکە و ئەمریکا، تێڕوانینی جیاجیا دروست بوون بۆ چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە. هەروەها لەنێو حیزبە کوردستانییەکان و لەنێو یەک حیزبیشدا ئاراستەی جۆراوجۆر پەیدابوون لەبارەی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی کێشەکان. سەرئەنجام دوای چەندین مانگ لە گفتوگۆی چڕوپڕی نێوانیان، لەسەر ئەو شێوازە ڕێککەوتن کە لە مادەی 58ی یاسای کاتی و دواتر لە دەستووری هەمیشەیی لە مادەی 140 دا چەسپێنرا.

ئەوەی وەک قۆناغبەندی بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140 دیاری کرا، بریتی بوو لە (ئاساییکردنەوە، سەرژمێری، پاشان راپرسی). بۆ هەریەکیان کۆمەڵێک ڕێکاری پێویست هەبوون کە دەبوو حکومەت و سەرۆکایەتی کۆمار بیگرنەبەر. مالیکی لە کارنامەی حکومەتەکەیدا جۆرێک لە پابەندێتی کابینەکەی بۆ ئەرکە دەستوورییەکانی تایبەت بەم پرسە نیشاندا، لیژنەی پێکهێنا، بودجەی تەرخان کرد و بەچەند قۆناغێک بەشێکی کەم لە پرۆسەکە بەڕێوەچوو. لێکەوتەکانی قۆناغی یەکەمی ئاساییکردنەوە، لە ناردنەوەی عەرەب و گەڕانەوەی کورد بۆ زێدی خۆیان، ئاستەنگی هێنایە پێش. دەستوەردانی هەرێمایەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان پرۆسەکەی تووشی چەقبەستن کرد و پاساوی دا بەدەستی بەغداوە کە خۆی لە بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی بدزێتەوە.

ئەوەی پەیوەندی بە سەرۆک کۆمارەوە هەبوو وەک ئەرکێکی دەستووری و لە چوارچێوەی قۆناغی ئاساییکردنەوەدا، دەبوو سەرۆک کۆمار پرۆژەیەک بداتە پەرلەمان بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو گۆڕانکارییە ئیدارییانەی لەو ناوچانەدا بە ئامانجی گۆڕینی دیمۆگرافیا لە دوای ساڵی 1968 وە کرابوون. پێویست بوو مام جەلال ئەمە بکات. بەڵام لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی لەکاتی خۆیدا پرۆژەکەی پێشکەش نەکرد. یەکەمیان لەبەر ئەوەی ئەو خولەی سەرۆکایەتی کۆمار، سەرۆک و هەردوو جێگرەکەی مافی ڤیتۆیان هەبوو، بەپێی دەستووریش دەبوو پرۆژەکە بە ڕەزامەندی هەرسێکیان پێشکەش بکرێت. عەرەبی سوننە و تورکمان دژی ئەم قۆناغەی ئاساییکردنەوە بوون و تارق هاشمی بە پشتیوانی ناوخۆیی عەرەبی سوننە و بە هاندانی تورکیا و وڵاتە عەرەبییەکان ڕێگری بەردەمی بوو، هەرچەندە ڕەخنەیەکی زۆریش ئاراستەی تاڵەبانی دەکرا کە ئەم باسەی لە هیچ کۆبوونەوەیەکی سەرۆکایەتیدا نەکردووەتەوە. هۆکاری دووەمیش پەیوەندی بەجیاوازیی تێڕوانینی ناو سەرکردایەتی یەکێتییەوە هەبوو.

هەر لە سەرەتاوە دوو ئاراستەی بیرکردنەوەی جیاواز لەناو سەرکردایەتی یەکێتی هەبوو بۆ چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەی ئەم ناوچانە، بەتایبەتیش کەرکووک. ئاراستەیەکیان پێیانوابوو کە هەلومەرج لەبارە بۆ ئەوەی بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی دروست و پێشکەشکردنی نموونەیەکی باش لە بەڕێوەبردنی کەرکووک و مامەڵەیەکی واقیعی لەگەڵ پێکهاتەکانی تر، کەرکووک بخرێتەوە سەر کوردستان، پێویست ناکات ئێمە بەشێکی تر لە جوگرافیای هەرێم بخەینەوە ژێردەستی بەغدا کە دوور نییە مەیلێک لای بەغدا دروست بکات زیاتر چاو ببرنە کەرکووک و لەمپەری زیاتر بهێننە پێش گەڕانەوەی، ئەوکات نەک کەرکووک، ئێمە پانتاییەکی تری جوگرافیش لەدەست دەدەین. هەروەها بەهۆی بوونی سامانی نەوت و غاز لە چەمچەماڵ، چاویان لەوە بوو چەمچەماڵ ببێتە بناغەیەکی پتەوی ئابووری بۆ داهاتووی سلێمانی. ئەم ئاراستەیەش گوشاریان دەخستە سەر مام جەلال کە نابێ چەمچەماڵ و کفری و کەلار بخرێنەوە سەر کەرکووک.

مام جەلال لە وەرگرتنەوەی خولی دووەمی پۆستی سەرۆک کۆماردا دەستکراوەتر بوو، بەهۆی ئەوەی ئەمجارە ئەو ڕێگرییە دەستوورییەی لەبەردەم نەما کە مافی ڤیتۆی دەدایە جێگرەکانی، لەناو حیزبەکەشی بەهۆی جیابوونەوەی باڵی ریفۆرم لە یەکێتی، دەسەڵاتی فراوانتر بووبوو بەسەر حیزبەکەیدا. چەندجارێکیش لەناوخۆی کوردستان لە ئاستی زۆر باڵا ئەو ڕەخنەیە ڕووبەڕووی تاڵەبانی کرایەوە کە هۆکاری جێبەجێنەکردنی مادەی 140 بووە، هەروەها مالیکی سەرۆک وەزیرانیش لە وەڵامی هەمان ڕەخنەدا بەرپرسیارێتییەکەی لەسەر خۆی لادا و گوتی ئەوەی ئەرکی ئێمەیە کردوومانە و ئێستا بابەتەکە لای سەرۆک کۆمارە. بۆیە لە کۆتایی مانگی 10ی ساڵی 2011 لەژێر کۆمەڵێک گوشاردا و دوای زیاتر لە سێ ساڵ لە تێپەڕینی وادەی خۆی، مام جەلال پرۆژەکەی پێشەکەش بە پەرلەمان کرد. ئەوکات بەندە یەکێک لە نەیارەکانی ئەو پرۆژەیە بووم و بە وتارێک داوام کرد (هاوپەیمانی، دەنگ مەدەنە پرۆژەکەی تاڵەبانی)، هۆکارەکانیشیم ڕوونکردبووەوە و تا ئەندازەیەک کاریگەری لەسەر گۆڕینی تێڕوانینەکان هەبوو.

لە کۆتایی ساڵی 2011وە تا 16ی ئۆکتۆبەری 2017، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەژموونی کورد لەڕووی سیاسی و ئیداری و ئابووری و سەربازییەوە بەسەر کەرکووکدا زاڵ دەبوو. دەرفەت و هەلومەرجی ئەوە ڕەخسابوو کە کورد ڕێککەوتنێکی تری سیاسی لەگەڵ عەرەب و تورکمان بکات بۆ ئەوەی کەرکووک بخرێتە ناو چوارچێوەی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام ئەنجامی کەڵەکەبوونی کۆمەڵێک کێشە و بەهۆی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە کەرکووک گەڕێندرایەوە چوارگۆشەی یەکەم. ئێستا کەرکووک و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی هەرێم، هاوشێوەی سەردەمی سەدام لەبەردەم هەڕەشە و مەترسی پاکتاوی ڕەگەزیدایە.

ئایا ئێستا کاتەکەی گونجاو نییە بۆ ئەوەی کورد لە پەرلەمانی عێراق کار لەسەر ئەو پرۆژەیەی تاڵەبانی بکات بۆ ئەوەی ئەو دەستکارییە ئیدارییانەی بە مەبەستی پاکتاوی ڕەگەزی کراون بگەڕێندرێنەوە شوێنی خۆیان؟ بەتایبەت کە ئێستا ڕێگرییەکانی بەردەمی وەک پێشتر نەماون. پێشتر سوننە و تورکمان زۆر دژی ئەو پرۆژەیە بوون، تورکمان لەبەر کەرکووک و عەرەبی سوننە بەهەمان هۆکار و لەبەر ئەوەش کە تەواوی ناوچە سوننییەکان لەچوارچێوەی ئەم پرۆژەیەدا دەستکاری دەکران و جوگرافیای سوننە لە عێراق بچووک دەکرایەوە، چونکە لەسەردەمی بەعس لەسەر حسابی جوگرافیای کورد و شیعە فراوان کرابوون.

دوای لاوازبوونی سوننە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق، ئێستا ناتوانن ڕێگری بکەن، شیعەش بەرژەوەندییان لەوەدایە ئیدارەکانی پێشوویان بۆ بخرێتەوە سەر پارێزگا شیعییەکان و لە بەرانبەریشدا ناوچەی سوننە زۆر بچووک بکرێتەوە. کوردیش بەهۆی ئەو سیاسەتەی بەرانبەر بە کەرکووک و خورماتوو پەیڕەو دەکرێت، بەرژەوەندی لەوەدایە خورماتوو و چەمچەماڵ و کفری و کەلار بخرێنەوە سەر کەرکووک. بەتایبەت لەدوای ئەو دۆخە تایبەتەی لە 16ی ئۆکتۆبەرەوە بۆ کەرکووک دروست بووە بەهۆی هاتنی بە لێشاوی عەرەب بۆ شارەکە.

تەماشا بکەن لە ساڵی 2005 عەرەب و تورکمان رازی نابن هەڵبژاردن لە کەرکووک بکرێت، دوای 16ی ئۆکتۆبەر بە ماوەیەکی کورت لە پەرلەمانی عێراقەوە بڕیاریان لەسەر ئەوەدا کە دەبێت لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەمجارەی پارێزگاکانی عێراقدا لە کەرکووکیش بەڕێوەبچێت، هۆکارەکەی ڕوونە، لەبەر ئەوەیە کە زەمینەی کەمبوونەوەی کورد ڕەخساوە. تەنها ڕێگەیەک بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی کورد و ڕاگرتنی هاوسەنگی لەبەرانبەر سیاسەتی تەعریب ئەوەیە، چەمچەماڵ و کفری و کەلار بخرێنەوە سەر کەرکووک و بەمەش 470 هەزار نفوسی کورد دەچێتە سەر کەرکووک و ڕێژەی کورد تا ئاستی دڵنیایی بەرز دەکاتەوە.

بەڵام ئایا بەهۆی ناکۆکی و ناتەبایی ناو خۆمانەوە، هەروەها بەهۆی شەڕی بەرژەوەندیی حیزبی و شەخسیی نێوان سیاسییەکانەوە، ئەم ڕێگەیەیان بیر ماوە بۆ کەرکووک؟



ئاکۆ محەممەد
ako@rudaw.net

# ڕەسمەن ئینفیسالی بوو

ئوستاد بەشیر موشیر دەیگوت "جەمال بۆیە تۆم زۆر خۆشدەوێت ، چۆنکە تۆ ڕەسمەن ئینفیسالیت"، لە ڕاستیدا ئەوە بەس بوو بۆ ئەوەی مامۆستا جەمال نەبەزت خۆشبوێت ، بەتایبەتی کە ئەو لە چەندین لێکۆڵینەوەی زانستانە و کتێبی تایبەتدا بیری سەربەخۆییخوازیی کوردی خستووەتە چوارچێوەی بیروباوەڕێکی تایبەتەوە کە بە "بیری نەتەوەیی" یاخود بە "قوتابخانەی کوردیی ناسیۆنالیزم" ناوی دەنا، لە کتێبێکیشدا زۆر بە وردی ڕوونیکردەوە کە "بیری نەتەوەیی" چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ بیری قەومییەتی ڕۆژهەڵاتی و ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی .

زۆر کەس لەنێو کورددا هەوڵیانداوە و کاریان کردووە لەپێناو داڕشتنەوەی هەستی کوردی لەچوارچێوەی نووسیندا، بەڵام کاری مامۆستا جەمال نەبەز بەتەواوی پێگەیشتوو بوو، تەوەری سەرەکی کارکردنی ساڵانێکی زۆری بوو کە سەرەتاکەی لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکاندا لە کاژیکنامەوە دەستیپێکرد . کورد بۆ دۆزینەوەی سەرەتاکانی دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی دەگەڕایەوە بۆ دەقەکانی ئەحمەدی خانی، بەڵام زۆرجار ئەوە لەلایەن زۆر لە لێکۆڵینەوانەکانەوە بە هەستێکی شاعیرانە لێکدەدرایەوە. مامۆستا جەمال نەبەز بە چەند کتێبێکی زانستانەی درێژکراوەی یەکتر، بیری نەتەوەیی کوردی لەچوارچێوەیەکی دیاردا داڕشتەوە و خستوویەتییە بەردەستی خوێندەوارانی نەتەوەکەی.

ئەو کتێبانەی مامۆستا جەمال نەبەز کە لە دوای ڕاپەڕین کەوتنە دەست من و کەسانی وەک من لە باشووری کوردستان، زۆر گرانبوون لەڕووی نرخەوە و زۆریش سەختبوون بۆ خوێندنەوە بەهۆی ئەوەی هەموویان کۆپیکراوی چەنددەستکراو بوون. ئەو کتێبانە ئێستاش بە تیراژ و چاپی باشەوە لە کوردستان نەکەوتنە بەردەستی خوێنەران. هەرچەندە زۆر درەنگیشە ، بەڵام دیسانەوەش دڵخۆشم کە دەبینم ئێستا هەندێک کەس دەنووسن : پێویستە بەشێک لە کتێبەکانی مامۆستا جەمال نەبەز بخرێنە نێو پرۆگرامی خوێندنەوە .

مامۆستا جەمال نەبەز هەوڵێکی زۆری دا کە سیستەمی کوردی لە خوێندن و پەروەردەدا هەبێت لە کوردستان. لەبەرئەوەش هەمیشە گفتوگۆیەکی زۆر خەستی لەسەر ئەوە دەکرد کە تەنیا خوێندن بە کوردی بەس نییە ، بەڵکو پێویستە سیستەمی خوێندن و پەروەردە کوردی بێت. لە هەمانکاتدا هەوڵی دەدا زانستەکانیش بە کوردی بخوێنرێن هەر لەوپێناوەشدا لە ساڵی 1960 دا پەرتووکی (سەرەتای میکانیک و خۆماڵەکانی مادده) ی بڵاوکردەوە ، کە یەکەمین کتێبی زانستی فیزیایە بە کوردی . ئەو کتێبەی کاتی خۆی بۆ خوێندکارانی ناوەندی نووسیبوو. هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی کورد یەک ڕێنووس (ڕێنووسی لاتینی) و ڕێزمانێکی هاوبەشیان هەبێت، پێیوابوو بناخەی دروستکردنی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی ئەوەیە. مامۆستا جەمال نەبەز بەتەنیا بوو، پشتیوانی لێنەکرا، هەندێجار دەروێشانی ئایدیۆلۆژیاکانیش زۆر دژایەتییان کرد ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن کاریگەرییەکی زۆربوو ، هەرچەندە مامۆستا جەمال نەبەز ، بەهیوای لەدایکبوونی دەزگای تەواو سەربەخۆ ، خۆی لە قسەکردن لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەپاراست و داوای لەوشێوەیەی ڕەتدەکردنەوە ، لەبەرئەوەش ئەوەی ناسیویانە ئەوانەن کە لە ڕێگەی کتێب و وتارەکانییەوە ناسیویانە .

کتێب و لێکۆڵینەوە زانستییەکانی مامۆستا جەمال نەبەز بە توانایی و زیرەکی ئەو مرۆڤەیان ئاشنا دەکردی، بەڵام کە ئاشنایەتی ڕاستەوخۆت لەگەڵدا پەیدا دەکرد ، گەورەیی ئەو مرۆڤەت زیاتر بۆ دەردەکەوت. هیچ پێشمەرگەیەکی ئاوارەبوو بۆ ئەورووپا و هیچ سیاسەتکارێکی کورد نییە کە چووبێتە شوێنێک مامۆستا جەمال نەبەز کاری لەوێ هەبووبێت و هاوکاری نەبووبێت. هیچ ڕێکخراوێکی پیشەیی کوردی نییە لە ئەورووپا ، پێویستیان بە مامۆستا جەمال نەبەز بووبێت و یارمەتی نەدابن. مرۆڤێکی دەستکراوەی هەمیشە حەز لە سەربەرزی بوو ، بۆیەش بە درێژایی تەمەنی سەربەرزانە ژیا .

من یەکەمجار لەساڵی 1999 ، دوای وەرگرتنی ژمارەی تەلەفۆنەکەی لە بەهەشتی د.مارف خەزنەدار ، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە قسەم لەگەڵ کرد . دوای ئەوە لە ساڵی 2000دا بەردەوام وتارەکانی بۆ ڕۆژنامەی (میدیا) دەناردن. وتارەکانی سەنگ و ڕەواجێکی زۆر گەورەتریان داببوو ڕۆژنامەی میدیا ، هەروەها نەوەی نوێش ئاشنای بۆچوونەکانی مامۆستا جەمال نەبەز بوون . من خۆم وەک سەرنووسەری میدیا ، زۆر دڵخۆشبووم کە مامۆستا جەمال نەبەز وتارەکانی بۆ دەناردین ، بەڵام لەهەمانکاتدا هەستمدەکرد کە دەبێ مامۆستا جەمال لەجیاتی ئەو وتارە بیرەوەرییەکانی و لێکۆڵینەوەی زانستانە لەسەر ئەو بوارانە بنووسێت کە بەڕاستی لەنێو کورددا کەسانی دیکە تواناییان بەسەردا ناشکێت ، چەند جارێک ئەوەم پێگوت ، دەیگوت ڕاستە ، بەڵام ئەوەش پێویستە کە لەسەر ڕووداوە هەنووکەییەکان بنووسرێت . دوای نەمانم لە ڕۆژنامەی میدیا، کتێبێکی لەسەر بنەچەی وشە کوردییەکان و لێکۆڵینەوەیەکی زانستانەی لەسەر یارسانەکان نووسی ، کە بەڕاستی دوو کاری زۆر نموونەیین .هەروەها دوو پاشکۆی تایبەت بە دوو بیرەوەری گرنگی لە ڕۆژنامەی (ڕووداو)دا بڵاوکردنەوە ، کە تێیدا زۆر ڕووداو ڕووندەکاتەوە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا .

لە مانگی نیسانی 2006 بۆ یەکەمجار لە بەرلین ڕاستەوخۆ مامۆستا جەمال نەبەزم بینی ، ئەوە ڕۆژێکی زۆر خۆشبوو بۆ من . شەو دەبووایە پێکەوە دابنیشین ، دوای ئەوەی نانی ئێوارەمان خوارد ، هەندێک پارەی بۆ خەرجییەکانی من خستبووە زەرفێکەوە ، لەگەڵ بلیتێکی یەک مانگەی ترێن لە ئەڵمانیا . زۆرم هەوڵدا قەناعەتی پێبێنم وەرینەگرم ، بەڵام نەمتوانی بەسەر پێداگیرییەکەیدا سەرکەوم . کە گەڕامەوە کوردستان ، هەندێک پارەی دیکەم خستە سەر پارەی ناو زەرفەکەی مامۆستا جەمال نەبەز و کتێبی (کێشەی کورد ، لەبەر گڕی ئاگردانی شەڕی عێراق و ئێران دا) ، ئینجا سێ پەرتۆکی دیکەشمان بۆ چاپکرد.

دوای ئەوە دوو جاری دیکە مامۆستا جەمال نەبەزم بینییەوە ، جاری دووەم لە پێشانگەی کتێب بوو لە فرانکفۆرت لەساڵی 2013 ، کە ئێمە وەک ڕووداو زیاتر لەبەر ئارەزووی ئەو بەشداریمان کرد و بە درێژایی ئەو چوار ڕۆژە تاوەکو شەو بەیەکەوە بووین ، جاری دواییشیان لە شاری کۆڵن بوو ، کە بەتایبەت لە بەرلینەوە هات بۆ بینینی ئێمە و دواتریش یەکسەر گەڕایەوە بۆ بەرلین . هەموو ئەو جارانەش پێکەوە نانمان دەخوارد ، جاری وابووە زۆربووین ، بەڵام هەمیشە ئەو پارەی هەمووانی دەدا ، لەکاتێکدا ئەو هیچ مووچەیەکی نەبوو و بە کاری زانستانە و وەرگێڕان دەژیا . لەگەڵ هەموو خەڵکیشدا هەرواببوو ، نەیدەهێشت یەک نانیش بە ڕەنجی کەسێکی دیکە بخوات . لەبەرئەوەش مامۆستا جەمال نەبەز هیچ سامانێکی دارایی بەجێنەهێشت ، بەڵام بیری نەتەوەیی و سامانێکی گەورەی نووسراوی بۆ بەجێهێشتین.

ماڵئاوا مامۆستا گیان و ڕووحت شاد .



عەبدوڵڵا ڕێشاوی
abdulla.reshawi@gmail.com

# خاک بەرامبەر بە ماف

کورد لە هەرێمی کوردستان لەپاش 2003 وە تاوەکو ئێستا نەک هەر نەیتوانی ئەو ناوچانەی بە ناوچەی ناکۆکی لەسەر ناسراون بگەڕێنێتەوە، بگرە ئەگەر کار ئاوا بڕوات جارێکی دی مێژوو بەشێوەیەکی کۆمیدی خۆی دووبارە دەکاتەوە و هەمدیسانەوە کورد بەو مافانە ناگات کە بەمافی ڕەوا و مێژوویی خۆی دەزانێت.

ئەم شکستە مێژووییەی کورد بەشێکی پەیوەستە بەو دەردە مێژووییەوە کە دەردی ناکۆکیی ناوخۆییە و ئەمە تاڕادەیەک بەڵگەنەویستە، بەڵام بەشێکی گەورەشی پەیوەستە بە لاوازیی هونەری سیاسەتکردنەوە لەلای سەرکردەکانی کورد.

عەقڵیەتی سیاسی کوردستانی لە تێڕوانینیدا بۆ مەسەلەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، گیرۆدەی گرێی مێژووە.

لەڕاستیدا پێویست بوو کورد ئەزموونی پاش 2003 بە هەمان عەقڵیەتی شەستەکان و پێشتریش بەڕێوە نەبات، بەڵام مێنتاڵیتی سیاسیی کوردی، لە پەیوەست بەم بابەتەدا، لە مێژوودا گیری کردووە و نەیتوانیوە لەپێناوی بردنەوەی واقیع، بەشێک لە مێژوو بکاتە قوربانی.

کورد بۆ بردنەوەی ئێستا، دەبێت لە ئێستادا بیربکاتەوە و واز لە خەونی مێژوویی بهێنێ، لەڕاستیشدا هەر بردنەوەی ئێستا و بیرکردنەوەیە لەئێستادا کە دەتوانێت ئەوەی پێی دەڵێین خەون و مێژوو، بباتەوە.

سنووری دەوڵەتی کوردستان لە عەقڵی زۆرینەی شۆڕشگێڕانی کورددا، سنوورێکی واقیعی جیۆپۆلیتیکی دیفاکتۆ نییە، بەڵکو سنوورێکی مێژوویی نەگۆڕە و لە خەوندایە، نەک لە واقیعدا.

پەکەکە بە ڕێبەرایەتی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، لەو قۆناغەدا کە باوەڕیان بە دەوڵەتی کوردستان هەبوو پێش قۆناغی "خۆسەریی دیموکراتیک"، پێیانوابوو کورد ستان پارچە پارچە ناکرێت و خەونی ئەوان بۆ دەوڵەتی کوردستان، نەخشە مێژووییەکەی کوردستانی گەورە بوو، هەر بەر مەبنای ئەم خەونەش، دانیان بە ئەزموونی حوکمڕانیی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان نەدەنا و لەسەرەتای دروستبوونی ئەم قەوارەیەوە هێندەی تورکیا، پەکەکەش کێشەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبوو.

ئەو عەقڵییەتەش کە پێی گرنگترە هەرێمی کوردستان بە باشووری کوردستان ناوزەد بکات لەکاتێکدا (هەرێم) دانپێدانراوێکی سیاسییە و لە زاراوەی "باشوور" پێشکەوتووترە، هەر دیوێکی تری ئەو مێنتاڵیتیە سیاسییەیە کە زیاتر میتافیزیکیانە دەسوورێتەوە نەک فیزیکی و واقیعیانە، زیاتر لە مێژوودا دەژی نەک لە ئێستادا.

ئەم مێنتاڵیتیە خەونپەروەرە، لەناو سیاسییەکانی ئێمەدا هەمیشە ئامادەیی هەبووە و زۆر جاریش قوربانی بە دەستکەوتی بەردەست داوە بۆ خەونی گەورەتر.

بۆنموونە هیچکات نەیانتوانیوە، بەبێ کەرکووک، یان بەبێ خانەقین و مەندەلی و جەلەولا وێنای سنووری دەسەڵات و حوکمڕانی بکەن و ببینن.

هەموومان دەزانین کە زۆرینەی شکستی دانوستاندنەکانی کورد لەگەڵ ناوەند و شکستی شۆڕش بەهۆی کەرکووکەوە بووە، بە زمانێکی تر، بەهۆی قبوڵنەکردنی سنوورێکی دانپێدانراو لە دەرەوەی سنووری مێژوویی و خەونی مێژوویی.

بێگومان لەوانەیە بەهۆی جێکەوتە ستراتیژیەکەیەوە، لەوە تێبگەین و حەق بە سیاسییەکانی کورد بدەین، لەوەدا کە دەستبەرداری کەرکووک نەبوون، بە ڕادەیەک کە تەنانەت شۆڕشیشیان بۆ کەرکووک کردووە بە قوربانی و دەستبەرداری شۆڕش و دەستکەوت بوون لەپێناوی کەرکووک.

بەڵام ئایا ئەو عەقڵیەتەی کە نایەوێت دەستبەرداری هیچ شتێک ببێت و دەیەوێت هەموو شتێک بەو شێوەیە بەرێتەوە کە لە خەونی ئەودایە، ئایا ئەم عەقڵیەتە واقیعییە؟

لەپاش 2003 وە کورد هەر بەم عەقڵییەتە ئایدیاڵییە ناواقیعییەوە تەماشای ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی کردووە و بە خەونێکی مێژووییەوە لە بست بە بستی ئەم ناوچانەی ڕوانیوە و پێیوابووە لە نەخشەی عوسمانیەکاندا سنووری کوردستان لە کوێ بووە، لە چوارچێوەی هەرێمیشدا هەردەبێت تا ئەو شوێنە بێت!

ئەمەش بێگومان لەبارە تیۆرییەکەیدا، دەنا لەڕووی پراکتیکیەوە ئێمە دەزانین ئەم هێزانە چەندە شایانی ڕەخنەی ئەخلاقین و بە گەندەڵی وناکۆکییەکانیان چەندە ناحەقییان بەرامبەر ئەو ناوچانە کردووە، بەڵام لێرەدا نووسینەکەی ئێمە بەم ئاراستەیەدا ناڕوات.

ئەم عەقڵییەتە کوردستانیەی کار لەسەر گەڕاندنەوەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دەکات، عەقڵیەتێکی دانوستاندنکار نییە و توانای بردنەوەی هیچی نییە، چونکە لەلایەن خۆیەوە ئامادەی بەخشینی هیچ نییە، عەقڵیەتێکیش ئامادەی "دان" نەبێت"ستاندن"ی دەستناکەوێت.

لەلای ئەم عەقڵییەتە سیاسییە ئەوە مێژووە جوگرافیا دیاری دەکات، نەک باڵانسی هێز، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە و ئەوەی جوگرافیا و نەخشی سنوور دەکێشێت باڵانسی هێزە، نەک مێژوو، ئەوەی ماف بەدەستدێنێ هێزە، نەک تێکست.

عەقڵیەتی سیاسی کوردستانی پێویستە لە مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکاندا خاوەنی دیدگایەکی واقیعی بێت، نەک مێژوویی و ئایدیاڵیستی.

دەبێت ئەم عەقڵیەتە ئامادەی دانوستاندن و گفتوگۆ بێت، نەخشە و سنوورەکان بەپێی جێکەوتە و لێکەوتە و باڵانسی هێز و بۆلوانەکانی ئێستا دیاری بکات، نەک بەچاوی خەونە مێژووییەکان و سنوورە مێژووییەکانەوە.

ئەوەی لە بیرکردنەوەی سیاسیی کوردیدا دەبێت بگۆڕێت، ئەوەیە کە مێژوو جوگرافیا دەگۆڕێت، نەک دەیچەسپێنێت.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، کورد دەیتوانی بۆ بەدەستهێنانەوەی بەشێکی گرنگ لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دەستبەرداری بەشی دیکە لەو ناوچانە ببێت.

واتە لەسەر بنەمای سنوورێکی تازە لەگەڵ ناوەند ڕێکبکەوێت، لە حاڵێکی واشدا هەموو ماف و ئیمتیازاتێکی کوردانی شوێنە لەدەستچووەکان دەکرا لە سنوورە نوێیەکەدا قەرەبوو بکرێتەوە، بەمەش دەگوترێت خاک بەرامبەر بە ماف.

جا داخۆ کورد بەشی ئەوە توانای لە عێراقدا ماوە ئەم جۆرە چارەسەرانە لەگەڵ ناوەند بخاتە دانوستاندنەوە، یان چیدی کورد هێزی دانوستاندنی لە عێراقدا نییە و ئێمەش "کا بە با" دەکەین؟



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# یەکەمجار نێچیرڤان بارزانی سوێند دەخوات

1

ئاراستەی دانوستاندنی پارتی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان، دوای ڕاگەیاندنی ناوی بەربژێرەکانی پارتی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەت، بریتییە لەوەی بە خێرایی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دیاری بکرێت کە لەوەشیاندا سەرۆکایەتیی پەرلەمان بۆ یەکێتی یەکلا بووەتەوە و جێگرێک بۆ پارتی و یەکێکیش بۆ پێکهاتەی تورکمانە. هەنگاوی دوای ئەوە، زیندووکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانە، هەمان یاسای ژمارە یەکی ساڵی 2005 کە سەرۆک بارزانی لە پەرلەمانەوە (12ی حوزەیرانی 2005) پێی هەڵبژێردرا. بەپێی ئەو یاسایە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرباری ئەوەی کە لە پەرلەمانی کوردستانیشەوە هەڵدەبژێردرێت، تەشریفاتی نین و جگە لە دەسەڵاتەکانی دیکەی ناو یاساکە، سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی باڵای ڕاپەڕاندنە، فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەیە و، لەکاتی پێویستیشدا سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران دەکات. بۆیە پارتی پێداگری لەسەر ئەو یاسایە دەکات (تا نووسینەوەی دەستووری کوردستان) و، بۆ گۆڕان و حزبەکانی دیکەش کە داوای سیستەمی پەرلەمانییان دەکرد، دەبێتە دەستکەوت.

ئەڵبەتە مەبەست لە کاراکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم تەنها یاساکە نییە، بگرە زیندووکردنەوەی ئەو پرۆسەیەیە کە پێش هەڵپەساردن و دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم بەرقەرار بوو. بۆیە دوای هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، ڕەنگبێ پەرلەمان تەنها بەربژێری حزبی براوە دیاری بکات و سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری کەس بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕانەسپێرێت و چاوەڕێی ئەوە بکرێت کە هەرکاتێک نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی خوارد (کە ئەوکاتە هەموو دەسەڵاتەکانی بۆ دەگەڕێتەوە)، بەپێی حوکمەکانی ناو یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، ئەو بەربژێری پارتی دیموکراتی کوردستان مەسروور بارزانی وەکو پاڵێوراوی پەرلەمان بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم لە ماوەی 30 ڕۆژدا ڕابسپێرێت. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێش پێکهێنانی کابینەی نۆیەم سوێندی یاسایی دەخوات.

## سەرۆکی هەرێمی کوردستان جێگری دەبێت؟

2

دوای ڕاگەیاندنی ئەوەی کە پارتی دەیەوێ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان کارا بکاتەوە (ئەڵبەتە بەپێی یاسای ژمارە 1ی 2005)، هەم یەکێتی و هەم گۆڕانیش پێشوازییان لێکرد. بۆ گۆڕان سەرکەوتنە کە سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت و، بۆ یەکێتیش مانای وایە کە پۆستێکی دیکەیان لە کوردستان بۆ زیاد دەبێ، چونکە پۆستەکانی ئێستا بەشی ڕازیکردنی هەموویان ناکات! سەرباری ئەوەی کە ئێستا هەم لە بزووتنەوەی گۆڕان و هەم لە یەکێتی ناوی کەسانێک بۆ جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان دێن، بەڵام پارتی بە نیاز نییە لە هەنگاوی یەکەمدا و تا کۆتاییهاتنی کاراکردنەوە و سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم لەسەر هیچ ناو یان کەسێک بڕیاری کۆتایی بدات. بە واتایەکی دیکە "دامەزراندنی" جێگرێک بۆ فەرمانداری گشتیی هێزی پێشمەرگە کە تەنها بۆ ئەو بوارەیە، پەیوەستە بەوەی کە لایەنەکانی گۆڕان و یەکێتی لە مەسەلەی کاراکردنەوەی یاسای ژمارە یەکی 2005ـەوە چەند پاڵپشتی پارتی دەبن؟ بە حوکمی دابەشبوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەسەر دوو یەکەی 70 و 80، ڕەنگبێ شانسی گۆڕان بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە کەم بێت، بەڵام ئەگەر بۆ یەکێتیش بێت، ئەوا ڕەنگبێ لە داهاتوودا ئەو پۆستە بدرێتە کەسێکی سەربازی نەک سڤیل.

لە حاڵەتێکیشدا کە ئاراستەی گفتوگۆکانی پارتی لەگەڵ لایەنەکان (بەتایبەتی گۆڕان و یەکێتی) بەرەو ئەوە بێت کە بەشێوەی مەبدەئی، سەرۆکی حکومەت یەک جێگری هەبێت و ئەوەش بۆ یەکێتی بێت، ئەو کاتە بۆ ڕازیکردنی گۆڕانیش دەبێ بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، لە نێوان وەزیری پێشمەرگە و جێگری سەرۆکی هەرێم یەکیان بەر گۆڕان بکەوێت، وەک چۆن یەکێتی بە نیازە لە هەموو دامەزراوە لێکچووەکان (ئەنجوومەنی ئاسایش و وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و دارایی، پەروەردە و خوێندنی باڵا...) لە هەر یەکێکیان یەکێکی بەربکەوێت.

## ڤی ئای پی یان بەرتیل!

3

وەرگرتنی وەزارەتێک لە کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی بۆ یەکێتی بووە بە تەحەددایەکی گەورە، وەک هەمان ئەو تەحەددایەی کە پارتی لە مەسەلەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆماردا کردی. ئەڵبەتە پارتی داوای ئەو وەزارەتە ناکات و هیچ کاندیدێکیشی بۆ ئەو پۆستە نییە (چونکە نایەوێ ببێتە تەرەفی ململانێ تائیفی و مەزهەبییەکان)، بەڵام نایەوێ بەر یەکێتیش بکەوێ. بەوەش دەیەوێ تۆڵە لە یەکێتی بکاتەوە. پارتی حەز ناکات ئەو بابەتە وەک موزایەدەیەکی نەتەوەیی بەسەریدا بشکێتەوە، بۆیە لەو پرۆسەیەدا پشتیوانی لە دوو بژاردە دەکات، یەکەمیان نەتەوەکانی دیکەی وەکو تورکمان، مەسیحی و ئێزدی، دووەمیان ئەگەر بەر کورد بکەوێ، بدرێت بە بزووتنەوەی گۆڕان. ئەگەر پارتی بتوانێ ئەوە بۆ گۆڕان مسۆگەر بکات، هەم تۆڵەی تەزویری بۆ دەکاتەوە و هەمیش بۆ پێکهێنانی کابینەی داهاتوو، بناغەی سەردەمێکی نوێ لە کاری هاوبەش لە نێوانیاندا دروست دەکات.

خۆ ئەگەر وەزارەتەکە بەر یەکێتیش بکەوێ، هێندەی دیکە گۆڕان مکوڕتر دەکات لەوەی کە بەشداریی کارا لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکات.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# مانگە هەنگوینییەکەی پەکەکە و یەکێتی

بڕیاری قەدەغەکردنی تەڤگەرە سێبەرەکەی پەکەکە لە زۆنی سەوز ڕووداوێکی نوێ نەبوو، چونکە لەدوای ڕاپەڕین و لە کۆتاییەکانی شەڕی پارتی و یەکێتی و لە زۆر قۆناغی دیکەدا یەکێتی شەڕی دژی پەکەکە کردووە. بڕواناکەم کەسی ئاگادار هەبێت وتارە بەنێوبانگەکەی مام جەلالی لەبیرچووبێتەوە کە لە پەرلەمانی کوردستان بۆ قایلکردنی لایەنەکان بۆ دەرکردنی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان دای. ڕاستییەکەی بەدرێژایی ساڵانی ڕابردووش پەیوەندییە بە ڕواڵەت باشەکەی یەکێتی و پەکەکە مانگێکی هەنگوینی بوو کە دەبووایە کۆتایی بێت دوای ئەوەی ئێران بۆ لاوازهێشتنەوەی پارتی و سنووردارکردنی کاریگەریی بارزانییەکان بەسەر بەشەکانی کوردستانەوە بەکاری هێنا. بەڵام ئێستا چی گۆڕاوە کە یەکێتییە نوێیەکان دەگەڕێنەوە سەر ڕێبازی مام جەلال و دژی ئەو هێزە ڕادەوەستنەوە کە چیرۆکی خەیاڵییان بۆ دەهۆنییەوە و گوایە بە ئاسماندا هێزیان دەنارد بۆ عەفرین تا بەرگرییان لێبکەن؟

هۆی یەکەم مەسەلەی فڕۆکەخانەی سلێمانییە، بەڵام بەو تێگەیشتنەوە نا کە زۆرمان لەسەری هەمانە. تورکیا لە ساڵانی نیگەرانیدا لە پشتیوانیی یەکێتی لە پەکەکە، بژارەی سزادان یان گوشارخستنە سەر یەکێتیی کەم بوو، بەڵام بیرۆکەی داخستنی ئاسمانی کوردستان و لەگەڵیدا سلێمانیش هەلێکی زێڕین بوو بۆی تا بە بەردێک دوو چۆلەکە بکوژێ. لەلایەکەوە بۆ نێوخۆ وەک کاردانەوەیەک دژی گشتپرسی لێکدرایەوە و دواتر ئەردۆغان لە گۆڕینی سیستەمی سەرۆکایەتیدا بەرهەمەکەی چنییەوە، لەلایەکی دیکەشەوە یەکێک لە شادەمارەکانی داهاتی یەکێتیی کەوتە دەست و تا ڕادەی وشککردنی برد. هەرچەندە دەگوترێ داهاتی فڕۆکەخانەکان دەچێتەوە بۆ حکومەت، بەڵام وەک کەسێکی زۆر ئاگاداری گۆڕان بۆی باسکردم، داهاتی فڕۆکەخانەی سلێمانی کەمتر لە بیست لە سەتی ئاشکرایە و دەچێتەوە بۆ حکومەت، ئەویدیکەی بۆ یەکێتییە. کەواتە هەرچەندە قەبارەی کەتنەکە بچووکترە بەڵام دەتوانین بڵێین وەکچۆن لە شازدەی ئۆکتۆبەردا کەرکووک بە چەند تەنکەرێک نەوت گۆڕدرایەوە، ئەمجارەش یەکێتی هاوپەیمانەکەی خۆی بە گەڕاندنەوەی چەند دۆلارێکی فڕۆکەخانەی سلێمانی گۆڕیوەتەوە.

هۆی دووەم ئەوەیە کە یەکێتی لەسەرەتاوە لەو دۆستایەتییەی لەگەڵ پەکەکە تووشی سەرئێشە ببوو. چونکە پەکەکە بە سوودوەرگرتن لەو دۆستایەتییە لە ناوچەکانی پشدەر و بیتوێن و هەڵەبجە و پێنجوێن و تەنانەت گەرمیانیش جگە لە ئیشی ڕێکخستن، بەردەوامیش بوون لە بردنی مێردمنداڵی باشوور بۆ نێو ڕیزەکانیان، زۆرجار کەسوکاری ئەو مێردمنداڵانە کادیری باڵای یەکێتیش بوون. ئەم بابەتە لەبەر هەستیارییەکەی زۆر بەکەمی بایەخی میدیایی وەرگرت، بەڵام من خۆم کەیسم لەلایە کە لە زۆنی سەوز ڕوویداوە.

سەرئێشەیەکی دیکە کە پەکەکە بۆ یەکێتیی دروستکرد، لەکاتی خۆپیشاندانەکانی ساڵانی ڕابردوودا بوو کە زۆرجار ڕێکخستنەکانی پەکەکە توندتر لەوانەی گۆڕان پشێوییان دەنایەوە و دۆخەکەیان لە یەکێتیی هاوپەیمانیان کە دەسەڵاتداری ناوچەکە بوو، ئاڵۆزتر دەکرد. کار گەیشتە ئەوەی لە هەندێک لەو ناوچانەدا هەڕەشەی جاڕدانی هەرێمی خۆبەڕێوەبەریش بکەن. بە سنووردارکردنی چالاکییەکانی تەڤگەرەکەی پەکەکە، یەکێتی دەیەوێ سەقامگیری بگێڕێتەوە بۆ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی و ڕێگە لە پەلهاویشتنی زیاتری پەکەکە بگرێت لەو ناوچانە.

هەرچەندە هەندێک کەس باسی ڕێککەوتنێکی تاکتیکی دەکەن لەنێوان پەکەکە و یەکێتی بۆ چاوبەستکردنی تورکیا و ڕێگەخۆشکردن بۆ ڕێگەدان بە گەشتە ئاسمانییەکان بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی، بەڵام کەسی ئاگاداری نێو یەکێتی دەڵێن بەپێچەوانەوەیە و یەکێتی بەڵێنی بە تورکیا داوە دەستی پەکەکە لە ناوچەی خۆیدا سنووردار بکات و لە ڕۆژانی داهاتووشدا بەکردەوە ئەمە پیشان بدات.

بەهەر شێوەیەک بێت زۆنی سەوز یان ڕەنگاوڕەنگ لە ساڵانی ڕابردوودا بەهۆی خراپ ئیدارەدان و ئەو هەڵبەز و دابەزانەی بەهۆی جیابوونەوە و باڵباڵێنەکانی نێو یەکێتییەوە تووشی بوو، مەینەتی و ئێشی زۆری بینی. بۆیە باش دەبێ یەکێتی و پەکەکە بە هەڵایساندنی شەڕ و ئاڵۆزی، بەتایبەتیش لە پشدەر، خەڵکی ناوچەکە لەوەی هەیە پەرێشانتر نەکەن. ڕێگەی ڕاستیش ئەوەیە پەکەکە ڕێز لەو دۆخە نوێیە بگرێت کە لە هەرێمی کوردستان دروستبووە و هیچ نەبێت بۆ جارێکیش بێت پشتیوانی بەهێزبوونی حوکمڕانیی باشوور بێت.



ئازاد وەڵدبەگی

# حکومەتی هەرێم و جێگۆڕکێی نوخبە

یەکێک لە بابەتە گرنگەکان لە کۆمەڵناسیی سیاسیدا، جێگۆڕکێی نوخبەیە کە بە یەکێک لە پێوەرە سەرەکییەکانی هەر سیستەمێکی دیموکراسی لە ئاستە باڵاکانی دەسەڵاتی سیاسی و گشتیی وڵات دادەنرێت. هەر سیستەمێکی سیاسی، خاوەنی کۆمەڵێک نوخبەیە کە دەبێت بەپێی بنەما دیموکراسییەکان، لە هەر خولێکدا بەشێکیان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و پاش قۆناغێکی دیاریکراو یان بەهۆی ڕکابەریی سیاسی، گۆڕەپانەکە بۆ کەسانی دیکە چۆڵ بکەن. ئەم جێگۆڕکێیە، دەبێ هەموو ئاستەکانی دەسەڵات و بەرپرسیارێتی بگرێتەوە. لە وڵاتانی گەشەکردوودا، ئەم جێگۆڕکێیە بەهۆی ململانێی حیزبی و ڕکابەری سیاسیی لۆژیکی ئەنجام دەدرێت، بەڵام لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردندا، ئەم جێگۆڕکێیە ڕەنگە بە توندوتیژی و ململانێی خوێناوی کۆتایی بێت.

جێگۆڕکێی نوخبە سێ قازانجی سەرەکی هەیە. یەکەم، ئەو بەرپرس و بەڕێوەبەرانەی کە ئەزموونێکی خراپ و شکستخواردوویان هەیە وەلاوە دەنرێن، دووەم ئەوانەی کە بە هەر هۆکارێک دەرفەتی کاریان پێنەدراوە هەلیان پێدەدرێت خۆیان تاقی بکەنەوە و، سێیەمیش ئەوەیە کە لەم ڕێگەیەوە سیستەمی سیاسی بەردەوام خۆی نوێ دەکاتەوە و کەسانی نوێ پەروەردە دەکات و توانا و پوتانسیەلە نوێیەکان دەخاتەگەڕ و تووشی لاوازیی پسپۆڕی و شارەزایی نابێت و لە هەمان کاتدا ڕەوایی سیاسی خۆی بەهێزتر دەکات. هەروا جێگۆڕکێی نوخبەکان، ڕێگە لە کۆچی نوخبە بۆ دەرەوەی وڵات دەگرێت، چونکە نوخبە لە ئەگەری هەستکردن بە پەراوێزخستنی، بە ناچاری بۆ دەستەبەرکردنی هەل و دەرفەتی باشتر بەرەو دەرەوەی وڵات کۆچ دەکات.

هەروا لە پرۆسەی جێگۆڕکێی نوخبەکاندا، ئاستی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرز دەبێتەوە و لەڕاستیدا جۆرێک لە ڕکابەری لەنێو نوخبەدا دروست دەبێت، بۆ خستنەڕووی باشترین ئاستی کار و چالاکی و خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان. ئەگەر بەرپرس یان بەڕێوەبەرێک دڵنیا بێت لەوەی جێگۆڕکێی پێناکرێت و، کەس شوێنی ئەو ناگرێتەوە، ئەوا دەسەڵاتی خۆی بە هەمیشەیی دەزانێت و ئاستی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لەلای ئەو کەسە لاواز دەبێت، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کواڵیتی و چۆنێتی کاری ئەو دەبێت. بەدەر لەمەش، مانەوەی درێژخایەنی ئەو بەڕێوەبەرە لە پۆستەکەی، زەمینەی باشتر بۆ سەرهەڵدانی گەندەڵی دەڕەخسێنێ کە ئەمەش وەک مۆرانە سیستەمی سیاسی بنکۆڵ دەکات.

گرنگیدان بە بابەتی پەروەردەکردنی نوخبە و دانانی کەسانی شایستە و بە توانا لە پرۆسەی بڕیاردان و پۆستە سیاسی و کارگێڕییەکانی هەر وڵاتێک، بە یەکێک لە پرسە گرنگ و ستراتیژییەکان لە سیستەمە سیاسییەکانی جیهانی ئەمڕۆ دادەنرێت. هەر سیستەمێکی سیاسی، هەوڵ دەدات لەسەر بنەمای خواستە تیۆری و ڕاستینەکانی خۆی، بەرپرسان و نوخبە سیاسییەکانی خۆی پەروەردە و دەستنیشان بکات. گرنگیی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نوخبە کەسانێکن کاریگەرییان هەیە لەسەر پرۆسەی بڕیاردانی وڵات و، ئەگەر کەسانی بە توانا و لێهاتوو بن، ئەوا دەتوانن ببنە سەرچاوەی گەلێک گۆڕانی ئەرێنی و باش لەنێو کۆمەڵگە. ئەگەر پێچەوانەکەشی بێت، ئەوا دەبنە سەرچاوەی نەهامەتی بۆ وڵاتەکەیان.

یەکێک لە پێویستییە سەرەکییەکانی ئەم پرۆسەیە، کەڵکوەرگرتنە لە توانا و پۆتانسیەلەکانی ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگە و، ناسینی کەسانی لێهاتوو و خاوەن بەهرە بۆ ئەوەی کار و ئەرکەکانیان پێ بسپێردرێت. بەم پێیە نوخبە سیاسییەکان، بە مەکینەی بزوێنەری نوخبەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگە دادەنرێن و پێگەیەکی دیار و بەرجەستەیان هەیە لە پرۆسەی شایستەسالاری و پێشخستنی کۆمەڵگە. لە سیستەمە کلاسیکییەکانی ڕابردوودا، پێدانی پۆستە سیاسی و سەربازییەکان بە گوێرەی پێوەری بنەماڵەیی دەبوو. ئەمڕۆش مۆدیلەکانی بنەماڵەسالاری، گرووپسالاری و حیزبسالاری لە گەلێک لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردنی جیهاندا هەر ماون و پەیڕەو دەکرێن.

لە هەرێمی کوردستانیش، بە درێژایی سێ دەیەی ڕابردوو پێوەری سەرەکی بۆ پێدانی پۆست و پلە و پایەکان، حیزبسالاری و خێڵسالاری و گرووپسالاری بووە، ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی شایستەسالاری پشتگوێ بخرێت و پێوەری یەکەم نەبێت بۆ دەستنیشانکردنی نوخبەی دەسەڵاتداری سیاسی و کارگێڕی لە کوردستان.

لە پێدانی پۆست و پایەدا لەم وڵاتە، زیاتر لەوەی ڕەچاوەی توانای کەسەکان و پسپۆڕی و لێهاتووییان بکرێت، پتر ڕازیکردنی حیزب و خێڵ و عەشیرەت و گرووپەکان لە بەرچاو گیراون. ئێستا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەردەم پێکهێنانی کابینەی نوێی خۆیدایە، حەقوایە ستراتیژێکی نوێ لە بواری جێگۆڕکێی نوخبە لەسەر کۆمەڵێک بنەمای پیشەیی و پسپۆڕی و پێویستییە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگە بگرێتە بەر و ماڵ تەکاندنێکی باش لەم بوارەدا پەیڕەو بکات. کەسانێکی زۆر هەن کە بە درێژایی سێ دەیەی ڕابردوو لە پۆستە سیاسی و کارگێڕییە باڵاکانی ئەم وڵاتەدا باڵادەست بوون و نەک هەر موعجیزەیەکی ئەوتۆیان لێ نەبینرا، بەڵکوو ڕێگریش بوون لەبەردەم سەرکەوتنی کەسانی شایستەتر بۆ وەرگرتنی ئەو پۆست و پلانە. لە کۆمەڵگە ئازاد و دیموکراتەکاندا، جێگۆڕکێی نوخبە لەسەر کۆمەڵێک پێوەر و ڕێسای عەقڵانی و لۆژیکی و بە دوور لە پێوەرە کەسی و تایبەتییەکان ئەنجام دەدرێت. چونکە دواجار دەبێ حکومەت لە خزمەت چاکەی گشتیدا بێت و، لە ئەگەری پشتگوێخستنی جێگۆڕکێی نوخبە، چینێکی نوخبەی هەمیشە باڵادەست، دەسەڵاتی وڵات بە دەستەوە دەگرن کە ئەمەش کۆمەڵگە بەرەو بەئۆلیگارشیبوونی سیستەمی دەسەڵاتداری دەبات و هەڕەشە لە بنەماکانی دیموکراسی دەکات. ئامانجی جێگۆڕکێی نوخبە بەدیهێنانی دادپەروەری، شایستەسالاری، حوکمڕانیی باش، بە دەزگاییکردنی ڕکابەریی سیاسی و ڕەوایی و لێهاتوویی سیستەمی سیاسییە. ئەزموونی وڵاتانی وەک فەرەنسا، بەریتانیا، ئیتاليا، کۆریای باشوور، سەنگاپوورە، چین و مالیزیا دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە مرۆڤە نوخبە و شایستەکان دەتوانن ببنە هۆکاری گەشەکردن و قەڵەمبازی سیاسی، ئابووری و پیشەسازیی وڵات. هەموو پێشکەوتنەکانی ئەو وڵاتانە، دەرئەنجامی توانا، لێهاتوویی و لێزانیی بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی نوخبە و هزرمەند بووە کە بە دروستی پەروەردە کراون و لە شوێنی شیاوی خۆیان دانراون و بوونەتە سەرچاوەی گۆڕان و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە.

لە وڵاتانی گەشەکردوو، لە کاتی بڕینەوەی درەختی دارستانەکان، پێش ئەوەی درەختێک ببڕنەوە، درەختێکی دیکە لە تەنیشتی دەچێنن و، پاش دڵنیابوون لە گەشەکردن و هەڵچوونی ئەو درەختە، ئینجا درەختە کۆنەکە دەبڕنەوە، بە وتەیەکی تر پێش بڕینەوەی درەختەکە، جێگرەوەکەی دەستنیشان دەکەن. هەربۆیە یەکێک لە ئەرکەکانی هەر دامودەزگایەکی حکومی بریتییە لە پەروەردەکردنی کەسانی شایستە و جێگرەوەی بەڕێوەبەرانی کۆنی ئەو دەزگایە، بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا تووشی گرفت نەبن. هەربۆیە، نوخبەکان دەبێ پەروەردە بکرێن، نەک چاوەڕێ بکەین هەتا لە دایک ببن، زانایی لەم سەردەمەدا توانایی دروست دەکات. ئەو دەزگا و سیستەمەی کە بیر لە ئایندە نەکاتەوە، لە گەیشتن بە ئامانجەکانی تووشی گرفتی جیدی دەبێت. سیستەمی ئایندەبین ئەو سیستەمەیە کە بیر لە ئایندە و پەروەردەکردنی نوخبە و جێگرەوەکانی دەکاتەوە و، لە هەمان کاتدا دەرفەتی شیاو بۆ جێگۆڕکێی ئەو نوخبانە دەڕەخسێنێ.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## شوکران ئاکتە: دەرهێنەرانی تورک بەکچانی کورد رازی نین

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
0750 488 56 96 - ...486 34 12
rudaw@rudaw...

# کوردێک پیرەکانی سوێد خەنی دەکات



**رووداو – ڤیکشۆ**

خانمێکی کورد لە سوێد خوانێک بۆ بەساڵاچووانی شارەکەی ئامادە دەکات و خواردنی کوردییان پێشکەش دەکات.

لاڤیار کە خانمە شێفێکی خەڵکی باشووری کوردستانە، ماوەی 16 ساڵە لە رێستورانتەکانی سوێد کار دەکات، ئێستا لە شاری ڤیکشۆ نیشتەجێیە. لاڤیار ئێستا لە چێشتخانەیەکی شارەکە کاردەکات کە خواردن بۆ بەساڵاچووان ئامادە دەکات.

لاڤیار رۆژی شەشی ئەم مانگە خوانێکی کوردی تایبەتی بۆ ژمارەیەک لە بەساڵاچووانی شاری ڤیکشۆ ساز کرد و چەندین جۆری خواردن و شیرینی کوردی ئامادە کرد. بە گوتەی ئەو "بەساڵاچووەکان بەم ئێوارەخوانە دڵخۆش بوون".

ئەو خانمە شێفە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئامانج لەم چالاکییە ناساندنی زیاتری کولتوور، جلوبەرگ و خواردنی کوردی بوو بە سوێدییەکان".
لەو شوێنە ئاڵای کوردستان هەڵواسرابوو، لاڤیار و خانمە شێفێکی سوێدی، جلی کوردییان پۆشیبوو.

# کەرکووکی دەوەستێ



**رووداو – هەولێر**

هونەرمەندی گۆرانیبێژ حەمەڕەئووف کەرکووکی دوایین ئەلبوومی گۆرانی بڵاودەکاتەوە و بڕیار دەدات چیدی ئەلبوومی گۆرانی بڵاونەکاتەوە.

حەمەڕەئووف کەرکووکی، هۆکاری ئەو بڕیارەی بۆ (رووداو) ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "کارەکانی دوایین ئەلبوومم لە قۆناغی کۆتاییدایە کە بەنیازم ساڵی داهاتوو بڵاوی بکەمەوە. بەڵام ئیدی ئەلبووم دروستناکەم، چونکە خەڵکی کوردستان ئەلبووم ناکڕن، مافی کۆپی رایت لە کوردستان نییە، تۆ ئەمڕۆ ئەلبوومێک بڵاودەکەیتەوە، بەیانی کۆپییەکەی لە بازاڕە".

حەمەڕەئووف کە لە کەرکووک لەدایکبووە و لە سلێمانی نیشتەجێیە، ساڵانێکی زۆر دووکانی بەرگدرووی هەبووە و دەڵێت دووکانەکەی مەڵبەندی کۆبوونەوەی هونەرمەندانی کورد بووە و زۆر لە گۆرانییەکانیشی هەر لە دووکانەکەیدا لەدایکبوون.
هەروەها دەڵێت: "جلی بۆ زۆربەی هونەرمەندانی هەولێر و سلێمانی دروویەوە و زۆر جاریش جلەکانی لێ سەقەت کردوون".

10 »

# گەرناس واتساپ دەکوردێنێ

**کوڵبەمار ئاڵتاش**
**رووداو – ئێلیە**

گەنجێکی باکووری کوردستان، دوای هەوڵێکی زۆر، زمانی کوردی خستە نێو زمانە سەرەکییەکانی واتساپ.
ئەو گەنجە تەمەن 25 ساڵە کە خۆی بە گەرناس ناساندووە، بەهۆی خراپیی باری داراییەوە، لە قۆناغی دواناوەندی وازی لە خوێندن هێناوە. ئێستا لە ئیستانبوڵ کرێکاری بیناسازییە. گەرناس بە (رووداو)ی گوت: "هەموو ئاواتم ئەوەیە زمانی کوردی بخرێتە لیستی زمانە جیهانییەکان لە ئەپلیکەیشنە نوێیەکاندا. چەند توێژینەوەیەکم کرد بۆ زیادکردنی زمانی کوردی بۆ سەر سیستەمی ئەندرۆید، بەداخەوە نەگەیشتمە مەبەست. دواتر هەوڵەکانم بۆ واتساپ چڕکردەوە و بۆم دەرکەوت کە دەتوانرێت زمانی کوردی بۆ ئەم ئەپلیکەیشنە بەناوبانگە دابنرێت".
گەرناس ماوەی پێنج مانگ هەوڵیداوە تاوەکو توانیویەتی لە رێگەی ئەپێکەوە زمانی کوردی بۆ واتساپ زیاد بکات، ئێستا دەتوانرێ ئەپەکەی گەرناس بۆ سەر ئەو مۆبایلانە دابەزێنرێ کە بە سیستمی ئەندرۆید کار دەکەن. بەڵام دەڵێت "بەداخەوە تاوەکو ئێستا واتساپ بەفەرمی رەزامەندی دەرنەبڕیوە بۆ زیادکردنی زمانی کوردی، بۆیە ناتوانرێت زمانی کوردی بخرێتە سەر AppStore و دەبێ لە رێگەی ئەپلیکەیشنەکەی منەوە بۆی زیاد بکرێ".




# بە پارەی خۆیان دەچنە زیندان



**رووداو – هەولێر**

بەرپرسی گرتووخانەی ناوەندی هۆنگچیۆن لە کۆریای باشوور رایگەیاند، لە ساڵی 2013وە تاوەکو ئێستا زیاتر لە 2000 کەس بە ویستی خۆیان و لە بەرامبەر پێدانی پارە خۆیان بەندکردووە.
سەعاتی کارکردن لە کۆریای باشوور زۆرە و ئەمەش کۆرییەکانی بێزار کردووە، بۆ دەربازبوون لە سترێسی کارکردن. ناچارن روو لە گرتووخانەکان بکەن و بەویستی خۆیان لە بەرامبەر پێدانی پارە خۆیان بچنە زیندانەوە، ئەوان دەڵێن لە زیندان هەست بە ئاسوودەیی دەکەن. بەشێکی زۆر لەوانەی روویان لە گرتووخانەکان کردووە، داوای ژووری تاکەکەسییان کردووە و هەفتانە 90 دۆلار بۆ ژوورێک دەدەن. ئەوانەی دەچنە زیندانەوە دەبێ پابەندبن بە رێساکانی بەندیخانە لەوانە نابێ مۆبایل بەکاربێنن و دەبێ جلی شین بپۆشن. زیندانییەکان رۆژانە دوو ژەم خواردن وەردەگرن. بەیانیان برنجی زۆر کوڵاو و ئێوارانیش پەتاتە و شەربەتی مۆز دەخۆن. خەڵکی کۆریای باشوور ساڵانە 2024 سەعات کاردەکەن. سێیەم وڵاتن دوای مەکسیک و کۆستاریکا کە زۆرترین سەعات کاردەکەن.

# ئەڵمان ئاوی کوردستان دەخۆنەوە




**رووداو – دوسڵدۆرف**

کۆمپانیایەکی کوردی بۆ بەرهەمهێنانی ئاوی کانزایی، فرۆشی بەرهەمە ئاوییەکانی خستە بازاڕەکانی ئەڵمانیاوە. لە شاری دوسڵدۆرفی ئەڵمانیا 45 سەرمایەداری کورد بەهاوبەشی، کۆمپانیایەکیان بەناوی "کۆمپانیای ماد بۆ بەرهەمەکانی خواردنی ئامادە و ئاوی کانزایی" دامەزراند و بەرهەمی ئاوی کانزاییان بەناوی "ئاڤا مە" خستە بازاڕەکانی ئەڵمانیاوە.
نیازی ئۆزتاش کە یەکێکە لە هاوبەشانی ئەم پرۆژەیە، گوتی کە جگە لە بازاڕەکانی ئەڵمانیا، لە داهاتوویەکی نزیکدا ئاوی کانزایی بەسەر هەموو بازاڕەکانی وڵاتانی ئەورووپاشدا دابەش دەکەن.
هەروەها دەڵێت: "کۆمپانیاکەمان هەموو جۆرە بەرهەمێکی خواردن و خواردنەوەی ئامادەکراو و لەقوتوونراو بەرهەمدێنێ، ستراتیژییەتی کارکردنیشمان ئەوەیە کە ناوی سەرجەم بەرهەمەکانمان کوردی بن. ئامانجمانە بەرهەمە کوردییەکانمان بە کۆ دابەشی سەر هەموو مارکێت و دووکانەکان بکەین، بۆ ئەوەی وەک براندێک بناسرێ".
ئۆزتاش ئاماژەی بەوەدا "ئاڤا مە" لە بازاڕەکانی ئەڵمانیا خواستی زۆری لەسەرە، لە فەرەنسا و بەریتانیاش داواکاری هەیە.

# قاوەی فەرحان گەیشتە کوردستان



**رووداو – هەولێر**

هاووڵاتییەکی رۆژئاوای کوردستان قاوەخانە گەڕۆکەکەی لە ئیمارات و لوبنان و ئێرانەوە دەگوازێتەوە باشووری کوردستان.
فەرحان حوسێن کە پەنابەرێکی کوردی رۆژئاوای کوردستانە، چەندین ساڵە قاوەخانەیەکی گەڕۆکی داناوە، ئێستا لە باشووری کوردستان ئەم کارە دەکات. فەرحان بە (رووداو)ی گوت: "پێشتر لە ئیمارات و لوبنان و ئێران کافتریا و قاوەخانەی گەڕۆکم هەبووە و ئێستا هاتوومەتە باشووری کوردستان، دڵخۆشم لە نیشتیمانی خۆم ئەو کارە دەکەم".
فەرحان دەڵێت ئەو قاوەیەکی زۆر تایبەت پێشکەشی میوانەکانی دەکات و بیرۆکەی دروستکردنی قاوەکەشی لە خانمێکی ئەسیوپی وەرگرتووە و پلانی هەیە بیکاتە براندێکی تایبەت بەخۆی و ناوی خۆی بخاتە سەر.
فەرحان ئێستا لەسەر رێگای سەرەکیی نێوان دهۆک – هەولێر کەرڤانەیەکی داناوە. لەوێ قاوە و چایی دەداتە رێبواران.